حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە - فاکەڵتیی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

# ڕێگاکانی دەربڕینی چەمکی کات لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی فاکەڵتیی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

لە لایەن

**سمیه علی محمود**

بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی فاکەڵتیی پەروەردە زانکۆی ڕاپەڕین-٢٠١٢

بە سەرپەرشتی

**پ.ی.د. شێروان حسێن حمد**

(٢٧٢٣)ی کوردی

(٢٠٢٣)ی زایینی

## بەڵێننامە

من، کە ناو و واژۆم لە خوارەوە هاتووە، بەڵێندەدەم ئەم ماستەرنامەیە، بە ناونیشانی (ڕێگاکانی دەربڕینی چەمکی کات لە زمانی کوردیدا)یە، بە چاودێری سەرپەرشت کارەکانم ئەنجامداوە، جگە لەو شوێنانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردون، هەمو نوسین و ئەنجامەکان کاری سەربەخۆ و ڕەسەنی خۆمن، پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردووەتەوە و پێشکەشی هیچ کەس و لایەنێکم نەکردووە، بۆ ئەوەی بڕوانامەی پێوەربگرم. بەڵێندەدەم، لە هەر شوێنێک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژۆ

سمیه علی محمود

## پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشت

ئەم نامەیە، بە ناونیشانی (ڕێگاکانی دەربڕینی چەمکی کات لە زمانی کوردیدا)یە، بە چاودێری و سەرپەرشتیی من، لە لایەن (سمیە علی محمود) لە فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە ئامادەکراوە، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ.ی.د. شێروان حسێن حمد

ڕۆژ ٩ / ١٠ / ٢٠٢٣

## ڕەزامەندیی سەرۆک بەش

لەسەر پێشنیازی سەرپەرشتی نامەکە، کە ناو و واژۆی لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە، ئەم نامەیە بە ناونیشانی (ڕێگاکانی دەربڕینی چەمکی کات لە زمانی کوردیدا)یە، لە لایەن خوێندکار (سمیه علی محمود) ئامادەکراوە و پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆی دەکەم بۆ تاوتوێکردن.

واژۆ

پ.د. دەریا جەمال حەوێزی

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ/١٦/ ١٠ / ٢٠٢٣

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی (ڕێگاکانی دەربڕینی چەمکی کات لە زمانی کوردیدا) خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکار (سمیه علی محمود) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا بە پلەی (            )، بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردی پێبدرێت.

واژۆ:
پ.ی.د. لیلی جلیل عباس
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ ٦ / ١٢ / ٢٠٢٣

واژۆ:
پ.ی.د. صلاح حویز رسول
ئەندام
ڕۆژ ٦ / ١٢ / ٢٠٢٣

واژۆ:
پ.ی.د. نازەنین جلال احمد
ئەندام
ڕۆژ ٦ / ١٢ / ٢٠٢٣

واژۆ:
پ.ی.د. شێروان حسێن حمد
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ ٦ / ١٢ / ٢٠٢٣

---

لەلایەن ئەنجومەنی فاکەڵتیی پەروەردە / زانکۆی کۆیە پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پ.  .د. سەفین جلال فەتحوڵلا
ڕاگری فاکەڵتیی پەروەردە
ڕۆژ ٦/١٢/ ٢٠٢٣

# پێشکەشە بە

- دایکی ماندونەناسم و گۆڕی گومی باوکم، کە دەستی ڕەشی بەعس لێنەگەڕا بەبینینی یەکتر شادبین.

- هاوسەر و جگەرگۆشەکانم (ئاهی و ئاوان و ئایە).

- هەمو خوێنەرانی زمانی کوردی.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و ڕێز بۆ:

- مامۆستای قۆناغی خوێندنی بە کالۆریۆس و ڕێنیشاندەر و هاوکاری ئەمڕۆم، بەڕێز (پ.ی.د. شێروان حسێن حمد)، کە دڵسۆزانە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ.

- سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە و سەرۆکایەتیی بەشی زمانی کوردی، کە دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساندم.

- سوپاسی نوسەر و فەرهەنگنوس (عەبدولوەهاب شێخانی) دەکەم، کە فەرهەنگی داتای لێکۆڵینەوەکەی بە دیاری بۆ ناردم و وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە.

- سوپاس بۆ هەمو ئەو مامۆستایانەی لە خوێندنی ماستەر وانەیان پێوتین و ڕێگەیان پیشاندان.

- هەمو ئەو هاوڕێ و بەڕێزانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوکاریانکردوم.

- هاوسەر و هاوڕێی ژیانم (ئیسماعیل ئیبراهیم)، کە بەردەوام پاڵپشتم بووە.

# هێما و کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوە | واتاکەی |
| --- | --- |
| "   " | وەرگرتنی دەق |
| /   –/ | پاشگر |
| /–   / | پێشگر |
| Ø | مۆرفیمی سفر |
| * | نارێزمانی |
| م.کات | مۆرفیمی کات |
| م.ڕێزمانی | مۆرفیمی ڕێزمانی |
| م.فه.کات | مۆرفیمی فەرهەنگی کات |
| م.ڕ.کات | مۆرفیمی ڕێزمانی کات |
| م.ب.ڕ.کات | مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کات |
| م.کاتی ڕابردو | مۆرفیمی کاتی ڕابردو |
| ن.چاوگ | نونی چاوگ |
| ف.کا | فرێزی کاری |
| ف.نا | فرێزی ناوی |
| ڕ.کار | ڕەگی کار |
| ج.لکاو | جێناوی لکاو |
| ف.ها.کاتی | فرێزی هاوەڵکاری کاتی |
| ف.ها.شوێنی | فرێزی هاوەڵکاری شوێنی |
| ف.ها.چۆنیەتی | فرێزی هاوەڵکاری چۆنیەتی |

# لیستی زاراوەکان

| کوردی | ئینگلیزی |
| --- | --- |
| هاوەڵکار | Adverb |
| هاوەڵکارئاسا | Adverbial |
| فریزی هاوەڵکاری | Adverbial phrase |
| سەربار | Adjunct |
| ئامرازی گەیەنەر | Article |
| مۆرفیمی بەند | Boud morpheme |
| ڕستەی ئاڵۆز | Complex Sentence |
| تەواوکەر | Complement |
| پاڕستە | Dependent clause |
| شاڕستە | Independent clause |
| مۆرفۆلۆژی | Morphology |
| جێکەوتە | Position |
| پێشگر | Prefix |
| فریز | Phrase |
| سینتاکس | Syntax |
| پاشگر | Suffix |
| کاتی زمانی | Tense |
| کات | Time |
| مۆرفیمی سفر | Zero morpheme |

# پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ پیشاندانی ڕێگاکانی دەربڕینی چەمکی کات لە زمانی کوردیدا، کات شتێکی دانەبڕاوە لە ژیانی مرۆڤدا، گرنگییەکی زۆری هەیە و پەیوەندیی بە هەمو لایەنەکانی ژیانەوە هەیە، چونکە هەمو شتێک لە کاتدا ڕودەدات، بۆیە پەیوەندیی بە هەمو زانستێکەوە هەیە. کات لە سروشتدا و لە زماندا بونی هەیە، بەڵام جیاوازن، کات لە سروشتدا ئەو کاتەیە، کە ڕوداوەکانی تێدا ڕودەدەن، لە زماندا بە کەرەستەی زمانی گوزارشتی لێدەکەین.

لە زماندا چەمکی کات بە ڕێگە و شێوازی جیاجیا پیشاندەدرێت، چونکە دەربڕینی، پێویستییەکی قسەپێکەرانی زمانە. کاتێک دانە مۆرفۆلۆژییەکان لە یەکتری هەڵاوێر دەکرێن، هەریەکەیان بە ئەرکی گەیاندنی چەمکێک یان واتایەک ڕادەبن. ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدوای ئەو دانە مۆرفۆلۆژیانەدا دەچێت، کە چەمکی کاتیان نواندووە، هەندێک لەوانە وشەن، هەندێکیان مۆرفیمی بەندن. وشەکان سەر بە کەتیگۆری جیاوازن لەوانە ناو و هاوەڵکار. هەروەها مۆرفیمە بەندەکانیش یان مۆرفیمی بەندی ڕێزمانین، یان مۆرفیمی بەندی فەرهەنگین. ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدوای بەرهەمی هەریەک لەم پۆلە جیاوازانەی وشە و مۆرفیمانەدا دەچێت، کە ئەم چەمکە دیاریکراوە پیشاندەدات و ڕادەی بەبەرهەمیی هەریەکەیان لە زمانی کوردیدا دەخاتەڕو. بە پشت بەستن بە فەرهەنگەکانی زمانی کوردی و گوتنەکانی زمانی کوردی.

لە ئاستی سینتاکسدا، باس لە یەکە سینتاکسییەکان کراوە، پاشان ئەو یەکە سینتاکسییانەی چەمکی کات دەگەیەنن خراونەتەڕو، کە بە چەند ڕێگا لە سینتاکسدا دەتوانین کات دەربببڕین. هەروەها هاتنی ئەو یەکە سینتاکسییانەی چەمکی کات دەگەیەنن، ئایا کەرەستەیەکی بەخورتین یان سەرپشکیین. هەروەها جۆر و پێکهاتە و شێوازی دەرکەوتنیان لە ڕستەدا دەستنیشانکراوە. لە کۆتاییدا بۆ هەر بابەتێک بەپێی ڕێژەی بە شداریکردن و دەرکەوتنیان لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس، بە ئامار بە پێی سیستەمی (SPSS) خراونەتەڕو.

وشە کلیلەکان: کات، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکان، مۆرفیمی بەند، دەمکات، هاوەڵکاری کات، فریز، پاڕستە.

# ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| 1 | **پێشەکی** |
| 1 | ٠-١: ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ٠-٢: هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ٠-٣: سنورو کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ٠-٤: ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە |
| 1 | ٠-٥: گرنگیی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٠-٦: ختسنەڕوی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٠-٧: بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| ٤-٢٥ | بەشی یەکەم: چەمکی کات پەیوەست بە زمان و زانستەکانی ترەوە |
| ٤ | ١-١: چەمک و زاراوەی کات |
| ٧ | ١-٢: پێوانەکانی کات |
| ١١ | ١-٣: کات لە چەند زانستێکی تردا |
| ١١ | ١-٣-١: کات لە فیزیادا |
| ١٣ | ١-٣-٢: کات لە فەلسەفەدا |
| ١٥ | ١-٣-٣: کات لە ئاینناسیدا |
| ٢٠ | ١-٣-٤: کات لە ئەدەبیاتناسیدا |
| ٢٢ | ١-٣-٥: کات لە زماندا |
| ٢٢ | ١-٣-٥-١: کاتی نازمانی |
| ٢٣ | ١-٣-٥-٢: کاتی زمانی |

| بەشی دووەم: کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکانی کات لە زمانی کوردیدا | ٢٦-٦٣ |
|---|---|
| ٢-١: مۆرفۆلۆژی و یەکەکانی ئاستی مۆرفۆلۆژی | ٢٦ |
| ٢-١-١: مۆرفۆلۆژی دارشتن | ٢٧ |
| ٢-١-٢: مۆرفۆلۆژی ڕێزمانی (گەردانیکردن) | ٢٨ |
| ٢-٢: کەرەستەکانی مۆرفۆلۆژی | ٢٨ |
| ٢-٢-١:مۆرفیم | ٢٩ |
| ٢-٢-١-١: لە ڕوانگەی دەرکەوتنیان | ٣٠ |
| ٢-٢-١-١-١: مۆرفیمی سەربەخۆ | ٣٠ |
| ٢-٢-١-١-٢: مۆرفیمی بەند | ٣١ |
| ٢-٢-١-٢: لە ڕوانگەی چەمک و واتاوە | ٣١ |
| ٢-٢-١-٢-١: مۆرفیمە فەرهەنگییەکانی کات | ٣١ |
| ٢-٢-١-٢-٢: مۆرفیمە ئەرکییەکان (ڕێزمانییەکان) | ٣١ |
| ٢-٢-٢: وشە | ٣٤ |
| ٢-٢-٣: دەستەواژەی فەرهەنگی (بەلێکسیمبون) | ٣٦ |
| ٢-٣: وشەکانی کات | ٣٧ |
| ٢-٣-١: ناوی کات | ٣٨ |
| ٢-٣-٢: هاوەڵکاری کات | ٤٠ |
| ٢-٤: سروشت و تایبەتمەندیی وشەکانی کات | ٤٢ |
| ٢-٤-١: وشەکانی کات لەڕوی پێکهاتەوە | ٤٣ |
| ٢-٤-١-١: وشە سادەکانی کات | ٤٣ |
| ٢-٤-١-٢: وشە دارێژراوەکانی کات | ٤٤ |
| ٢-٤-١-٣: وشە لێکدراوەکانی کات | ٤٤ |

| | |
|---|---|
| ٢-٤-٢: وشەكانی كات لەڕوی بنجەوە | ٤٦ |
| ٢-٤-٢-١: وشە ڕەسەنەكانی كات | ٤٦ |
| ٢-٤-٢-٢: وشە خوازراوەكانی (وەرگیراوەكانی )كات | ٤٧ |
| ٢-٥: پۆلێنكردنی وشەكانی كات لەسەر بنەمای ڕێڕەوی كات | ٤٨ |
| ٢-٥-١: كاتی ڕابردو | ٤٩ |
| ٢-٥-٢: كاتی ئێستا | ٤٩ |
| ٢-٥-٣: كاتی داهاتو | ٤٩ |
| ٢-٦: دەستەواژە فەرهەنگییەكانی كات | ٥١ |
| ٢-٧: مۆرفیمە بەندەكانی كات | ٥١ |
| ٢-٧-١: مۆرفیمەبەندە فەرهەنگییەكانی كات | ٥٢ |
| ٢-٧-٢: مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەكانی كات | ٥٣ |
| ٢-٨: مۆرفیمە بەندەكانی كات لەسەر بنەمای ڕێڕەوی كات | ٥٤ |
| ٢-٨-١: مۆرفیمەبەندەكانی كاتی ڕابردو | ٥٥ |
| ٢-٨-٢: مۆرفیمەبەندەكانی كاتی ڕانەبردو | ٦٢ |
| ٢-٩: پۆلێنی مۆرفیمە بەندەكانی كات لەسەر بنەمای دەركەوتنیان | ٦٢ |
| ٢-٩-١: مۆرفیمە پێشگرەكانی كات | ٦٢ |
| ٢-٩-٢: مۆرفیمە پاشگرەكانی كات | ٦٢ |
| بەشی سێیەم: كەرەستە سینتاكسییەكانی كات لە زمانی كوردیدا | ٦٤-١١٦ |
| ٣-١سینتاكس و یەكەكانی | ٦٤ |
| ٣-١-١: فرێز | ٦٧ |
| ٣-١-١-١: جۆرەكانی فرێز | ٦٧ |
| ٣-١-١-١-١: فرێزی ناوی | ٦٨ |

| | |
|---|---|
| ٣-١-١-١-٢: فرێزی هاوەڵناوی | ٦٨ |
| ٣-١-١-١-٣: فرێزی هاوەڵکاری | ٦٩ |
| ٣-١-١-١-٤: فرێزی بەند | ٦٩ |
| ٣-١-١-١-٥: فرێزی کاری | ٧١ |
| ٣-١-٢: ڕستە | ٧١ |
| ٣-١-٢-١: پۆلێنکردنی ڕستە | ٧٤ |
| ٣-١-٢-١-١: جۆرەکانی ڕستە لەڕوی ناوەڕۆکەوە (گەیاندنی واتا) | ٧٤ |
| ٣-١-٢-١-١-١: ڕستەی هەواڵی (ڕاگەیاندن) | ٧٤ |
| ٣-١-٢-١-١-٢ ڕستەی پرسیاری | ٧٥ |
| ٣-١-٢-١-١-٣: ڕستەی سەرسوڕمان | ٧٥ |
| ٣-١-٢-١-١-٤: ڕستەی فەرماندان | ٧٦ |
| ٣-١-٢-٢: جۆرەکانی ڕستە لەڕوی پێکهاتنەوە (ڕۆنان) | ٧٦ |
| ٣-١-٢-٢-١: ڕستەی سادە | ٧٧ |
| ٣-١-٢-٢-٢:ڕستەی لێکدراو | ٧٨ |
| ٣-١-٢-٢-٣: ڕستەی ئاڵۆز | ٨٠ |
| ٣-٢: ڕێگاکانی پیشاندانی کات لە ئاستی سینتاکسدا | ٨٢ |
| ٣-٢-١: فرێزی هاوەڵکاری کاتی | ٨٢ |
| ٣-٢-٢: پێکهاتەی فرێزی هاوەڵکاری کاتی | ٨٧ |
| ٣-٢-٢-١: فرێزی هاوەڵکاری کاتی سادە | ٨٧ |
| ٣-٢-٢-٢: فرێزی هاوەڵکاری کاتی ناسادە | ٨٨ |
| ٣-٢-٢-٢-١: لەڕێگەی داڕشتنەوە | ٨٨ |
| ٣-٢-٢-٢-٢: لەڕێگەی لێکدانەوە | ٨٩ |

| | |
|---|---|
| ٣-٢-٢-٢-٣: لە ڕێگەی فرێزی بەندەوە | ٩٠ |
| ٣-٣: ئەرکی فرێزی هاوەڵکاری کاتی | ٩٠ |
| ٣-٣-١: فرێزی هاوەڵکاری کاتی وەک سەربار | ٩١ |
| ٣-٣-٢: فرێزی هاوەڵکاری کاتی وەک تەواوکەر | ٩٣ |
| ٣-٤: پاڕستە و چەمکی کات | ٩٥ |
| ٣-٤-١: پاڕستە | ٩٥ |
| ٣-٤-٢: پاڕستەی هاوەڵکاری کات | ٩٦ |
| ٣-٥: پێکهاتەی پاڕستەی کات | ٩٩ |
| ٣-٦: دەرکەوتنی پاڕستەی هاوەڵکاری کات | ١٠١ |
| ٣-٦-١: سەرەتای ڕستە | ١٠٢ |
| ٣-٦-٢: ناوەڕاستی ڕستە | ١٠٢ |
| ٣-٦-٣: کۆتایی ڕستە | ١٠٣ |
| ٣-٧: دیاریکردنی کەرەستە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی کات لەناو دەقدا | ١٠٣ |
| ئەنجام | ١١٥ |
| لیستی سەرچاوە | ١١٧ |
| پاشکۆی ژمارە(١) | I |
| پاشکۆی ژمارە(٢) | xiii |
| الملخص | xv |
| Abstract | xiv |

## پێرستی وێنەکان


| لاپەڕە | وێنە |
|---|---|
| ٩ | وێنەی ژمارە (١) کاتژمێری هەتاوی |
| ٩ | وێنەی ژمارە (٢) کاتژمێری ئاوی |
| ١٠ | وێنەی ژمارە (٣) کاتژمێری لمی |
| ١٠ | وێنەی ژمارە (٤) کاتژمێری دیجیتاڵ |


## پێڕستی هێڵکارییەکان


| لاپەڕە | هێڵکارییەکان |
|---|---|
| ٦ | هێڵکاریی (١) ئاڕاستەکان |
| ٢٧ | هێڵکاریی (٢)  لقەکانی مۆرفۆلۆژی |
| ٣٣ | هێڵکاریی (٣) جۆرەکانی مۆڕفیم |
| ٣٧ | هێڵکاریی (٤) پۆلێنی وشەکانی کات |
| ٤٢ | هێڵکاریی (٥) سروشت و تایبەتمەندی وشەکانی کات |
| ٥٢ | هێڵکاریی (٦) مۆڕفیمەبەندە فەرهەنگییەکانی کات |
| ٥٣ | هێڵکاریی (٧)مۆڕفیمەبەندە ڕێزمانییەکانی کات |
| ٥٥ | هێڵکاریی (٨) جۆرەکانی کات لە مۆڕفیمی بەنددا |
| ٧٢ | هێڵکاریی (٩) پێکهاتەی ڕستە |

# پێڕستی خشتەکان


| لاپەڕە | خشتە |
|---|---|
| ٣٩ | خشتەی (١) ناوەکانی کات |
| ٤١ | خشتەی(٢) هاوەڵکارەکانی کات |
| ٤٣ | خشتەی (٣) وشە سادەکانی کات |
| ٤٤ | خشتەی (٤) وشە داڕێژراوەکانی کات |
| ٤٥ | خشتەی (٥) وشە لێکدراوەکانی کات |
| ٤٦ | خشتەی (٦) وشە ڕەسەنەکانی کات |
| ٤٨ | خشتەی (٧) وشە خوازراوەکانی کات |
| ٤٩ | خشتەی (٨) وشەکانی کاتی ڕابردو |
| ٤٩ | خشتەی (٩) وشەکانی کاتی ئێستا |
| ٥٠ | خشتەی (١٠) وشەکانی کاتی داهاتو |
| ٥١ | خشتەی (١١) دەستەواژە فەرهەنگییەکانی کات |
| ٦٢ | خشتەی (١٢) مۆرفیمە پێشگرەکانی کات |
| ٦٢ | خشتەی (١٣) مۆرفیمە پاشگرەکانی کات |
| ٦٦ | خشتەی (١٤) کەرەستەکانی ڕستە و ڕیزبونیان |
| ١٠٦ | خشتەی (١٥) ناوی کات لە هەردو کورتە چیرۆکدا |
| ١٠٤ | خشتەی (١٦) هاوەڵکاری کات |
| ١٠٥ | خشتەی (١٧) دەستەواژەی فەرهەنگی کات لە هەردو کورتە چیرۆکدا |
| ١٠٥ | خشتەی (١٨) مۆرفیمە بەندەکانی کات لە هەردو کورتە چیرۆکدا |
| ١١٠ | خشتەی (١٩) فرێزی کات لە هەردو کورتە چیرۆکدا |
| ١١١ | خشتەی (٢٠) پارستەی کات لە هەردو کورتە چیرۆکدا |

# پێڕستی ئامارەکان


| ئامارەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| ئاماری (١) خستنەڕوی وشەکانی کات | ٤١ |
| ئاماری (٢) وشەکانی کات لەڕوی پێکهاتەوە | ٤٥ |
| ئاماری (٣) وشەکانی کات لەڕوی بنجەوە | ٤٨ |
| ئاماری (٤) خستنەڕوی وشەکانی کات لەسەر ڕێڕەوی کات | ٥٠ |
| ئاماری (٥) پۆلێنی مۆرفیمە بەندەکانی کات | ٥٤ |
| ئاماری (٦) پۆلێنی مۆرفیمەکانی کات لەسەر بنەمای ڕێڕەوی کات | ٦١ |
| ئاماری (٧) پۆلێنی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کات لەسەر بنەمای دەرکەوتنیان | ٦٣ |
| ئاماری (٨) کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکانی کات | ١١٢ |
| ئاماری (٩) کەرەستە سینتاکسییەکانی کات | ١١٣ |
| ئاماری (١٠) کەرەستە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی کات | ١١٣ |

# پێشەکی

## ٠-١: ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (ڕێگاکانی دەربڕینی چەمکی کات لە زمانی کوردیدا)یە. هەوڵێکە بۆ دیاریکردن و خستنەڕوی ئەو کەرەسانەی چەمکی کات پیشاندەدەن. بواری لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدایە.

## ٠-٢: هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە

لە زماندا چەمکی کات ئامادەگییەکی بەردەوامی هەیە، لە قسەکردن و ئاخاوتن و نوسیندا، دانەی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە بەدوای ئەم دانانەدا دەچین، کە چین و چۆن چەمکی کات دەگەیەنن و بەرهەم و پێزیان چەندە؟

## ٠-٣: سنور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

نمونەی لێکۆڵینەوەکە لە زمانی قسەکردنی زمانی کوردی وەرگیراوە و بۆ پشتڕاستکردنەوە و پاسادانکردنیان، بۆ وشەکان پشت بە فەرهەنگەکانی (هەمبانە بۆرینە)ی هەژار موکریانی و (فەرهەنگی کات)ی عەبدولوەهاب شێخانی بەستراوە. لە ئاستی سینتاکسیشدا بۆ دەرخستنی ڕێژەی بەشداریکردنی فرێز و پارستەکانی کاتمان لە زمانی قسەپێکەرانی کوردی ناوەڕاست وەرگرتووە و لە کۆتاییدا کورتە چیرۆکی (هەڵپڕوکانی پەڕەی گوڵێک) و (ڕازا و دەریا)مان بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی بەرهەمی هەریەک لە کەرەستەکانی کات گەیەن لە زمانی کوردیدا.

## ٠-٤: ڕێبازی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێی ڕێبازی (وەسفی- ئاماری) ئەنجامدراوە، پرۆگرامی (SPSS) بۆ شیکردنەوەی داتاکان بەکارهاتووە.

## ٠-٥: گرنگیی لێکۆڵینەوەکە

کات گرنگییەکی بەرچاوی لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدایە هەیە، کە لە پێکهاتەی ڕستەی سادە و ناسادە بونی هەیە، بە جۆرێک هیچ ڕستەیەک یان کارێک بەبێ مۆرفیمی کات دروستنابێت،

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە، کە کەرەستە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان بە پێی بەشداریکردنیان لە پێکهاتەی ڕستەدا بۆ چەند جۆرێک پۆلێنکراون، کە بە وردی ڕادەی بەژداریکردنی هەریەکەیان بە داتا خراوەتەڕو. لە پۆلێنکردن و هەڵاوێرکردنی کەرەستەکانی زمانی کوردیدا تاکو ئێستا بەوردی چەمکی هەریەکەیان بە دیاریکراوی ڕوننەکراوەتەوە، بۆیە زۆر جار چەمکی جیاجیا و پۆلێنی جیاجیا دەبینین، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە دوای گرفتی دیاریکردنی چەمکی کاتدا دەچێت لە زمانی کوردیدا، کە بە چ ڕێگەیەک و بە چ کەرەستەیەک دەگەیەنرێت.

## ٠-٦: خستنەڕوی پرسیاری لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات، وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١- کات چۆن لە زماندا ڕەنگدەداتەوە، بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا؟

٢- بە چەند ڕیگا دەتوانیین کات دەربڕین لە زماندا؟

٣- دیاریکردنی سستی و چالاکی مۆڕفیمە بەندەکانی کات؟

٤- لە نێوان کەرەستەی مۆرفۆلۆژی و کەرەستەی سینتاکسی کات گەیەن، کامیان زیاتر دەردەکەوێت و بەکاردێت؟

## ٠-٧: بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە سێ بەش پێکهاتووە، **بەشی یەکەم:** بەشی تیۆری کارەکەیە و بە ناونیشانی (چەمکی کات پەیوەست بە زمان و زانستەکانی ترەوە)، کە چەمک و پێناسەی کات ڕونکراوەتەوە، هەروەها ڕوانین بۆ چەمکی کات لە کۆنەوە تا ئێستا چۆنە. هەروەها گرنگیی کات پەیوەست بە زانستەکانی فیزیا و فەلسەفە و ئایینی و ئەدەب و زمان ڕونکراوەتەوە، پاشان جیاوازیی کاتی زمانی و نازمانی خراوەتەڕو.

**بەشی دووەم:** بە ناونیشانی (کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکانی کات لە زمانی کوردیدا)، باسی مۆرفۆلۆژی و دانەکانی ئەم ئاستە دەکرێت. باسی هەریەک لەو کەرەستانە دەکرێت، کە چەمکی کات پیشاندەدەن، کە بریتین لە وشە و مۆرفیمی بەند. هەروەها وشەکانی کات لەڕوی پێکهاتە و لەڕوی بنجەوە لەڕوی دەرکەوتنیان دەخرێتەڕو، پاشان پۆلێنی وردی هەریەکەیان دەکات و توانا و بەرهەمیان بە ئامار پیشاندەدرێت

**بەشی سێیەم:** ئەم بەشە بە ناونیشانی (کەرەستە سینتاکسییەکانی کات لە زمانی کوردیدا)یە، کە دانە سینتاکسییەکان و جۆرەکانیان خراونەتەڕو، ڕێگاکانی نیشاندانی کات لە سینتاکسدا دەستنیشانکراوە، پاشان پێکهاتە و دەرکەوتنی کەرەستە کات گەیەنەرەکانی سینتاکس خراونەتەڕو، لەگەڵ پیشاندانی بەشداریکردنی کەرەستە کات گەیەنەکانی سینتاکس. لە کۆتاییشدا بەرهەمی و بەشداریکردنی هەریەکە لەو کەرەستانەی چەمکی کاتیان تێدایە لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس لە ناو دەقدا خراوەتەڕو، پاشان بە داتا نیشاندراوە، کە کام کەرەستە زیاتر بەکاردێت و دەرکەوتنی زیاتری هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش دوو کورتە چیرۆک کراوەتە کەرەستەی شیکاری.

# بەشی یەکەم

# چەمکی کات پەیوەست بە زمان و زانستەکانی ترەوە

## ١-١: چەمک و زاراوەی کات

هەرچەندە وشەی کات سادەیە و لە سێ فۆنیم پێکهاتووە، بەڵام چەمک و واتایەکی ئاڵۆزی هەیە. وشەی کات دەکرێت زیاتر لە واتایەک ببەخشێت، "بە مانای (کاتێکی کورت) وەک ماوەیەکی کەم پێش ئێستا، یاخود (کاتی فیرعەونەکان)، کە ٣٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەکات. هەروەها دەکرێت مەبەست لەو کاتە بەردەوامەش بێت، کە لە سەرەتای گەردونەوە، هەتا ئێستا و لە داهاتوشدا ڕوداوەکان تێیدا ڕویانداوە." (هۆلفۆرد ٢٠٢١، ١٣). کات بونێکی بەرجەستەیی نییە و ئەبستراکتە، بەڵام پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بون و ژیانی مرۆڤەوە هەیە. کات ناوە، گەشەکردنێکی بەردەوامی بێسنوری هەبونی پیشاندەدات، کات کارە، ئەو ماوەیەیە، کە  بارودۆخەکان لەسەری ڕودەدەن و کۆتاییشیان دێت. هەروەها کات بیرە، واتە بیرێکی گشتییە، کە شێوە و توانای تێگەیشتن یان هەستپێکردنەکانمان بە واقیعەوە دەبەستێتەوە، کەواتە کات ئەو مەودایەیە، کە ڕوداوەکانی تێدا ڕودەدەن، هەروەها لە هەمان کاتدا پێویستیمان بە کات هەیە، بۆ ئەوەی وەسفی بارودۆخ و ڕوداوەکان بکەین، کە ڕۆژانە ڕودەدەن ( فتح الله ٢٠١٧، ٥٥).

ئەزمونی کات بەقەد مرۆڤایەتی کۆنە، کات لە زەینی ئێمەی مرۆڤ دایە، بەردەوام مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا هەیە، لەناو ئەو ژینگە و کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین لە هەمو ڕویەکی ژیانەوە. "لە ڕوانگەی زانستی و فەلسەفییەوە کات و شوێن دوانەن، هیچیان لەوەی دیکە جیانابێتەوە." (عوسمان ٢٠١٥، ٩٢)، واتە ئەم شوێنەی ئێمە لێی دەژین، بەبێ کات بونی نابێت، چونکە کات و شوێن گرێدراوی یەکترین و پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و بەیەکەوە بەستراو لە نێوان کات و شوێندا هەیە، کە پەیوەندییەکی بونییە و ناتوانین لە هیچ شوێنێکدا بەبێ کات بژین. بە شێوەیەکی گشتی لە لای بیرمەندان و فەیلەسوفان کات بە گرنگتر دادەنرێت لە شوێن، چونکە دەڵێن: "شوێن ڕوانگەیەکی دیاریکراوە، بەڵام کات لایەنێکە نە سەرەتا و نە کۆتایی دیار نییە." (سیوەیلی ٢٠٠٦، ٤٨) کات لە سروشتدایە و دیاردەیەکی ڕاستەقینەیە و بە هۆی جوڵەوە هەستی پێدەکەین، ئەویش بە تێپەڕبونی ڕوداوەکانە لەپێش چاوەکانمان و ئەوەی هەستی پێدەکرێت، سێ جۆر کاتە: کاتی ڕابردو و ئێستا و داهاتو. کات گرینگییەکی زۆری لە ژیانی مرۆڤدا هەیە. وشەی کات زۆرترین بەکارهێنانی لە هەمو زمانەکاندا هەیە. مرۆڤ هەر لەوکاتەی دێتە دونیاوە، بە گوزەری کاتدا ڕێدەکات، هەمو مرۆڤەکان هەست بە تێپەڕبونی کات دەکەن، بەڵام بە لامانەوە قورسە، ڕونیبکەینەوە چەمکی کات چییە؟ بۆیە بەردەوام جێگەی سەرنج و تێڕامان بووە،

بە جۆریک "هیچ کولتور و کۆمەڵگایەکمان نییە، کات نەبوبێتە بەشێکی گرنگ لە وێناکردنەکانی و هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی لە جیهاندا نییە بیری لە کات نەکردبێتەوە. بیرکردنەوە لە کات بەشێکی گرنگە لە پێکهاتنی وشیاریی مرۆڤ و ئەمەشی لە بەرهەمە ئەفسانەیی، شیعری، ئەدەبی و فەلسەفییەکانیدا بەرجەستە کردووە" (سیوەیلی ٢٠٠٦، ١١).

چەمکی کات بەردەوام سەرنجی مرۆڤی ڕاکێشاوە، کە (کات) چییە؟ قسەکردن لەسەر چەمکی کات و ناساندنی بە شێوەیەکی تیۆری کارێکی دژوار و سەختە، هەر لە ئەفسانەکانەوە تا دەگەین بە زانست، خاوەنی چەندین شیکاری ئەفسانەیی، ئایدیای، فەلسەفی، ئایینی، تیۆری، زانستیین دەرباری کات، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، تا ئێستا وەڵامێکی قەناعەتپێکەر و بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لەبەردەستدانییە، سروشتی کات چییە و چۆن دروست بووە؟ کەی دەستی پێکردووە؟! هەر فەیلەسوفێک یان زانایەک لە چەند سەدەی ڕابردو بە جۆرێکی جیاواز پێناسەی کاتی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا هیچ کەسێک نەیتوانیوە پێناسەیەکی وردی زانستی کات بکات، چونکە ئێمە لە باسکردنی کات و سەردەمدا، پێمان وایە بە ڕونی دەزانین کە چین، لە کاتێکدا لە قوڵبونەوەی پرسیارەکاندا دەبینین، کە بێ وەڵامین، چونکە کات بەرجەستە نییە و هەستپێکراوە، هەروەکو قەشە (ئۆگەستن) دەڵێت: "کات چییە؟ ئەگەر کەس لێم نەپرسێت دەزانم کات چییە؟ بەڵام ئەگەر بمەوێ ڕونی بکەمەوە، ئەوا وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم." (Hernandez 2016, 37) کات چەمکێکە وا دەردەکەوێت لێی تێبگەین، بەڵام کاتێک دەمانەوێت خودی چەمکی کات ڕونبکەینەوە، ئەوا بە تەمومژاوی و کرچ و کاڵی دەمێنێتەوە، چونکە کات شتێکی نامادییە و دەست لێنەدراوە، بەڵام مرۆڤ بە جوڵە و گۆڕانکارییەکانی ژیانی هەستی پێدەکات، وەک خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابون، دیاردەی شەو و ڕۆژ، گۆڕانی وەرزەکان، یاخود مرۆڤ کاتێک کاردەکات یان لە چاوەڕوانی شتێکدایە یاخود تەمەنی کەسەکان بەرەو هەڵکشان دەچێت، هەست بە تێپەڕبونی کات دەکات. کات "بریتییە لە جوڵە و هێز، ئەم هێزەش ڕێڕەوێک بۆ ئاڕاستەکردنی کات دیاریدەکات." (Khan 1984, 8) ئێمە کات بەکاردەهێنین بۆ دیاریکردنی ڕوداوەکان لە ڕابردو و ئێستا و داهاتو، چونکە هەست بە تێپەڕبونی کات لە ئێستادا دەکەین، بە هۆی جوڵە و ڕوداوەکانەوە، پاشان ئەم ڕوداوانە دەبن بە ڕابردو و بەرەو داهاتو دەچین.

ئەفلاتون دەربارەی کات و تێپەڕبونی کات دەڵێت: "کات یەکێکە لە دروستکراوەکانی دەسەڵاتی باڵای یەزدان و سەرەتایەکی هەیە، سەرەتای کات لەگەڵ گەردونە و جیهانی جوڵەدار کاتێکی هەیە، کە تیایدا ڕابردو و ئێستا و داهاتومان هەیە." (عبدالقادر: ٢٠٠٩، ٧). کات بە هۆی دەوروبەر

و گۆڕانکارییەوە کاردەکاتە سەر هەستەکانمان و هەستی پێدەکەین، کە لە جیهانی سروشتیدا یەک ئاڕاستەی هەیە، پێی دەوترێت (تیرەی کات)، واتە سێ جۆر کاتی سروشتیمان هەیە: ڕابردو و ئێستا و داهاتو، بەم شێوەیە لەسەر هێڵێکی ڕاست دەڕوات.

هێڵکاریی ژمارە (١)

ئاڕاستەی کات




کات دیارینەکراوە لە ڕابردویەکی نادیارەوە دەستی پێکردووە بە ئێستادا تێدەپەڕێت و بەرەو پێشەوە بۆ داهاتو دەڕوات، کە کاتی ڕابردو تێپەڕیوە و ئێستاش ئەو کاتەیە، کە تێیدا دەژین و داهاتوش ئەو ساتەیە نەهاتووە و نادیارە، واتە کات پێشکەوتنی ڕوداوەکانە، کە لە ئێستادا ڕودەدەن و هەستیان پێدەکەین و دواتر دەبن بە ڕابردو لە یادگەماندا هەڵدەگیرێت، داهاتوش نەبینراوە. (Khan 1984, 9) کات لە ڕابردووەوە بۆ داهاتو، تەنیا لەیەک ئاراستە دەجولێت لە کاتی خۆیدا بەرەو پێشەوە، نەوەک بەرەو دواوە، واتە کات هەرگیز ناگەڕێتەوە، کات ناتوانرێت پاشەکەوت بکرێت، یان ڕایبگرین، یان خاویبکەینەوە، یان خێرای بکەین، واتە لە کاتی ئاسایی و بە شێوەی سروشتی خۆی گوزەردەکات و تێدەپەڕێت، بۆیە ئێمە ناتوانین هیچ شتێک بکەین نە لە ڕابردودا و نە لە داهاتودا، تەنیا ئێستا بونی هەیە و بەردەوام لە گۆڕاندایە. (ئەبوحوسەیلی) دەڵێت: "کات ماوەی نێوان ڕوداوێکە بۆ ڕوداوێکی تر." (Altaie 2005, 6) واتە کات جوڵە و گۆڕانکارییە لە نێوان شتەکاندا. (عرفة سلامة) دەڵێت: "کات یەکەیەکی پێوانەییە بۆ سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خولگەکەیدا، بە شێوەیەک هەر ڕۆژێک ٢٤ کاتژمێرە و مانگێک ٣٠ ڕۆژە و ساڵێک ١٢ مانگە." (عیونی: ٢٠١٨، ١٢) کات دیاردەیەکی سوڕییە، بە دوایەکداهاتنی شەو و ڕۆژ و سوڕانەوەی زەوییە بە دەوری خۆردا. کات سەرچاوەیەکە بەردەستە بۆ هەموان، تاکە شتی هاوبەشە بۆ هەمو مرۆڤ و تەمەن و ڕەگەزێک لەم بونەدا، بە شێوەیەکی یەکسان، هەمو مرۆڤێک ٢٤ کاتژمێری بەبێ جیاوازی هەیە. بەڵام ناوچە جیاوازەکان لە کات جیاوازن، بۆ نمونە لە شوێنێک بەیانییە، لە شوێنێکی تر ئێوارەیە، ئەم جیاوازیەش بە هۆی سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا ڕودەدات. هەروەها تێپەڕبونی ئەم ڕوداوانە پێویستی بە شوێنێکە، چونکە کات و لە شوێندا ڕودەدات، هەروەکو (ئێنگلس) دەڵێت: "کرۆکی دەوروبەر و کات فۆڕمی بنەڕەتی هەمو بونێکن، هەبون بەبێ

کات هەمان ئەو بێمانایيە گەوەرەييەی هەبونە بەبێ دەوروبەر." (حاجی مارف: ٢٠١٤، A ٢٢٨)، واتە کات لەگەڵ شوێن و جوڵەدا، وەک سێ دەستە خوشک وان و تەواوکەری يەکترن، ئەگەر جوڵە نەبێت، ناتوانی هەست بە کات و تێپەڕبونی کات بکەين، بە هۆی جوڵەی زەويەوە هەست بە تێپەڕبونی کات و گۆڕانی شەو و ڕۆژ و وەرزەکان دەکەين و ئەو جوڵەيەش پێويستی بە شوێنێکە، واتە جوڵە لە شوێنێکدا نەبێت گۆڕانکاری ڕونادات، کەواتە کات بە دوای جوڵەدا دێت و ئەو جوڵەيەش لە شوێنێکدا ڕودەدات، کەواتە کات و شوێن و جوڵە بەبێ يەکتری نابن. هەمومان لە شوێنێکدا و لە کاتێکدا دەژين، کە ئێستايە، بەردەوام لە گۆڕاندايە، بەناو چەند زنجيرەيەک لە کاتی ڕابردووەوە بۆ داهاتو دەڕوات، ئاڕاستەيەکی ديارکراوە بەبێ گەڕانەوە بۆ دواوە.

## ١-٢: پێوانەکانی کات

هەروەک زانايانی فيزيک دەڵێن: کات بڕێکی فيزيکييە، دەتوانرێت بە کاتژمێرێکی سروشتی و فيزيکی يان ميکانيکی پێوانەبکرێت. خودی کات ديار و بەرجەستە نييە، بۆيە ناتوانين خودی کاتە ڕاستەقينەکە بپێوين، بەڵکو "پێوانەکردنی کاتەکان ماوەی يان کاتی تێپەڕبونی نێوان دوو ڕوداو دياريدەکات." (Lombardi 2014, 1) واتە پێوانەکردنی کات بريتييە لە پێوانی کاتە تێپەڕبووەکانی نێوان ڕوداوێکی دياريکراو و ڕوداوێکی تر، چونکە بە هۆی گۆڕانکارييەوە هەست بە تێپەڕبونی کات دەکەين، واتە ماوەی ئەو شتانە دەپێوين، کە بە هەستەکانمان هەستی پێدەکەين. ئەم ماوەيە "کاتی ڕێژەييە، بە جوڵە دەپێورێت و ئەنجامەکەی بە يەکەکانی وەک کاتژمێر و ڕۆژ و مانگ و ساڵ دياريدەکرێت." (Klein 2009, 6) کات هەر لە کۆنەوە بە جوڵەی خۆر و مانگ و دياردە سروشتييەکان و شەو و ڕۆژ پێوانەکراوە. کات لە شوێنی خۆی ناوەستێت، "زەوی لەسەر تەوەرەکەی خۆی بە دەوری خۆيدا دەخولێتەوە و هەروەها بە دەوری خۆريشدا." (هۆڵفۆرد ٢٠٢١، ٤٦) بە هۆی خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆيدا شەو و ڕۆژ دروستدەبێت، کە خۆر بەيانيان هەڵدێت و ئێواران ئاوا دەبێت، مرۆڤ و ڕوەک و گياندار دێنە بون و گەشەدەکەن و کاڵدەبنەوە و تێدەپەڕن. هەروەها سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا، کە بريتييە لە ساڵێک هۆکاری هاتن و ڕۆيشتنی وەرزەکانە. کات لەگەڵ هەريەک لەم ڕوداوانە بەردەوام بەرەو پێشەوە دەڕوات، بۆيە بڕی کاتيش دەتوانرێت بپێورێت، چونکە هەست بەو گۆڕانکارييانە دەکەين و ماوەی نێوانيان دياريدەکەين. بە شێوەيەکی گشتی کات پەيوەندی بە گۆڕانی دۆخەوە هەيە، کات بە هۆی جوڵە و گۆڕانکارييەوە هەست بە تێپەڕبونی دەکەين، هەمو جوڵە و چالاکی و کاروباری ڕۆژانەمان بە

بەرەوپێشچونی کاتەوە گرێدراوە. کات بە شێوەی ڕابردو و ئێستا و داهاتو دەبینین. یەکەکانی پێوانی کاتی سروشتی بە پێی جوڵەی تەنە ئاسمانییەکانی وەکو خۆر و مانگەوە دیاری دەکرێن. سەرەکیترین یەکەی پێوانەکردنی کات لە زۆرینەی کۆمەڵگەکاندا سوڕانەوەی زەوییە بە دەوری خولگەکەیدا، کە پێی دەوترێت شەو و ڕۆژ. ئەنیشتاین دەڵێت: "کات بڕێکی فیزیکییە و لە ڕێگەی کاتژمێرەکانەوە دەپێورێت." (Sasso 2018, 3) کات بە چەندین یەکەی جیاواز دەپێورێت، دەتوانین کات بە چرکە و خولەک و کاتژمێر و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ و سەدە بپێوین. ڕۆژ و مانگ و ساڵ یەکە سروشتییەکانی کاتن، کە لە خولی جیاوازی فەلەکییەوە وەرگیراون "ئەستێرەناسەکان ڕۆژی سروشتیان دابەشکردووە بەسەر ٢٤ کاتژمێری یەکساندا." (هۆڵفۆرد ٢٠٢١، ٢٧) هەر لە کۆنەوە مرۆڤ هەوڵی پێوانەکردن و دیاریکردنی کاتی داوە، پێش ئەوەی کاتژمێرەکان بونیان هەبێت، کات بە پرۆسە فیزیکییەکان و دیاردە سروشتییەکان دەپێورا، بە هۆی چاودێریکردنی جوڵەی سێبەر لە خۆرهەڵاتنەوە تا خۆرئاوابون. بە شێوەیەکی گشتی پێوانی کات بە دوو جۆر دەکرێت، جۆرێکیان بۆ دیاریکردنی ڕۆژ و مانگ و ساڵە، لە ڕێگەی ڕۆژمێر و ساڵنامەوە، کە ساڵێک (١٢) مانگە و  مانگێک (٣٠ یان ٣١) ڕۆژە و هەفتەیەک (٧) ڕۆژە و ڕۆژێک (٢٤) کاتژمێرە. جۆری دووەمیان  دیاریکردنی کاتژمێر و خولەک و چرکەیە، کە یەک کاتژمێر (٦٠) خولەکە و یەک خولەکیش (٦٠) چرکەیە، کە ئەم پێوانە وردەی کات پێویستیی بە ئامێرێکی ورد هەیە کە پێی دەوترێت کاتژمێر.

سەرەتاییترین کاتژمێر، کە بۆ پێوانی کات بەکارهاتبێت، کاتژمێری هەتاوی و ئاوی و لمی بووە. کاتژمێری هەتاوی، ئامرازێکە لەبەر هەتاو دادەنرێت بۆ پێوانەکردنی کات، کە بریتییە لە پلێتێکی تەنکی ڕوپێوانەکراو، بەڵام ئەم کاتژمێرە بەس لە ڕۆژدا سودی لێ دەبینرا و بەکارهێنانی هەمیشەیی نەبو بە تایبەتی لە کاتی شەودا یان هەور و باران، کە دەبو لە دەرەوە دابنرێت، نابێت هیچی لێ نزیکبێت تا سێبەری نەچێتە سەری.

وێنەی ژمارە (١)
کاتژمێری هەتاوی



هەرچی کاتژمێری ئاوییە، لە کونێکەوە بە ڕێژەیەکی دیاریکراو و یەکسان ئاو دەکرایە دەفرێکی بەردینەوە، کە لاکانی ناوەوەی بەردەکە هەڵکەنرابون، بە بڕی مانەوەی ئەو ئاوەی لە دەفرەکەدا دەمایەوە کاتەکانیان دیاریدەکرد.

وێنەی ژمارە (٢)
کاتژمێری ئاوی




پاشان کاتژمێرێکی لمی دروستکرا، کە لە کاتژمێرە ئاوییەکە نزیک بو. سادەترین کاتژمێری لمی پێکهاتووە لە دوو بۆشایی دروستکراو لە شوشە، کە لە نێوانیاندا کونێکی بچوک هەیە، لەو کونە

بچوکەوە لمەکە لە بەشەکەی سەرەوە دەڕژێتە بەشەکەی خوارەوە، بە هاتنە خوارەوی هەمو لمەکە بۆ بەشی خوارەوە ماوەیەکی دیاریکراوی کات دەپێورێت (شەفەق نیوز ٢٠٠٩).

وێنەی ژمارە (٣)
کاتژمێری لمی



هیچ کام لەم جۆرە کاتژمێرانە زۆر ورد و دیاریکراو نەبون، بۆیە بە تێپەڕبونی کات چەندین جۆری تری کاتژمێر دروستکرا تا دەگاتە کاتژمێری دیجیتاڵ، کە وردترین کاتژمێرە لە جیهاندا، ئەم کاتژمێرە لە ساڵی (١٩٤٨) لەلایەن (هارۆلد لیۆن)ەوە داهینراوە. زۆرێک لەو تەکنەلۆژیایانەی ئێمە پشتی پێدەبەستین پشت بە وردی کاتژمێری دیجیتاڵ دەبەستن، لەوانە مۆبایل، سیستمی GPS، چونکە ئەم کاتژمێرە زۆر ورد و دەقیقە، دەتوانێت بچوکتر لە چرکە بپێوێت و چرکەیەکیش دابەش بکات بۆ چەند بەشی تر. (Lombardi 2011, 47-48) ئەم کاتژمێرە دیجیتاڵ زۆر بە وردی کات دیاریدەکات، بۆیە بەپێی ئەم کاتژمێرە هەمو کاتژمێرەکانی تر دادەنرێن، چونکە کاتێکی گشتگیر و متمانەپێکراوە ناسراوە بە کاتی ئە نێودەوڵەتی.

وێنەی ژمارە (٤)
کاتژمێری دیجیتاڵ



ئێمەی مرۆڤ ئەم پێوانکردنەی کات بەکاردەهێنین بۆ دیاریکردنی ڕوداوەکان لە ڕابردو و ئێستا و داهاتو، هەروەها بۆ بەراوردکردن و هەژمارکردنی خێرای ئەو تەنانەی کە دەجوڵێن، کە هیچ توانایەکمان بەسەر تێپەڕبونی کاتدا نییە و بە سروشتی خۆی لە سەر ئەو هێڵە ڕاستە دەڕوات.

## ١-٣: کات لە چەند زانستێکی تردا

کات بریتییە لە تەمەنی مرۆڤ و هەمو ژیانی، ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە ژیانی مرۆڤ و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا، کات لە ئایین و ئەفسانە و فەلسەفە و زانستدا بابەتێکی سەرەکییە، بۆیە لە هەمو زانستەکان و هەمو سەردەمێکدا گرنگیی پێدراوە و لێی کۆڵراوەتەوە، هەریەکەیان بەپێی تایبەتمەندیی خۆیان شرۆڤەی کاتیان کردووە و پێناسە و بۆچونی جیاوازیان دەربارەی کات کردووە. بۆ ئەوەی لە سنوری باسەکەمان دەرنەچین، ئێمە زۆر قوڵ نابینەوە لەو چەمکە فراوانەی کات، چونکە ئەوە کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە نییە. لە خوارەوە تەنیا بەکورتی ئاماژە بە چەمکی کات و هەندێک بیروڕا و تێڕوانینی ئەو زانستانە بەرانبەر بە کات بە شێوەیەکی گشتی دەخەینەڕو:

### ١-٣-١: کات لە فیزیادا

کات چەمکێکی دانەبڕاو و سەرەکییە لە فیزیادا، هەر لە کۆنەوە تاکو ئیستا جێگەی مشتومڕ بووە لەناو زانایانی فیزیادا. کات لە فیزیادا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، فیزیاناسان کات وەک پێشکەوتنی ڕوداوەکان لە ڕابردووەوە تا ئێستا و بۆ داهاتو پێناسە دەکەن. بەو پێیەی کە ئێمە لە ئێستادا دەژین و ڕابردومان بەجێهێشتووە و بێ ئاگاین لە داهاتو. هەروەها کات لە فیزیادا بریتییە "لەو ماوەیەی کە پێوانە دەکرێت، کە لەم ماوەیەدا کردارێک یان بارودۆخێک بونی هەیە و بەردەوام دەبێت." (Javadi 2015, 63) چەمکی کات پەیوەستە بەو ڕوداوانەی لە گەردوندا ڕودەدەن، کە بە شیوەیەکی ڕێکوپێک بەرەو پێشەوە دەڕوات، ماوەی ئەو شتانەی کە هەستیان پێدەکەین و دەیانپێوین بە هۆی یەکەکانی وەک کاتژمێر و ڕۆژ و ساڵ... هتد.

کاتی فیزیکی بە دوو قۆناغ یان دوو تێگەیشتن تێپەری، کاتی ڕەها بە گوێرەی نیوتن و کاتی ڕێژەیی بە گوێرەی ئەنشتاین. (ئیسحاق نیوتن) پێیوایە، "کات ڕەهایە، بە هیچ جوڵەیەکەوە گرێنەدراوە، بە شێوەیەکی یەکسان تیدەپەرێت، کاتی هەمو گەردون یەک کاتە." (بوبکر: ٢٠١٧، ٢٠)

نیوتن چەمکی کاتی بە هێڵێکی ڕەهایی بەکارهێناوە، کە بە یەکسانی بەسەر تەواوی گەردوندا دەڕوات، بۆیە ئەگەر کاتژمێرێک لە ناوەندی گەردوندا هەبێت و ئاماژەبێت بۆ کاتژمێری دوەمی دوانیوەڕۆ، ئەوا ئەو کاتژمێرانەی لە تەواوی گەردوندا پێکەوە دانراون ئاماژەن بۆ کاتژمێری دووەم. (هەمان سەرچاوە: هەمان لاپەڕە) نیوتن پێیوابو، کات وابەستەی هیچ جوڵە و هۆکارێک نییە و جوڵەی تەنێک کاریگەریی لەسەر تێپەڕبونی کات نییە. کاتی ڕەها بەخێرایی یەکسان بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ شتێکی تر لە گەردوندا تێدەپەڕێت و کاتی هەمو گەردون یەک کاتە.

تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش مرۆڤ باوەڕی وابووە کات ڕەهایە. بەڵام دواتر ئەنشتاین لە تیۆری تایبەتی ڕێژەیی لەساڵی (١٩٠٥)دا ڕونی کردەوە، کە کات ڕەها نییە و ڕێژەییە ئێمە لە گەردونێکی چوار ڕەهەندیدا دەژین، کە سێیان ڕەهەندی ڕاستەقینەی فەزاکەن درێژی و پانی و بەرزی، رەهەندی چوارەمیش کاتە. (حسن: ٢٠١٩، ٦٤) هەمو ئەمانە بەیەکەوە بۆشایی پێکدەهێنن، هەستەکان و ئاگایی ئیمە لەو چوار ڕەهەندە پێکدێت. ئەنشتاین لە دوو ڕووەوە ڕێژەیی بونی کات دەسەلمێنێت، یەکێک لەو ڕێگایانە پەیوەندیی بە شوێنەوە هەیە، چونکە کات و شوێن گرێدراوی یەکن. ئەنشتاین دەڵێت: "کاتێک دەڵێی (کاتژمێر پێنجە) وەک ئەوەیە هیچ ڕونکردنەوە و هەواڵێکت نەگەیاندبێ، چونکە نازانرێ تۆ لە مۆسکۆی یان شیکاگۆ، لەم دوو شوێنەدا کاتی ڕۆژانە و دانانەوەی کات و کاتژمێرەکان لە دوو کاتی جیاوادان، بۆیە پێویستە ناوی شوێنەکەشی لەگەڵ بگوترێت، بۆ ئەوەی ڕستەکە هەواڵێکی بێ کەموکوڕی بگەیەنێ." (ڕەئوف: ٢٠٠٨، ٩) کەواتە گۆڕانکاری لە شوێندا بە واتای ڕێژەییە لە کاتدا، چونکە یەک چرکە یەکسان نییە بە چرکەیەک لە هەمو شوێنێکی گەردون، چونکە کات پەیوەندیی بە شوێن و جوڵەوە هەیە. ڕێگەی دووەمی سەلماندنی ڕێژەیی کات، بە پێی تیوری ڕێژەیی (خێرایی و کێشکردن) کاریگەری لەسەر ڕۆیشتنی کات هەیە ئەوەشی بە نمونەیەک ڕونکردووەتەوە، (ئەنشتاین) دەڵێت: "ئەگەر تۆ لەناو کەشتییەکی ئاسمانی بە خێرایی نزیکەی یان بە هەمان خێرایی ڕوناکی بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ڕۆیشتندا بی، ئەوا کاتێک دەگەڕێیەوە سەر زەوی، دەبینیت مەودای پتر لە ٣٦٠ ساڵ لەسەر زەوی تێپەڕیوە." (هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە)، ئەم جیاوازیەش لەبەر ئەوەیە خێرایی ڕوناکی ٣٠٠،٠٠٠کم لە یەک چرکەدا. لەگەڵ تێپەڕبونی کات و بەرەوپێشچونی زانستەکان و زانستی فیزیا چەمکی کات و تێڕوانین بۆ کات لە لایەن زانایان گۆڕانی بەسەرداهێت، دەکرێت لە داهاتودا پێناسەیەکی جیاوازتر و بەهێزتر بۆ کات بکرێت.

### ١-٣-٢: کات لە فەلسەفەدا

کات یەکێکە لە پرسە فەلسەفییە گرنگەکان و هەمیشە جێی سەرنج و ڕامان بووە. بیرمەندان و فەیلەسوفان بە درێژایی مێژوی فەلسەفە، هەوڵیانداوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، کە پەیوەست بە کاتەوە دەوروژێنران. بۆیە هەر لە فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنانەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، بۆچون و تێڕوانینی خۆیان دەربارەی کات هەبووە، ئەمەش بە هۆی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بابەتەکانی تری فەلسەفە وەکو ڕودان و ئەبەدیەت و هەبونەوە.

بە شێوەیەکی گشتی فەیلەسوفان سەرنجیان خستبووە سەر سروشتی کات و کرۆک و هەبونی کات. ئەگەر سەیری بۆچون و تێڕوانینەکانی فەیلەسوفی یۆنانی ئەفلاتون بکەین، دەربارەی کات، پێیوایە " کات لەگەڵ دروستکردنی تەنە ئاسمانییەکان و جوڵەکانیان دروستبووە، هەروەها پێیوایە، جیهانی جوڵاو زەمەنێکی هەیە، کە تێیدا ڕابردو و ئێستا و داهاتوی هەیە" (عبدالقادر ٢٠٠٩، ٧). واتە ئەفلاتون پێی وایە، کات سەرەتایەکی هەیە و دروستکراوە، پێشتر کات بونی نەبووە. سەرەتای کات لەگەڵ دروستبونی گەردوندایە، پێش ئەوەی خودا گەردون دروستبکات شەو و ڕۆژ و مانگ و ساڵ بونیان نەبو، لەگەڵ دروستکردنی گەردون هاتنە بون. کەواتە کات لای ئەفلاتون هاوشانی گەردون دروستبووە و کاتی بە جوڵەوە گرێداوە و دەڵێت: "جوڵە و گۆڕان لە گەردوندا کاتە، ئەگەر جوڵە و گۆڕان نەبێت ئەوا کات بونی نییە." (عکاشە ٢٠٢٢، ١٨١) واتە کات لای ئەفلاتون بە جوڵە وەسف دەکرێت، بەبێ جوڵە و گۆڕانی تەنەکانی ناو گەردون کات بونی نییە، ئەم بۆچونەی ئەفلاتون لەگەڵ بۆچونە ئایینییەکە یەکدەگرێتەوە.

تێڕوانین و بۆچونی ئەرستۆ بۆ کات جیاوازە. دەڵێت: "کات جوڵە نییە، بەڵکو پێوانە و پێوەرێکە بۆ جوڵە. کات نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی." (عبدالقادر ٢٠٠٩، ٨)، بە بۆچونی ئەرستۆ کات ئەزەلی و هەتاهەتاییە، نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی. هەروەها کات جوڵە نییە، بەڵکو ژمارەی جوڵەیە و بە جوڵە دەپێورێت و کاتی بەستەوە بە "ژمارەی جوڵە، بەپێی پێشینە و دواتر. هەندێک کات هەیە تێپەڕیوە نەماوە، ئەوەی تریش داهاتووە، کە هێشتا بونی نەبووە." (الدسوقی: ٢٠١٨، ٢٥٠) کاتی ئێستاش ئەو کاتەیە، کە جیاوازی دروستدەکات لە نێوان ڕابردو و داهاتودا و بە هۆی جوڵە و گۆڕانکاریی و ڕوداوەکانەوە هەست بە تێپەڕبونی کات دەکەین، چونکە کات بەرجەستە و ماددیی نییە و بەر هیچ کام لە پێنج هەستەکانمان ناکەوێت، بەڵکو بە هۆی گۆڕان لە خۆمان و دەوروبەرمان و ڕوداوەکان هەست بە تێپەڕبونی کات دەکەین.

فەیلەسوف و ئایینزانی مەسیحی قەشە (ئۆگەستین) لە سروشتی کات دەکۆڵێتەوە وەک بابەتێکی زەینی دەیخاتەڕو، دەربارەی کات دەڵێت: "کات چەمکێکە وا دەردەکەوێت لێیتێبگەین، بەڵام کاتێک دەمانەوێت خودی چەمکی کات ڕونبکەینەوە، ئەوا دەبێتە هۆی دروستبونی پارادۆکس." (Hernandez 2016, 37) تێڕوانینی ئۆگەستین دەربارەی کات لە ژێر کاریگەریی دەقەکانی ئینجیلە، کات وەک دروستکراوێکی خودایی سەیردەکات، دەڵێت: "کات نەمر نییە، خودی کات تۆ دروستت کردووە، هیچ کاتێکیش لەگەڵ تۆدا هەتاهەتا و نەمر نییە." (هەمان سەرچاوە،٣) بە بۆچونی ئۆگەستین، کات وەک هەر بونەوەرێکی تر سەرەتایەکی هەیە و کات ئەبەدی نییە، پێش دروستکردنی ئاسمان و زەوی کات بونی نەبووە، بەڵکو دروستکراوێکی خواییە، سەرەتای کات ئەو کاتە دەستیپێکرد، کە خودا دەستیکرد بە دروستکردنی گەردون.

بۆچونی ئۆگەستین دەربارەی هەستکردنمان بە کات، بە هۆی جوڵەی تەن و ڕوداوەکانییەوەیە، "ئەگەر هیچ تێنەپەڕیبایە، ئەوا کاتی ڕابردو بونی نەدەبو، ئەگەر بڕیاریش وابوایە لە مەودوا هیچ شتێک ڕونەدا، ئەوا کاتی داهاتوش نەدەبو، ئەگەر لەم ساتەشدا شت لە دەوروبەرمان بونی نەبایە، کاتی ئێستاش بونی نەدەبو." (سیوەیلی:٢٠٠٦ ، ١٩) ئۆگەستین پێیوایە بون تەنیا بۆ ساتەوەختی ئێستایە، چونکە ڕابردو تێپەڕیوە و داهاتوش هێشتا نەهاتووە. هەروەها کاتی ئێستایی بە چەقی کاتی ڕابردو و داهاتو داناوە. ئۆگەستین دەڵێ: "ئێمە لە بەرانبەر کاتی ئێستا، کاتی ڕابردو و کاتی داهاتو ڕەتناکەینەوە، بەڵام ئەوەی دەیزانین، کە کاتی ڕابردو و داهاتو نرخی خۆیان لە کاتی ئێستا وەردەگرن، بۆ نمونە کاتێک بیر لە کاتی ڕابردوی منداڵیی خۆمان دەکەینەوە، یان بیر لە پێشهاتێک لە کاتی داهاتو دەکەینەوە، ئەوا هەردوو پرۆسەکە بە بیرکردنەوەیەک لە کاتی ئێستا ئەنجامدراوە." (هەمان سەرچاوە: ٢٠) ئۆگەستین دانی بە سێ جۆر ئێستایی داناوە، "ئێستای ڕابردو، ئێستای ئێستا، ئێستای داهاتو." (خضراوی و بن بتقە ٢٠٢٠، ٤٩٨) بەم جۆرە سێ جۆرکات لە مێشکدا بونی هەیە.

فەیلەسوفی بەناوبانگی سەدەی بیستەم (هایدگەر) دەربارەی کات، دەڵێت: "کات ئەو شتەیە، کە ڕوداوەکان تێیدا ڕودەدەن." (ڕەئوف:٢٠٠٨، ٥) واتە کات شوێنی ڕوداوەکانە و گۆڕان و ڕوداوەکانیش کات دیاریدەکەن. بونی کات لای هایدگەر "تەنیا ئێستا هەیە، بەڵام پێش و دواتر بونیان نییە، ئێستای واقیعی دەرئەنجامی ڕابردووە و پڕە لە داهاتو." (عبدالفتاح: ٢٠٠٧، ٤٧) ئێستا بەردەوامە و ماوەی کات داگیردەکات و ئەو کاتەیە، کە ڕابردو و داهاتو بەیەک دەگەیەنێت. لای هایدگەر کات و جوڵە بە هاوشانی یەکتر دادەنرێن. پێیوایە کات بە جوڵە دەپێورێت، جوڵەش بەکات

دەپێورێت کات لەناو ڕوداو و جوڵەدایە، لە جوڵەدا هەست بە کات دەکرێت. (ڕەئوف: ٢٠٠٣، ٥) واتە کۆتایی هەر ڕوداو و کاتێک لە ڕابردو، سەرەتای ڕوداو و کاتێکە لە داهاتودا.

## ١-٣-٣: کات لە ئایینناسیدا

باسکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ کات لە ئایینناسیدا لەسەر بنەمای ئایینییە، جیاوازە وەک باسکردنی کات لە بەرهەمی فەیلەسوفان و زانایان و زمانەوانان. کات یەکێکە لە نیعمەتەکان کە خودای گەورە بە بەندەکانی بەخشیوە تێگەیشتنی ئایینی بۆ چەمکی کات، هاوتایە لەگەڵ تەمەنی مرۆڤ، چونکە کات پەیوەستە بە ڕێکخستنی ژیانمان و سودوەرگرتن لە هەمو ساتێکی کات، چونکە فەلسەفەی ئایینی ئیسلامی، ژیان لەسەر ئەو ڕاستییە بنیاتنراوە، کە ژیانی دنیا شوێنی کارکردن و تاقیکردنەوەیە، قیامەت شوێنی پاداشت و سزایە. (عزام ٢٠١٧، ٣٦) واتە ئەگەر کاتەکانی ژیان لە پێناو خودا بێت، ئەوا بنەمای خۆشبەختیە لە ڕۆژی قیامەتدا، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت و لە بێئاگاییدا بەسەربەری ئەوا هۆکاری بەدبەختی دەبێت لە ڕۆژی دواییدا. لێکۆڵینەوە و ڕامان لەکات لە بۆچونە ئایینییەکە، زیاتر لە چوارچێوەی زانینی سەرەتاکانی کات و خودا و ئەبەدیەت و زانینی کاتەکانی شەو و ڕۆژ و بارودۆخەکانیان و کاتی پەرستش و نوێژ و زیندوبونەوەی ڕۆژی دوایی، لەگەڵ گرینگی و سودی کات بۆ مرۆڤ و بەهەدەرنەدانی کات لە شتی بێ سوددا.

کات ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە زۆربەی ئایینەکاندا هەیە، هەر ئایینە و بە جۆرێک لەجۆرەکان باسی کات دەکات، بەڵام هەمو ئایینەکان، کات بە خودا دەبەستنەوە. لە هەمو ئایینەکان و کتێبە ئاسمانییەکانی وەک (تەورات و ئینجیل و قورئان) باسی کات کراوە و ئاماژە بە گرنگیی کات دراوە. ئەو کتێبە پیرۆزانەی کە پەیوەستن بە ئایینی جولەکەوە، پێیان دەوترێت کتێبی (سەردەمی کۆن) و ئەو کتێبانەی پەیوەستن بە ئاینیی مەسیحییەوە، پێیان دەوترێت کتێبی (سەردەمی نوێ) ئەم دوو ئایینە درێژکراوەی یەکترن. لە کتێبی پیرۆزی ئەو ئایینانەدا ئاماژە بە کات و دروستبونی گەردون کراوە، لەلایەن خودای پەروەدگارەوە. لە تەوراتدا لە (سفر التکوین) چەند نمونە وەکو بەڵگە هاتون، کە ئاماژەن بۆ چەمکی کات. باسی دروستکردنی گەردون و زەوی و ئاسمانەکان دەکات لەلایەن خوداوە، کە دروستکردنی ئاسمان و زەوی لە لایەن خوای پەروەردگار بە یەک جار نەبووە، بەڵکو بە شەش ڕۆژ دروستی کردووە. لە ڕۆژی یەکەمدا خودا ڕوناکی دروستکردووە، لە ڕۆژی دووەمدا فراوانی، لە ڕۆژی سێیەمدا زەوی وشک و سەوزایی

دروستکردووە، لە ڕۆژی چوارەم مانگ و ئەستێرەکانی دروستکردووە، لە ڕۆژی پێنجەمدا خودا باڵندە و ماسییەکانی دروستکردووە، لە ڕۆژی شەشەمدا ئاژەڵ و مرۆڤی دروستکردووە، ڕۆژی حەوتەم و کۆتایی یەک ڕۆژی پشودان بوو. (عبدالفتاح ٢٠٠٧، ١٩-٢٠) لە ئاییندا کات ڕەهەندێکی مێژویی هەیە، کە لە دروستبونی (ئادەم) و دەرکردنی لە بەهەشت و هەڵگرتنی بەرپرسیارێت لەسەر ڕوی زەوی دەستپێیکرد.

دابەشکردنی مانگ بەسەر هەفتەدا و دیاریکردنی هەفتە بۆ حەوت ڕۆژ، لە ڕووە ئاینییەکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە چیرۆکی دروستکردنی گەردوندا ئاماژەی پێکراوە. هەفتە زنجیرەیەک ڕۆژی بەردەوامە و حەوت ڕۆژە. جولەکەکان، خاوەن کتێبی (تەورات) دەڵێن: ڕۆژی یەکشەممە خودا دەستی بە دروستکردنی گەردون کردووە. مەسیحییەکان خاوەن کتێبی (ئینجیل) پێیان وایە خودا لە ڕۆژی دوشەممە گەردونی دستپێکردووە. لای ئێمەی موسڵمان سەرەتای هەفتە شەممەیە، ڕۆژی هەینی کۆتایی هەفتەیە، چونکە (ئەبوهورەیرە) دەگێڕێتەوە، دەڵێت: پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: "**خَلَقَ اللهُ التُّرْبَةَ يَوْمَ السَّبْتِ، وَخَلَقَ الْجِبَالَ فِيهَا يَوْمَ الْأَحَدِ، وَخَلَقَ الشَّجَرَ فِيهَا يَوْمَ الْإِثْنَيْنِ، وَخَلَقَ الْمَكْرُوهَ يَوْمَ الثُّلَاثَاءِ، وَخَلَقَ النُّورَ يَوْمَ الْأَرْبِعَاءِ، وَبَثَّ فِيهَا الدَّوَابَّ يَوْمَ الْخَمِيسِ، وَخَلَقَ آدَمَ بَعْدَ الْعَصْرِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ آخِرَ الْخَلْقِ، فِي آخِرِ سَاعَةٍ مِنْ سَاعَاتِ الْجُمُعَةِ، فِيمَا بَيْنَ الْعَصْرِ إِلَى اللَّيْلِ."** (بن حنبل ٢٠٠١، ١٤)، واتە خودا لە ڕۆژی شەممە خاکی دروستکرد و ڕۆژی یەکشەممە شاخی دروسکرد و ڕۆژی دوشەممە داری دروستکرد، ڕق لێبووەکانی دروستکرد لە ڕۆژی سێشەممەدا، ڕوناکی لە ڕۆژی چوارشەممە و ئاژەڵەکانی لە پێنج شەممەدا دروستکرد و ئادەمی لە کۆتا کاتژمێرەکانی هەینیدا دروستکرد، لە نێوان پاشنیوەڕۆ و شەودا.

ئایینی ئیسلام بەگرنگییەکی زۆر دەڕوانێتە کات، بە شێوەیەکی دیار لە چەندین فەرمودە و ئایەتی قورئانیدا ئاماژە بە کات و گرنگیی کات کراوە. لەبەر گرینگی و بەهای کات، خودای پەروەردگار لە سەرەتای چەندین ئایەتی پیرۆزدا سوێندی بە کات و بەشەکانی کات خواردووە، ئەوەش وەکو ئاماژەیەکە بۆ بەهای کات و وریاکردنەوەمان بۆ گرنگیدان بە کات. خودای پەروەردگار بە چەندین شێوەی جیاواز و لە چەند سورەتێکی قورئانی پیرۆزدا سوێندی بە کات خواردووە و ناوی کاتی هێناوە، لەوانە "والعصر، والفجر، والضحی، والليل و النهار،... هتد.) خوای پەروەدگار سوێندی خواردووە، بە چەند کاتێکی جیاواز، وەک شەو و ڕۆژ و عەسر و کاتی بەرەبەیان و ... هتد. ئەگەر خوای پەروەردگار سوێندی خواردبێ بە دروستکراوەکانی، بۆ ئەوە بووە، سەرنجی ئێمەی مرۆڤ ڕابکێشێت بۆ ئەو شتە و ئاگادارمان بکاتەوە لەسەر گەورەیی و گرنگی و بەهای ئەو شتە، لە

سود و قازانجەکەی تێبگەین، بۆیە ئەم سوێند خواردنەشی بە کات، بۆ ئاگادارکردنەوەی بەندەکانییەتی، لە گرینگی و بەهای کات.

لە چوارچێوەی پیشاندانی گرینگیی کات و گەورەیی و میهرەبانی خوای پەروەردگار لەسەر مرۆڤ، لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی (إبراهیم) لە ئایەتی (٣٣) خودای گەورە دەفەرموێت: **{وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ دَآئِبَيۡنِۖ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ}**[1]، واتە خۆر و مانگیشم بۆ ڕاهێناون، کە بەردەوام لە چەرخ و خولدان، شەو و ڕۆژیشم بۆ خزمەتی ئێوە ڕام هێناوە. لە سورەتی (الفرقان) لە ئایەتی (٦٢) خودای گەورە دەفەرموێت: **{وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ خِلْفَةً لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا}** واتە خوا ئەو زاتەیە، کە شەو و ڕۆژی بەدوای یەکدا ڕێکخستووە (لەجێی یەکتر دایناون)، فرسەتێکە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت بیربکاتەوە لە دروستکراوەکانی خوا، یان بیەوێ شوکرانە بژێری خوا بکات. لە قورئانی پیرۆزدا باسی زۆر بابەتی پەیوەست بە بونی مرۆڤی موسڵمان بەکاتەوە کراوە، وەکو یادکردنی خودای پەروەردگار و ئەنجامدانی نوێژ و ڕۆژ و زیارەت و ئەنجامدانی لە کاتی دیاریکراودا، خودای گەورە لە سورەتی (النساء) لە ئایەتی (١٠٣) دەفەرموێت: **{فَإِذَا قَضَيۡتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِكُمۡۚ فَإِذَا ٱطۡمَأۡنَنتُمۡ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَۚ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ كَانَتۡ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ كِتَٰبًا مَّوۡقُوتًا}**، واتە کاتێک لە نوێژ بونەوە، ئەوا یادی خودا بکەن، بە پێوەبن یان بە دانیشتنەوە یان بە ڕاکشانەوە، بە هەرجۆرێک بۆتان گونجاوە، هەر کاتێکیش ئارامی باڵی کێشا بەسەرتاندا، ئەوا نوێژ بەچاکی و تەواوی ئەنجامبدەن، چونکە نوێژ لەسەر ئیمانداران فەرزە لە کاتی دیاریکراودا ئەنجام بدرێت. هەروەها لە (سورەتی البقرە) لە ئایەتی (١٨٥) خودای پەروەردگار دەفەرموێت: **{شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ وَلِتُكۡمِلُواْ ٱلۡعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمۡ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ}**، واتە مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە قورئانی تیادا هاتۆتە خوارەوە، ئەم قورئانە ڕێنمونی بەخشە بۆ جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاست حەق و ناحەق، جا هەرکەسێک لە ئێوە مانگی ڕەمەزانی بینی یان هەواڵی بینینی پێدرا با ئەو مانگە بە ڕۆژوبێت. جگە لەوانە لە چەندان ئایەتی تردا هاتووە، بۆ ئاگادارکردنەوەی موسڵمانان بە گرنگی دان بەکات و پەیوەست بون بەکات و سودبینین لێی و ئەنجامدانی هەمو کارە چاکەکانی، کە ئامانجی دروستکراوەکە و بنیاتنانی زەوییە.

[1] – بۆ شیکردنەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سود لە (تەفسیری ئاسان : بورهان حەمەدەمین) وەرگیراوە.

له فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) بە هەمان شێوە، جەخت کراوەتەوە لەسەر گرنگی کات و بەرپرسیارەتی مرۆڤ بەرانبەر کات، لە ڕۆژی دوایدا بەرانبەر خوای پەروەردگار. عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود گێڕاویەتیەوە دەڵێت پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی: **"لَنْ تَزُولَ قَدَمَا عَبْدٍ بَيْنَ يَدَيْ رَبِّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ خَمْسِ خِصَالٍ عَنْ عُمْرِهِ فِيمَا أَفْنَاهُ، وَعَنْ شَبَابِهِ فِيمَا أَبْلَاهُ، وَعَنْ مَالِهِ مِنْ أَيْنَ أَصَابَهُ وَفِيمَا أَنْفَقَهُ وَمَاذَا عَمِلَ فِيمَا عَلِمَ"** (بن سورة ١٩٩٨، ٤)، واتە دوو پێی هیچ بەندەیەک نییە، لە ڕۆژی قیامەتدا هەنگاو بنێت تاوەکو پرسیاری چوار شتی لێ نەکرێت، سەبارەت بە تەمەنی لە چیدا بەسەری بردووە؟ دەربارەی تەمەنی گەنجییێتی لە چیدا بەسەریبرد؟ دەربارەی ماڵ و سامانەکەی چۆن پەیدایکردووە و لە چیدا خەرجیکردووە؟ سەبارەت بە زاستەکەی، چی پێکردووە؟ کە هەر دوو پرسیاری تەمەن و گەنجێتی پەیوەندیی بەکاتەوە هەیە. بەم شێوەیە پرسیار دەکرێت لە مرۆڤ دەربارەی ژیانی بە گشتی و گەنجیێتی بە تایبەتی. گەنجییێتی بەشێکە لە تەمەن، بەڵام بەهایەکی گەورەتر و جیاوازتری هەیە، چونکە تەمەنی کار و چالاکییە و تەمەنی بەهێزییە لە نێوان دوو بێهێزیدا واتە بێهێزی منداڵی و بێهێزی پیری. گەنجێتی لە نێوان ئەم دوو تەمەنەدا، تەمەنی بەهێزییە. هەروەکو خوای پەروەردگار لە سوڕەتی (الروم) لە ئایەتی (٥٤) دەفەرموێت: **{ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن ضَعۡفٖ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعۡدِ ضَعۡفٖ قُوَّةٗ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعۡدِ قُوَّةٖ ضَعۡفٗا وَشَيۡبَةٗۚ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡقَدِيرُ}**، خوا ئەو زاتەیە ئێوەی بە لاوازی دروستکردووە، لە نوتفەیەکی لاواز بۆ منداڵی، پاشان دوای لاوازی هێز و توانایی لە گەنجێتیدا پێبەخشیون، پاشان نۆرەی لاوازی و پیری دێت، خوا هەرچی بوێت دروست دەکات، ئەو پەروەردگارە زاناو بە توانایە.

لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بە مانگەکان و دروست بونی ئاسمان و زەوی کراوە، ژمارەی مانگەکان لای خودای دوانزە مانگە، خودای پەروەردگار لە سورەتی (التوبة) لە ئایەتی (٣٦) دەفەرموێت: **{إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِندَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِي كِتَابِ اللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَات وَالأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَٰلِكَ الدِّينُ}**، واتە ژمارەی مانگەکان لای خوا دوانزە مانگە لە (لوح المحفوض)دا دیاریکردووە، هەر لەو ڕۆژەوە کە ئاسمان و زەوی دروستکردووە، چوار لەو مانگانە گەورە و بەڕێزن شەڕ تێیدا قەدەغە کراوە. لێرەدا دەبینین کە خودای گەورە کات و ژمارەی مانگەکانی بە دروستکردنی ئاسمان و زەوییەوە گرێداوە. کات لەگەڵ دروستبونی ئاسمان و زەوی هاتۆتە بون و پرسیارکردن دەربارەی کات پێش دروستکردنی ئاسمان و زەوی بێ سودە. خوای پەروەردگار لە دەرەوەی کاتە، پێغەمبەر (د.خ) لەم فەرمودەیە دەفەرموێت:" **كَانَ اللَّهُ قَبْلَ كُلِّ شَیْءٍ وَ كانَ عَرْشُهُ عَلَی الْماءِ وَ كَتَبَ فِی اللَّوْحِ الْمَحْفُوظِ ذِكْرَ كُلِّ شَیْءٍ"** (بن حنبل ٢٠٠١، ١٣) واتە خوای پەروەردگار پێش هەمو شتێک هەبووە،

پاشان گەردونی دروستکردووە، عەرشیشی لەسەر ئاوە. سەبارەت بە ماوەی دروستکردنی ئاسمان و زەوی لە سورەتی (هود) لە ئایەتی (٧) لە قورئاندا هاتووە **{وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّماواتِ وَ الْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَ كانَ عَرْشُهُ عَلَى الْماءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَ لَئِنْ قُلْتَ إِنَّكُمْ مَبْعُوثُونَ مِنْ بَعْدِ الْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هذا إِلاَّ سِحْرٌ مُبِينٌ}** خوای گەورە ئاسمان و زەوی دروستکردووە لە شەش ڕۆژدا، عەرشەکەی لەسەر ئاو بو، بۆ ئەوەی تاقیتانبکاتەوە کامتان کاری چاکتر ئەنجامدەدات، سوێند بە خوا ئەگەر بڵێیت بەڕاستی ئێوە زیندودەکرێنەوە دوای مردن، بێ گومان ئەوانەی کە بێ باوەڕن، دەڵێن ئەم قسە و باسە هیچ نییە، تەنیا جادویەکی ئاشکرایە.

هەروەها دەربارەی خێرابون و زو تێپەڕینی کات، وەک نیشانەیەک لە نیشانەکانی کۆتایی هاتنی دنیا و هاتنی قیامەت، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: **" لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَتَقَارَبَ الزَّمَانُ، فَتَكُونَ السَّنَةُ كَالشَّهْرِ، وَيَكُونَ الشَّهْرُ كَالْجُمُعَةِ، وَتَكُونَ الْجُمُعَةُ كَالْيَوْمِ، وَيَكُونَ الْيَوْمُ كَالسَّاعَةِ، وَتَكُونَ السَّاعَةُ كَاحْتِرَاقِ السَّعَفَةِ الْخُوصَةُ"** (بن حبان ١٩٩٣، ١٥)، واتە قیامەت نایەت تاکاتەکان لێک نزیک دەبنەوە ساڵ دەبێتە مانگ، مانگ دەبێتە هەفتە، هەفتە دەبێتە ڕۆژ، ڕۆژ دەبێتە کاتژمێرێک، کاتژمێرێک وەک سوتاندنی گەڵای خورماوایە. ئەم فەرمودەیە ئاماژەیە بۆ جێگیرنەبونی کات لە داهاتودا، کە لە داهاتودا و نزیکبونەوە لە ڕۆژی دوایی کات زۆر کورت دەبێتەوە و زو تێدەپەڕێت.

کات دروستکراوێکی خودایە، وەک هەر بونەوەرێکی تر سەرەتا و کۆتایی هەیە. ئەوەی لە کاتدا ڕودەدات، بەدیهێنانی ویستێکی خوداییە و دەبێت ڕوبدات. کات بۆ مرۆڤەکان بە یەکسانی دابەشکراوە، واتە کاتی هەمومان یەکە بۆ گەورە و بچوک، باوەڕدار و بێ باوەڕ، واتە شەو و ڕۆژی هەمو کەسێک (٢٤) کاتژمێرە، هەر کاتژمێرێکیش (٦٠) خولەکە، هەر خولەکێکیش (٦٠) چرکەیە، هەمو مرۆڤێکیش لەم دنیایەدا بەرپرسە لە سانییە بە سانییەی ئەو کاتەی کە پێی دراوە، لە ڕۆژی دواییدا لێپرسینەوەی لێدەکرێت، کە لە چیدا بەسەریبردووە. چونکە ئەم جیهانەی تێیدا دەژین کۆتایی دێت و لەناودەچێت، هیچ بونەوەرێک نەمر نییە، واتە لە کتێبە پیرۆزەکاندا و بە تایبەت لە (قورئان)ی پیرۆزدا، باس لە چارەنوسی مرۆڤ کراوە، کە لە دوای مردن لە قیامەتدا نوێنەرایەتیی کۆتایی مرۆڤ و جیهان دەکات، واتە سەرەتای ژیانی مرۆڤ دەرچونی ئادەمە لە بەهەشت و کۆتا ڕۆژی قیامەتە. بەپێی هەمو ئەو بەڵگانەی کە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا باسکراون، کات دروستکراوی خوای گەورەیە و فانییە و مەحکومە بە لەناوچون، چونکە وەک هەر

دروستکراوێکی تر سەرەتا و کۆتایی هەیە، هیچ دروستکراوێکیش نەمر نییە، تا ئەو کاتە کات بەردەوام دەبێت، کە خودا ویستی لەسەرە.

## ١-٣-٤ کات لە ئەدەبیاتناسیدا

کات گرنگییەکی زۆری لە ناو ئەدەبدا هەیە، ڕەگەزێکی گرنگی بنیاتی هەر دەقێکی ئەدەبییە. بە تایبەتیش بە کۆڵەکەیەکی گرنگی بنیاتی دەقی ڕۆمان و چیرۆک دادەنرێت، چونکە کات ڕەگەزێکی دانەبڕاوی گێڕانەوەیە. نوسەر لە ڕۆمان و چیرۆکدا بەسەرهات و ڕوداوێک دەگێڕێتەوە، گێڕانەوەی هیچ ڕوداوێکیش بەبێ بونی کات نابێ، "گێڕانەوە بە بێ کات بەرهەم نایەت." (سەعید A٢٠٠٩، ٨٣)، چونکە سەرجەم بەسەرهات و ڕوداوەکانی ناو دەق، لە کاتێکی دیاریکراودا ڕودەدەن. هەروەها "ناتوانرێت کات لە کاری ئەدەبیدا بە تایبەتی لە چیرۆک و ڕۆماندا ناتوانرێت لە دەقدا داببڕێنرێت." (ڕەشید ٢٠١٦، ١١٩) ڕاستە چەمکی کات زیاتر لەگەڵ ڕۆمان و چیرۆکدایە و پەیوەستە بە گێڕانەوە، بەڵام هەریەک لە ئەفسانە و داستان و شانۆ و تەنانەت شیعریش لەکات خاڵی نییە ، چونکە "بە هەمان کەرەستەی زمانی دەردەبڕدرێن، بەشێکیش لە کەرستە زمانییەکان کات گەیەنن، بە تایبەتی هەر دوو بەشە ئاخاوتنی (کردار و ئاوەڵکرداری کاتی)." (حەمەد ٢٠١٨، ١٤٧). واتە ئەو کەرەستە زمانییەی لە ژانرە ئەدەبییەکانی وەک چیرۆک و ڕۆمان یان شیعر و پەخشانە شیعردا بەکاردێت، یان بە شێوەی ڕابردو یان ڕانەبردو دەردەبڕدرێن، ڕابردو و ڕانەبردو بەشێکن لە کات. بۆ نمونە شاعیر (هێمن موکریانی) لە شیعری (پێکەنینی گوڵ) دەڵێت:

کاتێ کازیوە پێش گزنگ وبولبول

لە شەقەی باڵیدا هەتا کن گوڵ (موکریانی ٢٠٠٨، ١٣٥)

لێرەدا هەردوک فرێزی هاوەڵکاری (کاتێ کازیوە) و (پێش گزنگ) کاتی فیزیکین و پەیوەندییان بە کاتی ڕاستەقینەوە هەیە.

چەمکی کات لە ئەدەبدا "ئەو کاتە ڕێژەییەیە، کە چۆنیەتیی ڕوداوەکان و جوڵانەوەی کەسێتییەکان لە ئێستا و ڕابردو و ئایندەدا بە گوێرەی شێوازی ڕێکخستنی تێکستەکە دیاری دەکات" (حسین ٢٠١٩، ٣). واتە بەشەکانی کات ڕابردو و ئێستا و داهاتو لەخۆدەگرێت. گێڕانەوەی ڕوداو بەبێ دەستنیشانکردنی کاتی ڕودانەکە نەگونجاوە، چونکە "ناکرێ توخمی زەمان پشتگوێ بخرێ، کە کاری گێڕانەوە ڕێکدەخات." (موفتی ٢٠١٢، ٩٢) لە بنیاتی دەقی ئەدەبیدا گرینگیدان و سود وەرگرتن

له ڕەگەزی کات "کارێکی ڕێژەیی و ساتەوەختی و خودییە، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە نوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت." (حسین ٢٠١٩، ٢) هەربۆیە هەمو نوسەرێک "بەپێی بۆچوون و بیر و هەستی خۆی مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکات و لای زۆربەیان گرنگترین جۆری کات، کاتی ئێستایە، کە بونی تێدا بەرجەستە دەکرێت، چونکە مرۆڤ لە ئاگایدایە، واتە کاتی ئێستا کاتی چەقە، ئەگەر ئێستا نەبێت ناتوانین ڕابردو بەیادمان بهێنینەوە، چونکە کاتی ڕابردو کاتێکی بەسەرچووە لە زەینی هەر تاکێکدا و بەهۆی ئێستاوە دەهێنرێتەوە یاد، ئەویش بەڕێگای وەبیر هێنانەوە." (عەبدوڵڵا ٢٠٠٨، ٥٧-٥٨)، واتە گرنگترین کات، کاتی ئێستایە، چونکە هەر ئێستایە بووە بە ڕابردو و جێمانهێشتووە، لە کاتی ئێستادا بەرەو داهاتو هەنگاو دەنێین.

لە پرۆسەی گێڕانەوەدا جا چ لە چیرۆکدا بێت یان لە ڕۆمان، هەمیشە دوو جۆر کات هەن، کاتی دەق (حیکایەت) و کاتی گێڕانەوە. "کاتی دەق ئەو کاتەیە، کە ڕوداوەکان بە شێوەیەکی یەک بەدوایەکدا هاتو ڕودەدەن، هەرچی کاتی گێڕانەوەیە، بریتییە لەو کاتەی کە تیایدا گێڕەرەوە ڕوداوەکان ڕێکدەخات و دەیانگێڕێتەوە." (سەعید ٢٠٠٩A، ٨-٨٤) کاتی دەق هەمیشە پێش کاتی گێڕانەوەیە، چونکە ڕوداوەکانی دەق لە کاتێک لە ڕابردودا ڕوویانداوە، بەڵام لە کاتێکی تردا گێڕەرەوە ڕوداوەکان ڕێکدەخات و دەیانگێڕێتەوە. بێگومان ئەگەر کاتی دەق نەبێت، کاتی گێرانەوەش دروستنابێ. "کاتی گێڕانەوە لە کاتی دەقەوە سەرچاوەی گرتووە، پاشان چیرۆکنوس بۆ ئەوەی تام و چێژ بە خوێنەر بدات، گەمە بەو کاتە دەکات و بەسەر جەستەی تێکستەکەدا بە گوێرەی ئەوەی کە خۆی دەیەوێت دابەشی دەکات و ڕوداوەکانی پێڕێکدەخات." (نوری ٢٠٢٠، ٧٢) واتە کاتی دەق جیاوازە لە کاتی گێڕانەوە، "کاتی حیکایەت پەیوەستە بە بەدوای یەکداهاتنی ڕوداوەکان، بەڵام کاتی گێڕانەوە مەرج نییە ڕەچاوی ئەم حاڵەتە بکات."(هەمان سەرچاوە: ٧١) واتە کاتی دەق ڕوداوەکانی تێیدا ڕویداوە، بە زنجیرەیەکی بەدوایەکداهاتو لەسەر هێڵێکی ڕاست دەڕوات، چونکە کاتی دەق کاتی فیزیکی و نەگۆڕە لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، بەڵام مەرج نییە کاتی گێڕانەوە پابەندی ئەم زنجیرە هێڵە ڕاست و سروشتییە بێت، بەڵکو بە هۆی تەکنیکەکانی گێڕانەوە، زۆر جار گیرەرەوە ڕوداوەکان پاش و پێش دەخات، لە ئێستای گێڕانەوە دەستپێدەکات، لە جیاتی ئەوەی بەرەو ئاینده بڕوات دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردو دواتر بەرەو ئاینده دەڕوات.

چیرۆکنوس و ڕۆماننوس لە دەقدا بایەخێکی زۆر بە جوڵەی کات دەدەن، بە هۆی بونی جۆرەکانی کاتەوە دەتوانن بە ویستی خۆیان یاری بە کات بکەن. بە شێوەیەکی گشتی لە واقیعدا کات لە ڕابردووەوە بەرەو ئێستا و داهاتو دەڕوات، بەڵام یارییپێکردنی کات لە ناو دەقدا "کارێکی

ئیستاتیکییە، کار ناکاتە سەر چییەتی و هەبونی ڕوداوەکە، بەڵکو کاریگەرییەکە دەکەوێتە سەر شێواز و ڕێکخستنەکە." (خدر ٢٠٠٧، ١٢٠) ئەم یارییپێکردنەی کات کارێکی جوانناسییە و کار لە ماهیەتی ڕوداوەکان ناکات. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ڕەگەزی کات، گرنگییەکی زۆری لە دنیای ئەدەبدا هەیە، بە جۆرێک ڕەخنەگرانی نوێ لە ئێستادا گرنگیی زۆر بە کات دەدەن، لە ڕوانگەی ئەوانەوە، "کات خودی چیرۆکە، کات ڕیتمە." (نوری ٢٠٢٠، ٧٠) کات بە بەردی بناغەی گێڕانەوە دادەنێن. هەروەها هەر لە دوتوێی ڕەگەزی کاتدا، شوناس و کاتی ڕوداو و کارەکتەر و شوێن و ڕەگەزەکانی تریش بەدیاردەکەون.

## ١-٣-٥ کات لە زماندا

کات چۆن لە سروشتدا بونێکی واقیعی هەیە، بە هەمان شێوەش لە زماندا بونێکی هەمیشەیی و نەگۆڕی هەیە. دوو جۆر کاتمان هەیە: کاتی نازمانی و کاتی زمانی، ئەم دوو جۆرە کاتە پەیوەندییەکی تێکچڕژاوی دوو لایەنە لە نێوانیاندا هەیە. کات لە زماندا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە کات بەندە بە ئاخێوەرەوە، هەر کاتێک ئاخێوەر گوزارشت لە کات بکات، یان گوزارشت لە ڕوداوێک بکات، کە کات بەشیکە لە ڕوداو، دەبێت لە ڕێگەی مۆرفیم و کەرەستە سینتاکسییەکانەوە دەربیبڕێت، وە هەر ڕستەیەک دەوترێت پێویستە کاتی تێدابێت بۆ گوزارشتکردن لە کاتی سروشتی. بە گشتی لە زمانناسیدا باسی دوو جۆر کات دەکرێت.

## ١-٣-٥-١: کاتی نازمانی

کاتی نازمانی بەرانبەر وشەی (Time)ی ئینگلیزییە، کە بە واتای کاتە سروشتی و فیزیکییەکە دێت، کە پەیوەندیی بە واقیعەوە هەیە، واتە کاتێکی گشتی نازمانییە، کە ڕاستەقینەیە و هەیە، کە لە زانستی فیزیادا بە دوریی چوارەمی شتەکان دادەندرێت. ئێمە کات وەک دەمی ڕابردو و ئێستا و داهاتو لەخۆدەگرێت. هەر ئەو کاتە سروشتییەش کە لە زماندا بە کەرەستەکانی زمان گوزارشتیان لێدەکەین، بۆ نمونە:

- دوێنێ شەو چوم بۆ ماڵی باپیرم.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا فرێزی هاوەڵکاری کاتی (دوێنێ شەو) گوزارشت لە کاتێکی فیزیکی لە ڕابردودا دەکات، مۆرفیمی (و) لە کاری (چوم)، مۆرفیمی کاتە، مۆرفیمی ڕێزمانی کاتی کارەکەیە.

لێرە زۆر لەسەر کاتی نازمانی نادوێین، چونکە پێشتر باسمانکردووە، کە هەمان کاتی فیزیایی و سروشتییەکەیە.

### ١-٣-٥-٢: کاتی زمانی

کاتی زمانی (Tense) زاراوەیەکی ڕێزمانییە، کە ئەرکی ئەوەیە کاتی زمانی لەگەڵ کاتی واقیعی یان فیزیاوی ڕێکبخا، واتە ئەو کاتەی تێنس ڕایدەگەیەنێت، بەرانبەر کاتە فیزیکییەکەیە. واتە تێنس کاتەکانی خۆی لە کاتی سروشتی گەردون وەردەگرێ. (ڕەئوف ٢٠٠٨، ٦-٧) واتە ئەو کاتە سروشتییەی هەستی پێدەکەین بە کەرەستەیەکی زمانی ئاماژەی پێدەدەین. "کاتی زمانی وەک یەکێک لە فۆڕمەکانی ڕەنگدانەوەی واقیعی بابەتی هەبونی کات لە زماندا خۆی دەنوێنێ. ئێمە لە هەر هەواڵێک لە ڕوی پەیوەندی بەکاتەوە وردبینەوە، هەمیشە کەڵک لە مەودای جیابونەوە وەردەگرین. لە ڕێزماندا ئەو مەودای جیابونەوەیە، بریتییە لە دەمی ئاخاوتن. کەواتە کاتی ڕێزمانی بەندە بە هۆش و ئاگایی ئاخێوەرەوە. کاتی ئێستا وەک یەککەوتن لەگەڵ دەمی ئاخاوتندا تەماشادەکرێ، کاتی ڕابردو وەک پێش ئەو دەمە، کاتی ئایندەش وەک دوای"(حاجی مارف: ٢٠١٤، A ٢٢٨).

کات بە هۆی کارەوە دیاری دەکرێت، کات کەرەستەیەکی سەرەکیی کارە. کار واتای جموجۆڵ و بزوتنەوەی کارایە (بکەر)، بزوتنەوە پێویستی بە کات هەیە تا تیایدا کارەکان ئەنجامبدات، ئەگەر بمانەوێ کاتی کار دەستنیشانبکەین لە ڕێگەی وشەسازییەوە، ئەوا لە ڕێگەی مۆڕفیمەکانەوە کاتی ڕابردو و ڕانەبردو دەزانین. (فەرهادی و بەرزنجی ٢٠٢٠، ٨٨) هیچ ڕوداوێکی فیزیکی بێ کات نییە، بە هەمان شێوە هیچ کار و ڕستەیەکیش بێ کات نابێت، چونکە "تێنس پێویستییەکی حەتمییە بۆ ڕودانی کار، هەر بۆیە کار بێ تێنس بونی نییە." (ڕەئوف ٢٠٠٨ ، ١٤) کاتی زمانی لە زۆربەی زمانەکاندا بەسەر دوو جۆردا دابەشکراوە:

١- کاتی ڕابردو ٢- کاتی ڕانەبردو

لەڕوی مۆڕفۆلۆژییەوە بە هەردوو بەشەئاخاوتنی هاوەڵکار و کار دەردەبڕدرێن. کار جگە لە چەمکی کات چەمکی ڕودان و کەسیش لەخۆدەگرێت. کات کەرەستەیەکی سەرەکیی کارە، لە زماندا لە ڕێگەی مۆڕفیمەکانی کاتەوە دەردەبڕدرێت. هیچ کارێک نییە مۆڕفیمی کاتی لەگەڵدانەبێت، "چەمکی کات پتر بە مۆڕفیمی بەندی کورت دەر ئەبڕدرێ و ئەگەر پێویست بو بە هاوەڵکار پتر

ورد و نزیک ئەکرێتەوە."(ڕەسوڵ: ٢٠١٤، ٨٧) " بەڵام مۆڕفیمەکانی کات لە ڕوی گرینگییەوە لەگەڵ هاوەڵکارەکان لەیەک ئاست نیین، بەڵکو مۆرفیمەکانی کات گرنگترن، چونکە پێویستە مۆرفیمەکانی کات بونیان هەبێت، کات بەشێکە لە کار، بەڵام مەرج نییە، کە مۆڕفیمەکانی کات هاتن، هاوەڵکاریان لەگەڵ بێت. بەگشتی بەکارهێنانی هاوەڵکارە کاتییەکان زیاتر بۆ جەختکردنەوە و دیاریکرنی وردی کاتە. هەرکاتێکیش "ئەم دوو کەرەستە کات گەیەنە پێکەوە هاتن، هەمیشە ڕێکەوتن لە نێوانیاندا دەبێت."(حەمەد: ٢٠١٨، ١٥٣) واتە ئەگەر هاوەڵکار ڕابردو بو، پێویستە مۆرفیمی کاتی ڕابردوی لەگەڵ بەکاربێت، بە مەرجێک خۆزگە و دانانی نەبێت، بۆ نمونە:

سارا دوێنێ ڕۆیشت بۆ سلێمانی.

لەم ڕستەیەدا (دوێنێ) هاوەڵکاری کاتییە، لەڕوی کاتیشەوە کاتی ڕابردو دەگەیەنێت. هەروەها مۆرفیمی (ت) مۆرفیمی کاتی ڕابردووە.

کاتی روودان و کاتی کار، مەرج نییە پەیوەندییەکی بەرانبەری هەبێت. کاری ڕابردو لە هەندێ باردا گوزارشت لە سەر ڕودان لە ڕابردودا ناکات، واتە هەندێک جار کارەکە ڕابردووە، بەڵام کاتی ڕودانەکە ڕانەبردووە. (حسێن، ٢٠٠١، ٣٥) بۆیە دەبێ "کات لە ڕێزمانا جیابکرێتەوە لە کاتی فیزیاوی، چونکە لە زۆر حاڵەتدا یەکناگرنەوە" (ئەمین ٢٠٠٩، ١٣٢)، چونکە زۆر جار مۆڕفیمی کات لە گەڵ کاتی سروشتی و فیزیکی یەکناگرنەوە، واتە ئەو کاتەی بە کەرەستە ڕێزمانییەکە دەری دەبڕی لە گەڵ کاتە ناڕێزمانییەکە جیاوازە.بۆ نمونە:

- کە کتێبەکەت تەواوکرد، من دەیخوێنمەوە.

لەم ڕستانەدا مۆڕفیمی کاتەکە (ڕابردووە)، بەڵام کاتی ڕستەکە بە گشتی و کاتی ڕودانەکە ڕانەبردووە، چونکە هێشتا خوێندنی تەواو نەکردووە. بەڵام هاوەڵکارەکاتەکان ڕێک لەگەڵ کاتی سروشتی یەکدەگرنەوە، واتە مۆڕفیمی کاتی ڕستەکە گوزارشت لە چ کاتێک بکات، ئەو هاوەڵکارە کاتییە لە ڕستەکەدا دێت، کە هاوکاتە لە گەڵ کاتی کاری ڕستەکە. (ڕەئوف ٢٠٠٨، ٢٣)، بۆ نمونە:

- بەیانی کە کتێبەکەت تەواوکرد، من دەیخوێنمەوە.

لەم ڕستەیەدا چونکە کاتی گشتیی ڕستەکە ڕانەبردووە، بۆیە هاوەڵکارێکی کاتی بۆ کاتی ڕانەبردوی لەگەڵ بەکارهاتووە.

.

# بەشی دووەم

# کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکانی کات لە زمانی کوردیدا

## ٢-١: مۆرفۆلۆژی و یەکەکانی ئاستی مۆرفۆلۆژی

مۆرفۆلۆژی زاراوەیەکی یۆنانییە لە وشەی (morph) بە واتای شێوە (فۆرم) و (logy) بە واتای لێکۆڵینەوە (زانست) پێکهاتووە، هەردوک وشەکە بەیەکەوە بە واتای زانستی وشە دێت. (حاجی مارف ٢٠١٤، A ٣١٨) بە شێوەیەکی گشتی هەر زانستێک لە دانە و یەکەکانی خۆی دەکۆڵێتەوە، زانستی مۆرفۆلۆژیش واتە لێکۆڵینەوە لە فۆڕم و پێکهاتەی وشە و مۆرفیمەکان.

مۆرفۆلۆژی لقێکی گرنگی زانستی زمانە، ئاستێکی ناوەندییە لە نێوان فۆنۆلۆژی و سینتاکسدا، بەم جۆرە مۆرفۆلۆژی "لقێکی ڕێزمانە و یەکێکە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە وەسفییەکان و لەگەڵ پەیدابونی قوتابخانەی ڕۆنانکاری سەریهەڵدا" (دزەیی ٢٠١٥، ١٧)، واتە وەک لقێکی زمانەوانی مێژویەکی زۆر کۆنی نییە، لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری مۆرفیم هاتۆتە کایەوە، کە ئەرکی ئەم زانستە "دیراسەی ڕۆنانی ناوەوەی وشەیە." (فەتاح – قادر ٢٠٠٦، ٧)، واتە شیکردنەوە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان و شێوازی بنیاتنانی وشەکان دەکات. بە جۆرێک "لێکۆڵینەوەیە لە پێکەوەهاتن و پێکەوەبونی جۆراوجۆری پێڕەوبەندانەی systematic فۆڕم و واتایە لە وشەدا." (مەحوی ٢٠٢١، ١)، واتە دەستنیشانکردنی پێکهاتەی وشەکان و لێکدانی مۆرفیمەکان و دەستنیشانکردنی ئەرک و گۆڕان و پێکهاتە و فۆڕم و واتایان، کە چۆن وشەکان لە پارچەی بچوکترەکانەوە، لە پێشگر و پاشگر و وشەی بنەڕەتی بنیاتنراون. واتە لە "پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان و ئەو یاسایانەی وشەکانی لێ دروستبووە دەکۆڵێتەوە." (Fromkin 2011, 41)

یەکە بنەڕەتییەکانی مۆرفۆلۆژیش مۆرفیم و وشەیە، کە ئەرکی پۆلێنکردنی مۆرفیم و وشەکانە لەڕوی فۆڕم و واتاوە، واتە وەک لقێکی زانستی زمان لە دروستەی ناوەوەی وشەکان دەکۆڵێتەوە و پەسەندیان دەکات، کەواتە مۆرفۆلۆژی "ئەرکی ڕێکخستنی کەرەستەی بەرایی وشە ناسادەکان و بەرهەمهێنانیانە، مۆرفۆلۆژی ئەرکی وشە دروستکردنە (هەڵگواستن و لێکدانە) لە فەرهەنگدا و شکاندنەوە و ڕیزبونە لە سینتاکسدا." (ئەحمەد ٢٠١٢، ٣٣)، بە شێوەیەکی گشتی مۆرفۆلۆژی پەیوەستە بە فەرهەنگی زمان و ئەرکی دەرخستنی مۆرفیمەکانی زمان و پۆلێنکردنیانە، لە ڕوی فۆڕم و واتاوە، بۆنمونە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژییانە بۆ وشەکانی، وەکو:

| | |
|---|---|
| ئازاد | ئازادی |
| ↓ | ↓ |
| یەک پێکهاتەیە | دوو پێکهاتەیە ئازاد + /–ی/ |

کەواتە شیکردنەوەی مۆرفۆلۆژییانە "بریتییە لە هەڵوەشاندنەوە و لە یەکترازاندن و جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی (سەگمێنتەکانی) و بەدەستخستنی توخمە مۆرفۆلۆژییەکانی." (مەحویی ٢٠٢١، ٤)، واتە تیشک دەخاتە سەر دروستەی پێکهاتەی وشە و چەسپاندنی یاساکانی دروستکردنی وشە لە زماندا. مۆرفۆلۆژی دابەشدەبێت بەسەر دوو لقی سەرەکیدا:

هێڵکاریی ژمارە (٢)

لقەکانی مۆرفۆلۆژی




## ٢-١-١: مۆرفۆلۆژیی دارشتن

ئەو لقەی مۆرفۆلۆژییە، کە "مامەڵە لەگەڵ دروستکردنی لێکسیمی نوێ، لەو بنجانەی کە لە زمانەکەدا هەن دەکات." (محمد ٢٠١٩، ٧)، ئەو مۆرفیمانە فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکەن، چونکە وشەی نوێ بە واتای نوێ بەرهەمدێنن. ئەو لقەی مۆرفۆلۆژیا بە رێگەی دارشتن و لێکدان، وەک دوو رێگەی سەرەکیی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان وشەی نوێ بەرهەمدێنێت.

**٢-١-١-١: دارشتن**: لە رێگەی گیرەکەکانەوە، کە دەچنە سەر وشە سادەکان، وشەی نوێ بە واتای نوێی لێدروست دەبێت، بۆ نمونە:

دار + /-ستان/ = دارستان

/را-/ + کردن = راکردن

**٢-١-١-٢: لێکدان:** بە هۆی لێکدانی دوو وشە یان زیاتر وشەیەکی نوێ دروستدەبێت، ئەم لێکدانەش بە دوو شێوە دەکرێت هەندێکیان بە یارمەتی مۆرفیمی لێکدەر ئەوانی تر بە بێ ئامرازی لێکدەر ئەنجام دەدرێت. (دزەیی ٢٠١٣، ٩١)، بۆنمونە:

گوڵ + /-ە-/ + گەنم = گوڵەگەنم

مار + ماسی = مارماسی

## ٢-١-٢: مۆرفۆلۆژیی ڕێزمانی (گەردانکردن)

بریتییە لەو مۆرفۆلۆژیی، کە مامەڵە لەگەڵ فۆڕمە جۆراوجۆرەکانی لێکسیمەکاندا دەکات، واتە "فۆڕمە جۆراوجۆرەکانی وشەیەک دەخاتە بەردەست، مەبەست لە شێوە جۆراوجۆرە ڕێزمانییەکانە، واتە مۆرفۆلۆژیی گەردانکردن پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی وشە ڕوندەکاتەوە، هەمو مۆڕفیمە ڕێزمانییەکان دەچنە خانەی مۆرفۆلۆژیی گەردانکردنەوە." (عبدالرحیم ٢٠١٦، ٣٦٤)، مۆڕفیمە ڕێزمانییەکان وشەی نوێ بە واتای نوێ دروستناکەن، بەڵکو فۆڕمە جیاوازەکانی هەمان وشە دەخاتە بەردەست، بۆیە ناچنە ناو فەرهەنگەوە، چونکە "مۆرفۆلۆژیی گەردانکردن ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە، بە هۆیانەوە فۆڕمەکانی لێکسیمێک لە قەدە فەرهەنگییەکەوە پێکدەهێنرێت." (عەول ٢٠٠١، ١٦) واتە تەنیا حاڵەتێکی ڕێزمانی بە وشەکە دەبەخشێت، وەکو:

کچ + /-ەکە/ = کچەکە ، کچێک ، کچەکان

↓ ↓

ناو م.ڕێزمانی

جوان + /-تر/ = جوانتر ، جوانترین

↓ ↓

هاوەڵناو م.ڕێزمانی

/دە-/ + فرۆش + /-م/ = دەفرۆشم ،

↓ ↓ ↓

م.ڕێزمانی ڕەگ م.ڕێزمانی

## ٢-٢: کەرەستەکانی مۆرفۆلۆژی

ئاستی مۆرفۆلۆژی لە کۆمەڵێک دانە و کەرەستە پێکدێت، هەرچەندە دەوترێت، کە کەرەستەی سەرەکیی ئەم ئاستە تەنیا مۆڕفیم و وشەن، هەریەکە لەمانە چەندین جۆر و لقی جیاجیایان لێ بۆتەوە. لە نێو ئەو سەرچاوانەشی کە هەن پۆلێن و دابەشکاری جیاجیا بۆ ئەو کەرەستانە کراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پێویستی نازانین باسی هەمو کەرەستەکانی مۆرفۆلۆژی بکەین، چونکە پێشتر و لە سەرچاوەکانی تردا باسی هەریەکەیان کراوە، لێرەدا بەکورتی تەنیا ئەوانە دەخەینەڕو، کە دەتوانن وەک کەرەستەیەکی کات گەیەن ڕۆڵ ببینن.

## ٢-٢-١: مۆرفیم

مۆرفیم دانەیەکی زمانییە سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆژییە، هەر لە سەرهەڵدانی بیری مۆرفیمەوە تاوەکو ئێستا چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، سەرەتای ناساندنی مۆرفیم دەگەڕێتەوە بۆ ناساندنەکەی (بلۆمفیلد)، کە دەڵێت: "مۆرفێم بچوکترین یەکەی واتاداری زمانە." ( Bloomfield 1954, 161)، پێناسەی ئەم زمانەوانە بناغە و سەرەتایەکی مۆرفۆلۆژییانە بو بۆ مۆرفیم. بە هەمان شێوە (ساپیر)یش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە "بچوکترین ڕەگەزی واتای زمان، مۆرفیمە." (خۆشناو ٢٠١٦، ٢١) بەپێی بۆچون و پێناسەی ئەم دوو زمانەوانە مەرجی سەرەکی بۆ ئەوەی دانەیەکی زمان بە مۆرفیم دابنرێت هەبونی واتایە. هەروەها (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لەسەر هەمان بۆچون دەڵێت: "مۆرفیم بچوکترین دانەی واتاداری زمانە."(حاجی مارف ٢٠١٤, B ٣٤).

لە سەرەتای ناساندن و پێناسەکردنی مۆرفیم، پێناسەکان زۆر گشتی بون، بۆیە زمانەوان پێناسەی تریان بۆ مۆرفیم کرد، کە وردتر و ڕونتر بێت و سنورەکەی دیاربێت، (کەتەمبا) دەڵێت: "مۆرفیم بچوکترین دانەی دابەش نەکراوی زمانییە، کە دەبێت ئەرکێکی واتایی یان ڕێزمانی ببینێت و بەشداری لە دروستکردنی وشەی تردا بکات."(٢٠، ٢٠٠٦ Katamba) هەروەها (شەهاب شێخ تەیب) لە پێناسەکردنی مۆرفیمدا، واتا و ئەرک بەیەکەوە یان بە جیا وەک مەرجی بە مۆرفیم بون دادەنێت، بۆ ڕونکردنەوەی ئەرک و واتا، وشەی (شەوە)ی بە نمونە هێناوەتەوە، کە لە دوو مۆرفیم پێکدێت، (شەو) واتای خۆی هەیە و ناوە، بەڵام (ە) هیچ واتایەکی نییە، بەڵام خاوەنی ئەرکە و وشەی نوێی داڕشتووە.(شێخ طیب: ٢٠١٤، ٩١). هەروەها شێروان حوسێن خۆشناو سەرەڕای جەختکردنەوە لەسەر واتا و ئەرکی مۆرفیم، هەردوکیان لە چوارچێوەی چەمکدا کۆدەکاتەوە، دەڵێت پێویستە مۆرفیم چەمکی هەبێت، کە هەندێکیان چەمکی ڕێزمانی و هەندێکی تریان چەمکی فەرهەنگییان هەیە. بۆ ئەمەش پشت بە بۆچونێکی واتایی (فاروق عومەر) دەبەستێت، کە دەڵێت: "واتا بەشێکە لە چەمک و لە هەر وشەیەکدا بەشێک لە چەمک، وەک واتا دەردەکەوێت."(خۆشناو: ٢٠١٦، ٢٢-٢٣)، کەواتە مۆرفیم وەک هەر دانەیەکی تری زمان لێکدانەوە و بۆچونی جیاوازی بۆ کراوە، هۆکاری ئەم جیاوازییە بە هۆی دەربڕین و بۆچونی زمانەوانان و جیاوازی قوتابخانە زمانەوانییە نوێیەکان بووە، کە لەم بوارەیان کۆڵیوەتەوە.

بە سەرنجدان و ورد بونەوە لە پێناسەکان بۆمان ڕون دەبێتەوە بۆئەوەی یەکەیەکی ڕێزمانی بە مۆرفیم دابنرێت، پێویستە دوو تایبەتمەندی تێدابێت ئەوانیش "لەیەک ، یان چەند فۆنیمێک پێکبێت،

خاوەنی واتا، یان ئەرکی سینتاکسی بێت."(هەمان سەرچاوە، ٢٤)، کەواتە بە گشتی زمانەوانان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە مۆرفیم دانەیەکی واتادار یان خاوەن ئەرکێکی سینتاکسییە، پێکهاتەیەکی بەهێزی هەیە، کە ناتواندرێت کەرتبکرێت بۆ دانەی بچوکتر.

مۆرفیم وەک کەرەستەیەکی زمانی کۆمەڵێک سیما و تایبەتمەندیی هەیە، بەڵام دەشێ لە هەندێ مۆرفیمدا هەمو سیماکان دەرنەکەون. لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم ئەمانەن:

- واتادار بێت، یان ئەرکی ڕیزمانی هەبێت.
- قاڵبێکی فیزیکی هەبێت.
- دوبارەبونەوە لە ژینگە (کۆنتێکست)ی جیاوازدا.
- کەرت نەبون، بۆ پارچەی بچوکتر.

زمانەوانان لەسەر چەند بنەمایەک و لە ڕوانگەی جیاوازەوە مۆرفێمیان پۆلێنکردووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەمویان لە سیما سەرەکییەکانیاندا هاوبەشن، کە لەسەر بنەمای دەرکەوتن و واتا و ئەرکە[2].

### ٢-٢-١-١: لە ڕوانگەی دەرکەوتنیان

مۆرفیمەکان لە ڕوانگەی دەرکەوتنیان، واتە بەپێی ئەو قاڵبە فیزیکییەی، کە هەیەتی بە دوو جۆر بەرجەستە دەبێت، واتە دەبن بەدوجۆر:

### ٢-٢-١-١-١: مۆرفیمی سەربەخۆ

بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە یەک پێکهاتەیان هەیە، "دەتوانرێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە تەنیا بەکاربهێندرێن." (کلباسی ١٣٩١، ٢٢)، ئەم مۆڕفیمانە لە ڕوی فۆڕمەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەردەکەون و بەکاردەهێندرێن و خاوەن واتایەکی سەربەخۆی فەرهەنگین.

---

[2] شێروان حوسێن خۆشناو (٢٠١٦)، بۆ زیانیاری زیاتریش دەربارەی تایبەتمەندییەکان و پۆلێنکردنی مۆڕفیم بڕوانە:وریا عمر ئەمین (٢٠٠٩)، محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦)، شهاب شێخ طیب (٢٠١٤).

### ٢-٢-١-١-٢: مۆرفیمی بەند

ئەو جۆرە مۆرفیمەیە، کە "هەرگیز وەک دانەییکی سەربەخۆ دەرناکەوێ و ئەبێ لەگەڵ مۆرفیمێکی تر دەرکەوێ." (ئەمین ٢٠٠٩، ١١٨) واتە مۆرفیمی بەند دەرکەوتنێکی سەربەخۆی نییە و بە تەنیا لە زماندا ئەرک و واتایان دەرناکەوێت تا بە مۆرفیمێکی ترەوە نەلکێنرێت، هەمیشە بە پێشەوە یان دواوەی کەرەستەیەکی ترەوە دەلکێن، بۆ ئەوەی ڕۆڵی ڕێزمانی بگێڕن، یان وشەی نوێ دروستبکەن.

### ٢-٢-١-٢: لە ڕوانگەی چەمک و واتاوە

لەم ڕوانگەیەشەوە مۆرفیمەکان، بەپێی ئەو چەمک و واتایەی هەیانە دەتوانرێت دوو جۆر لە مۆرفیمەکان جیابکرێنەوە، ئەوانیش (مۆرفیمە فەرهەنگییەکان و مۆرفیمە ئەرکییەکان)ن.

### ٢-٢-١-٢-١: مۆرفیمە فەرهەنگییەکان

ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە چەمک و واتایەکی فەرهەنگییان هەیە، ئەو مۆرفیمە فەرهەنگییانەش دوو جۆر دەرکەوتنیان هەیە، لە شێوەی مۆرفیمێکی سەربەخۆدا، کە بەو مۆرفیمە فەرهەنگییانە دەوترێت، کە "بە تەنیا دەردەکەوێت و مانادارە." (شێخ طیب ٢٠١٤، ٩٩) هەمو وشە سادەکانی زمان دەگرێتەوە، چونکە دەرکەوتنێکی سەربەخۆیان هەیە و واتادارن و لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، وەک (چیا، ژن، جوان، بەرخ، ...).

جۆری دووەمیان مۆرفیمە بەندە فەرهەنگییەکان (وشەدارێژەکان)ن، ئەو مۆرفیمانەن کە دەرکەوتنێکی سەربەخۆیان نییە، بەڵکو دەچنە سەر وشە "واتای نوێ دەبەخشن بەو وشەیەی کە دەچێتە سەری." (قادر ٢٠٠٠، ٥٣)، واتە دەرکەوتنیان پەیوەستە بە وشەی ترەوە، بە تەنیا واتا نابەخشن، بە وشەی ترەوە دەلکێنرێن تا واتاکانیان دەربکەوێت. ئەم مۆرفیمانە هۆکارێکن بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکە، چونکە وشە نوێیەکە لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێت، وەک (دا، هەڵ، ی، ...)، بۆنمونە: (داهێنان، هەڵخستن، جوانی...).

### ٢-٢-١-٢-٢: مۆرفیمە ئەرکییەکان (ڕێزمانییەکان)

بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە خاوەنی چەمک و واتای فەرهەنگی نین، بەڵام هەڵگری واتای ڕێزمانین و ڕۆڵی سینتاکسی دەگێڕن . ئەم جۆرە مۆرفیمانە لە فەرهەنگدا تۆمارناکرێن، هەروەها تا نەچنە ناو پێکهاتەیەکی سینتاکسییەوە بەکارناهێنرێن، چونکە ئەرکیان تەنیا ڕاپەڕاندن و

پیشاندانی چەمکێکی ڕێزمانییە.(خۆشناو ٢٠١٦، ٣٢)  ئەم جۆرە مۆرفیمانە ژمارەیان کەمە و سنوردار و دیاریکراون و لە ڕێگەی ئەرکەکانیانەوە ناودەنرێن. (اکمجیان، دیگران ١٣٨٢، ٢١).

مۆرفیمە ئەرکییەکان بە هەردوو جۆری مۆڕفیمی  سەربەخۆ و بەند، زیاتر ئەرکی سینتاکسی بەجێدەهێنن. مۆڕفیمی سەربەخۆی ئەرکی ئەم جۆرە مۆڕفیمە  ڕێزمانییانە خاوەن فۆڕمێکی سەربەخۆن، بەڵام ڕۆڵیان لە ڕستەدا دەردەکەوێت، واتە هەڵگری واتایەکی ڕونی فەرهەنگی نین، پۆلێکی داخراون و ژمارەیان کەمە، کەم و زیادناکەن و ئەندامی نوێ وەرناگرن، ئەرکیان یاریدەدانی وشە تەواوەکانی  بەشەکانی ئاخاوتنە لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا. وەکو (ئامرازی لێکدەر و ئامرازی نیشانە و پێشبەندەکان و .... .) (محەمەد ٢٠١٦، ٨).

مۆرفیمی بەندی ئەرکی، دەچێتە سەر وشە و حاڵەتی جیاوازی ڕێزمانی نیشاندەدات، کە وەک پێشگر و پاشگر بە سەرەتا و کۆتای وشەوە دەلکێن. (حاجی مارف ٢٠١٤B ، ٤٨) واتە تەنیا شێوەی فۆڕمەکە دەگۆڕێت و ئەرکی ڕێزمانی پێدەبەخشێت. وەک مۆڕفیمەکانی (کۆ و ناسراوی و نەرێ و ... هتد )، بۆ نمونە:

ژن + /- ان/ = ژنان

گوڵ + /- ەکە/ = گوڵەکە

ماڵ + /- ێک/ = ماڵێک

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی جۆرەکانی مۆرفیم پۆلێنکردنێکی تەواوی چەشنەکانی مۆرفیم، ئەم هێڵکارییە دەخەینەڕو:

هێڵکاریی ژمارە (٣)

جۆرەکانی مۆڕفیم




(خۆشناو ٢٠١٦، ٧٥)

## ٢-٢-٢: وشە

وشە دانەیەکی بنەڕەتیی گرنگی زمانە، "وشە کەرەسەی زمانە و لە دەنگێ یا چەند دەنگێ دروست ئەکرێ." (ئەمین ٢٠١٤، ٣٤)، واتە وشە وێنەی ئەو دەنگانەیە، کە دەریاندەبڕین. بە هۆی ئەو گرنگییەی لە زماندا، بەردەوام هەوڵی پاراستن و دەوڵەمەندکردنی دەدرێت. وشە دانەیەکی زۆر دێرینە "لەدایک بوی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو بنجێکی پتەو و قوڵی هەیە و بە درێژایی مێژودا، دەچێتە خوارێ و زادەی بەرهەمی کەڵەکەبوی تاقیکردنەوە یەک لەدوای یەکی عەقڵ و هۆش و بیری مرۆڤە و بە لایەنی سایکۆلۆژی ئەوەوە، توند گرێدراوە." (سدیق ٢٠١٦، ١٧)، بە درێژایی مێژو جێگەی سەرنج و بایەخی زانایان و توێژەران و زماننناسان بووە. دوهەزار و سێ سەد ساڵ لەمەوپێش (ئەرستۆ) پێناسەی وشەی کردووە، دەڵێت: "وشە یاخود ناو بێژەیەکی واتادارە، لە چەند دەنگێک پێکهاتووە، هیچ پارچەیەکی خۆی لە خۆیدا واتا نابەخشێت." (عبدلله ٢٠٠٧، ٩). زمانەوانان لە هەر قۆناغێکدا بە جۆرێک لە وشەیان ڕوانیوە و پێناسەیان بۆ وشە کردووە، کە هەڵقولاوی دید و بۆچونی قوتابخانە و ڕێبازەکەیان بووە، بەڵام هیچ کام لەو پێناسانە بەدەرنەبوون لە کەموکوڕی و ناوێزەییان تێدا بووە. پێناسەکردنی وشە کارێکی ئاسان نییە، چونکە "وشە یەکگرتنی دەنگ و واتایە." (سدیق ٢٠١٦، ٢٠) واتای وشەش "بریتییە لە چەمکێک کۆزانیارییەک، دەربارەی شتێک یان دیاردەیەک، کە لە ڕێی پەیوەندییەکی لە خۆییەوە هێمایەکی زمانی دەگەیەنێت، واتە وشەکان یاخود مۆرفیمە سەربەخۆکان ئەو واتایەی دەیگەیەنن، چەمکێک یاخود کۆمەڵێک زانیارییە دەربارەی شتەکان و دیاردەکان." (حەسەن، ٢٠١٠، ١٧-٨١)، لە ڕێزمانی دێریندا ، "وشە بە بنج دادەندرا بۆ شیکردنەوەی زمان."(حەمەد: ٢٠١٣، ٣٥) لە ڕێگەی وشەوە لە زمان بەگشتی و ڕێزمان بەتایبەتی دەکۆڵرایەوە.

هەروەها بلۆمفیلد ئاماژە بەوە دەکات، کە "وشە بچوکترین پێکهاتەی سەربەخۆیە لە زماندا."(Bloomfild 1993, 178)، واتە هەر فۆڕمێک وەک کەرەستەیەکی سەربەخۆ بە واتاوە لە زماندا بەکاربێت، بە وشە لە قەڵەم دەدرێت. بوداگۆڤ دەڵێت: "وشە گرنگترین کەتیگۆری زمانییە. کاتێ قسە لەبارەی زمان دەکرێت، پێش هەموشتێک، وشە بەبیردادێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە زمان لە وشە پێکهاتووە." (سدیق ٢٠١٦، ١٩) لە زماندا بمانەوێت گوزارشت لە هەرشتێک بکەین، لە ڕێگەی وشە و لێکدانی وشەکانەوە دەریاندەبڕین. یەکێکی تر لە پێناسە بڵاوەکانی، "وشە بریتییە لە چەند مۆرفیمێک، کە جێگۆڕکێ ناکەن." (فتاح:٢٠١١، ٩٠) واتە ئەگەر وشەیەک لە مۆرفیمێک زیاتر پێکهاتبو، کەرەستە پێکهێنەرەکانی وشە بە شێوەیەکی توند بەیەکەوە گرێدراون لێکجیانابنەوە و جێگۆڕکێ ناکەن، بۆ نمونە ئەو وشانە لە چەند مۆرفیمێک پێکهاتون وەک:

بە ئازایانە ⟵ بە + ئازا + یانە

ترسناک ⟵ ترس + ناک

ئەم مۆرفیمانە بە جۆرێک بە دواییەکدا ڕیز بون، ناتوانین ڕیزبونی کەرتەکان بگۆڕین یان کەرستەی تر بخەینە نێوانیان، چونکە هەر گۆڕانێک لە ڕیزبونی ئەم مۆرفیمانەدا بکرێت، یان کەم و زیاد بکرێت وشەکە دەشێوێت و واتاکەی تێکدەچێت. بۆیە لای هەندێک زمانەوان "وشە ئەو دانەیە کە ڕۆنانێکی چەسپاوی لە ناوەوە هەیە."(ئەحمەد: ١٩٩٠، ٢٧) لە وشەی یەک مۆرفیمیشدا، کە لە چەند فۆنیمێک پێکدێت، بە هەمان شێوەیە ئەگەر جێگۆڕکێ بە هەریەک لەم فۆنیمانە بکرێت ڕێکخستنی وشەکە تێکدەچێت و واتاکەی لە دەستدەدات و دەشێوێت، بۆ نمونە، ئەو وشانە لە چەند فۆنیمێک پێکهاتون:




ئەگەر جێگۆڕکێ بە هەریەک لەو فۆنیمانە بکەین، کە وشەکەی لێ پێکهێنراوە، وشەیەکی نامۆ و بێ واتا دروستدەبێت."وشە شێوەی دەنگی و شێوەی نوسراوی هەیە، هەروەها جۆری وشەسازی و جۆری ڕێزمانی یا ئەرکی هەیە، وشە دەبێت یا وشەی واتایی بێ، یان وشەیەکی ئەرکی بێت."(شوانی: ٢٠٠١، ٣٣) ئەم پێناسەیە بە فراوانی وشەی ناساندووە و ئاماژەی بە وشە کردووە، لە ڕوی واتایی و دەنگی و ئەرکی و داڕشتنەوەوە، هەروەها وشە هەیە فەرهەنگی (لێکسیکی)یە و واتادارە، یان وشەیەکی ئەرکی (ڕێزمانی)یە. لە کۆی ئەم پێناسانەی بۆ وشە کراون، وشە چونکە تایبەتمەندییەکی هەیە، کە دەربڕینێکی دەنگی هەیە و لە نوسیندا شێوەی هەیە، هەروەها دانەیەکی واتادارە، لە سەرەتا و کۆتاییەوە سنورێکی جیاکەرەوەی هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ وشەی پێش خۆی یان دوای خۆی جیابکرێتەوە. وشە لە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی، بەشداری لە پێکهاتنی وشەی نوێ دەکات و لە ئاستی سینتاکسدا فرێز و ڕستە پێکدێنێت، هەروەها ناتوانین هیچ دەنگێکی لێ کەم بکرێتەوە، چونکە هەڵدەوەشێتەوە و واتای نابێت.(شوانی ٢٠١١، ٣٢)، هەرچەندە هەندێکجار وشەکە بە کەمکردنەوەی فۆنیمێک واتای دەمێنێت، بەڵام واتایەکەی دەگۆڕێت و ئەوکات دەبێتە وشەیەکی جیاواز و پێویستی بە دەروازەی فەرهەنگی تر دەبێت.

وشە وەک هەر دانەیەکی تری زمانی لە لایەن زمانەوانانەوە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە دابەشکراوە لە وانە لەڕوی پێکهاتنەوە، بۆ وشەی سادە و داڕێژراو و لێکدراو، لە ڕوانگەی چەمک و ناوەڕۆکەوە وشەی فەرهەنگی و ئەرکی، لە ڕوانگەی ڕەچەڵەکەوە وشەی خوازراو و وشەی پەتی. هەروەها لە ڕوانگەی پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو وشەی تاریک و وشەی ڕون. هەروەها

لە ڕوی هاتنیان لەگەڵ وشەکانی تر و ڕێژەی بەکارهێنانیان دەکرێن بە پۆلی کراوە و پۆلی داخراو. لە ڕوانگەی پۆلەکانی ئاخاوتنەوە دەکرێن بە ناو و هاوەڵناو و هاوەڵکار و، ...... [3]. ئەمانە و چەندین جۆری تری پۆلێن و دابەشکاری بۆ وشەکان دەکرێت.

## ٢-٢-٣: دەستەواژەی فەرهەنگی (بەلێکسیمبون):

دەستەواژە "بریتییە لە کۆمەڵە واژەیەکی لەیەکتر دانەبڕاو، کە نە مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ، نە فرمانێکیان لە تەکدا ئەبێ، وە پێکەوە لە ڕستەدا ئەرکی پارچەیەک لە پارچەکانی ئاخاوتن ئەبینێ." (ئەمین: ٢٠١٤، ٤٠). دەستەواژە ئەو دانە فەرهەنگیانەن، کە بە بنیاتنانێکی سینتاکسی دروستبوون، واتە فرێزێکی سینتاکسی بوون، بەڵام بە تێپەڕبونی کات بونەتە دەستەواژەیەکی فەرهەنگی (بەلێکسیکبوو) ، واتە پرۆسەی بە فەرهەنگ بونی فرێزە، چونکە "بەلێکسیکبون گۆڕانی پێکهاتەی وشەی فرێزی قایمکراوە کە لە زماندا، وەک یەکسان بە تاکە وشە، ئەرک دەبینێت." (سدیق ٢٠١٧، ٢٦٩).

دەستەواژەی فەرهەنگی ڕێگایەکە بۆ گەشەکردن و دەوڵەمەندکردنی زمان، چونکە بەلێکسیمبون پرۆسەیەکە بۆ تێکردەی توخمێک لە فۆڕمی وشە، یان فرێزدا بۆ ناو فەرهەنگی زمانێک، هەرچەندە پرۆسەکە نادیار و ئاڵۆزە، بەڵام پێڕەوبەندانەیە و لە لایەن ئاخێوەری زمانەوە دوبارە دەکرێنەوە، یاخود لەڕێی خواستنی وشەی بێگانەوە پرۆسەی بەلێکسیمبونەکە ئەنجامدەدرێت."(سەعید ٢٠١٥، ٤٥)

زانکۆی کۆیە، مامۆستای کوردی، ڕەگی کار، زانکۆی ڕاپەڕین، جەژنی قوربان ....

هەریەک لەوانە دەستەواژەیەکن، چونکە چەند وشەیەکی لەیەک دانەبڕاون، بە یارمەتی (ی) نیشانەی ئیزافە دروستبوون (دیارخراو + ی + دیارخەر)، وشەکان بوون بە دیارخراو و دیارخەری یەکتر و لە چوارچێوەی سینتاکسیدا فرێزن، بەڵام کاتێک بۆ ناونانی شت و ڕوداو و دیاردەیەک بەکاردێن، ئەو فرێزانە بەرەو بە وشەبون (لێکسیکبون) دەچن و یەکساندەبن بە وشە و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن.

زۆر جار " (دەرخراو و دەرخەر)ە کانیان واتای لێکسیکی خۆیان لەدەستداوە و لە دوا قۆناغدا لە فرێزەوە بوون بە دانەیەکی لێکسیکی، یا فەرهەنگی." (سدیق: ٢٠١٧، ٢٧٩) وەک نمونەکانی،

---

[3] - - بۆ زنیاری زیاتر بڕوانە ( شوانی2011: ) ، (دزەیی ٢٠١٥: ٦٥-١٠٩) ، (کەرەمی ١٣٩٦: ٢١-٤١).

(دارسێو، دارخورما، داربەڕو، چاوگەورە، ...)، کە فۆڕمی بە لێکسیکبونی فرێزی (داری سێو، داری خورما، داری بەڕو، چاوی گەورە)ن. "واتای ئەم دوکەرتەی فرێزەکان بە شێوەیەک لەگەڵ یەکتریدا دەتوێنەوە، کە هەردوکیان دەبن، بە ناولێنەرێکی دیاریکراو، پێیان دەوترێت فرێزی ئاوێتە." (خۆشناو٢٠١٦، ١٣)، کەواتە وشەی دەستەواژەیی، وشەسازییە بە ڕێگەی سینتاکسی، لە پرۆسە (ناونان)دا، واتە گۆڕینی فۆڕمێکی سینتاکسی بۆ فۆڕمێکی فەرهەنگی، کە ئەو فۆڕمە سینتاکسییە وەک یەکەیەکی فەرهەنگی هەژماردەکرێت.

## ٢-٣ : وشەکانی کات

یەکێک لە ڕێگەکانی گەیاندنی چەمکی کات وشەیە، مەبەست لە وشەکانی کات، ئەو وشانەن کە کات پیشاندەدەن و کاتی ڕودان یان ڕونەدانی کار دەستنیشان دەکەن. وشەکانی کات لە ڕوی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و واتای سیمانتیکییەوە جیاوازییان هەیە. لەم تەوەرەیەدا لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە تیشک خراوەتە سەر وشەکانی کات، لەڕوی جۆر و پێکهاتەو بنجەوە، پاشان بەپێی ئەو وشانەی وەرمانگرتووە و بەکارمانهێناوە لە سنوری ئەم توێژینەوەیەدا داتایان وەرگیراوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەو وشانەی چەمکی کاتیان تێدایە دوو جۆرن، ئەوانیش (ناوی کات و هاوەڵکاری کات)ن[4].

هێڵکاریی ژمارە (٤)

پۆلێنی وشەکانی کات




[4] – لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە (فەرهەنگی کات)ی (عەبدولوەهاب شێخانی) بەستووە کە فەرهەنگێکە تایبەتە بە ناوەکانی کات، لەگەڵ (فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە)ی (هەژار موکریانی).

## ٢-٣- ١: ناوی کات

ناوی کات ئەو وشانەن، کە چەمکی کات دەگەیەنن و ناون بۆ ناولێنانی کات. ناوەکانی کات هەمو تایبەتمەندییەکی ناوی تێدایە وەک هەر ناوێکی تر هەمان تایبەتمەندی ناوی هەیە و هەمو ئەرکەکانی ناو دەبینێت، هەروەها وەک هەر ناوێکی تر هەمو نیشانەکانی ناو وەردەگرێت. (مەحویی ٢٠٢١، ٢٣١)، واتە وەک هەر ناوێکی تر تایبەتمەندییەکانی ناوی وەک مۆرفیمەکانی (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ، ...هتد) وەردەگرن، وەکو: (ڕۆژێک، ڕۆژەکان، هەفتەیەک، وەرزێک، ...).

ناوەکانی کات هەرچەندە لە فەرهەنگدا وەکو ناو تۆمارکراون بۆ ناونانی کات، بەڵام سیمایەکی هاوەڵکرداری کاتییان تێدایە، واتە "ناوەکانی کات لە فەرهەنگدا خاوەن نیشانەی ئاوەڵکردارین، بەو هۆیەوە دەتوانن لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەربکەون." (مەعروف ٢٠٢٠، ١٩٧)، کەواتە بە هۆی ئەم سیما و نیشانەیەوە دەتوانن لە بەکارهێناندا ببن بە هاوەڵکار، ئەویش لە ڕستەدا، کە لە چاڵی هاوەڵکاری (جێکەوتەی هاوەڵکاری) دەردەکەون، لە ناوێتیی دەکەون، وەکو، "ئاوەڵکردار ئاسا بەکاردەهێنرێن."(مەحویی: ٢٠١٣، ٢٣٤) بەکارهێنانی ناو لە جێکەوتەی هاوەڵکاری کاتیدا "تەنها ئەو ناوانە ڕێیان دەدرێت لە سینتاکسدا جێکەوتەی هاوەڵکارەکانی /زوو، درەنگ/ بگرن، کە لە ڕوی واتاوە بە هەمان شێوەی ئەو ئاوەڵکردارانە فیچەری کاتیان تێدابێت." (سەعید ٢٠١٩، ١٢٠) واتە ئەو ناوانەی کە چەمکی کاتیان تێدایە و بە وشەی پرسیاری (کەی) پرسیاریان لێدەکرێت، وەکو:

- <u>بەهار</u> وەرزێکی خۆشە.
  ↓
  ناو

- ئێمە <u>بەهاران</u> گەشت دەکەین.
  ↓
  هاوەڵکاری کات

- <u>لە پایزدا</u> گەڵا دەوەرێت.
  ↓
  هاوەڵکاری کات

هەروەها ناوە گشتییەکانی، وەک (ڕۆژ، مانگ، ساڵ، سەدە، ...هتد) ناوی کاتن، وەکو:

- <u>مانگ</u> دەڕوا، <u>ساڵ</u> دەڕوا قەزا و بەڵایێ دونیایێ ناڕۆن.

بەڵام ئەگەر ناوە گشتییەکانی کات کران بە تایبەتی و دیارخران و نیشانەکران، دەتوانرێت وەک هاوەڵکاری کات بەکاربێن.(ڕەسوڵ، ٢٠٢٣، ١٠٠)، وەک (ئەم ساڵ، ساڵێکی تر، مانگێکی تر، شەوێ، بەهارێ... هتد)، بۆنمونە:

- مانگێکی تر دەڕۆم.
- شەوێ بارانێکی زۆر باری.

ناوەکانی کات سەر بە پۆلە ئاخاوتنی ناون و وەک ناو بەکاردێن، بەڵام بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری کات لە جێکەوتەی سینتاکسی هاوەڵکاردا بەکاربهێنرێن، ئەوکات لە جۆری فرێزی هاوەڵکارئاسای سینتاکسی دەبن.

خشتەی ژمارە (١)

ناوەکانی کات

| | | |
|---|---|---|
| شەو | پارشێو | سەدە |
| ڕۆژ | شەممە | چەرخ |
| بەیانی | یەک شەممە | دەم |
| سەحەر | هەینی | زەمەن |
| نیوەڕۆ | جومعە | بەهار |
| عەسر | هەفتە | هاوین |
| ئێوارە | وەرز | پایز |
| مەغریب | مانگ | زستان |
| شەو و ڕۆژ | ساڵ | نەورۆز |
| گوڵان | ڕێبەندان | ڕۆژگار |
| جۆزەردان | ڕەشەمێ | وادە |
| پوشپەڕ | ئەییام | وەخت |
| خەرمانان | سەردەم | فەسڵ |
| گەلاوێژ | شەوگار | نیوەشەو |
| ڕەزبەر | زەردەپەڕ | سەرلەبەیانی |
| گەڵاڕێزان | قیامەت | بەرەبەیان |

| | | |
|---|---|---|
| سەرماوەز | ڕەمەزان | پێشنیوەڕۆ |
| بەفرانبار | قوربان | چێشتەنگاو |
| شەبەق | پاشتێلانە | |

**٢-٣-٢: هاوەڵکاری کات**

هاوەڵکار بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتنە. "ئاوەڵکردار ئەو بەشە ئاخاوتنەیە، کە بارودۆخ و شێوەی ڕودان و جۆری چۆنێتی نیشان دەدات." (حاجی مارف ٢٠١٤، C ١١٩). وشەی هاوەڵکاری لە ڕوی چەمک و واتایەوە دابەشدەبێت بەسەر چەند جۆرێکدا، ئەوانیش (هاوەڵکاری شوێنی، هاوەڵکاری کاتی، هاوەڵکاری چۆنیەتی، ...) [5]، کە هەریەک لە وشە هاوەڵکارییەکان، شوێنی یان کاتی یان چۆنیەتی ڕودانی کارێک ڕوندەکەنەوە.

هاوەڵکاری کاتی جۆرێکە لە هاوەڵکار، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەکارەوە هەیە. بەو هاوەڵکارە دەوترێت، کە وەسفی ڕودانی کاردەکات و کاتی ڕودان و ماوەی کارەکە دەستنیشان دەکات، هاوەڵکاری کات، "بەیانی ئەو کاتە ئەکا، کە فرمانێکی تێدا ڕوئەدا." (ئەمین:٢٠١٤، ١٩١) هاوەڵکاری کاتی لە ڕستەدا ڕاستەوخۆ وەک هاوەڵکاری کات بەکاردێت ، "لە ڕستەدا بۆ ڕونکردنەوەی کاتی ڕودانی کارێکە، " واتە کاتی ڕودان یان ڕونەدانی کارێک ڕوندەکاتەوە، هەروەها "وەڵامی پرسیارەکانی (کەی؟ کەنگێ؟ چ کاتێ؟ لەکەیەوە؟) دەداتەوە."(حاجی مارف ٢٠١٤، C ١٣٢)

-کەی نانت خوارد؟ – ئێستا نانم خوارد.

– لەکەیەوە هاتوی بۆ کۆیە؟ – لە دوێنێوە هاتوم بۆ کۆیە.

لەم ڕستانەدا هەریەکە لە هاوەڵکاری کاتی (ئێستا، لە دوێنێوە) کاتی ڕودانی کارەکەیان دەستنیشانکردووە و لە بنەڕەتدا وشەی هاوەڵکاری کاتین و ڕاستەوخۆ وەک هاوڵکار بەکارهاتون. وەک پێشتر ئاماژەی پێدراوە زۆرجار ناوەکانی کات وەک هاوەڵکاری کات بەکاردەهێنرێن و دەبنە هاوەڵکارئاسا، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئەو هاوەڵکارانەن، کە لە فەرهەنگدا وەک بەشەئاخاوتنی هاوەڵکار تۆمار کراون و پۆلەکەیان دیاریکراوە.

خشتەی ژمارە (٢)

[5]- بۆزانیاری زیاتر دەربارەی هاوەڵکار و جۆرەکانی بڕوانە: (ئەمین ٢٠١٤: ١٩١-١٩٥)، (خۆشناو ٢٠٠٩: ٧٩-٨٥ )، (دزەیی ٢٠١٥: ٧٩-٨١)

هاوەڵکارەکانی کات

| | | |
|---|---|---|
| ڕابردو | دوێنێ | پێری شەو |
| ئێستا | پێری | بەسرپێری |
| داهاتو | پار | ئەوساتی |
| هەنوکە | پێرار | جارجار |
| ئەمشەو | سبەی | بەین بەین |
| ئەمڕۆ | دوسبەی | دێر |
| دائیم | بەهاری | قەدەرەک |
| دوایی | دەموجێ | ئەلحان |
| شەوێ | فەورەن | میلاد |
| دانی ئێواری | زو | ساڵەوەخت |
| بەهاران | درەنگ | پایزان |
| هاوینان | زستانان | جاران |
| هەمیشە | هەردەم | |

ئەو وشانەی چەمکی کات پیشاندەدەن ، (ناوی کات و هاوەڵکاری کات)ن، لە کۆی ئەو وشانەی لەم توێژینەوەیەدا وەرمانگرتون، وەک ئەوەی، کە دیارە دەبێتە بنەما بۆ پیشاندانی ڕێژەی هەریەکەیان، کەلەم ئامارەدا خراوەتەڕو:

ئاماری ژمارە (١)

خستنەڕوی وشەکانی کات



## ٢-٤: سروشت و تایبەتمەندیی وشەکانی کات

وشەکانی هەر زمانێک تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لە ڕوی پێکهاتن و لە ڕوی بنج و لە ڕوی ڕێڕەوی کاتەوە جیادەکرێنەوە. وشەکانی کاتیش بەدەرنین لەم ڕێڕەوە، ئەو نمونانەی وەرمانگرتون بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەسەر ئەم ڕێڕەوە بەم جۆرەی خوارەوە پۆلێنیان دەکەین:

هێڵکاریی ژمارە (٥)




## ٢-٤-١: وشەکانی کات لەڕوی پێکهاتەوە

مەبەست لە پێکهاتن واتە بونیادی وشەکە لەڕوی پێکهاتەوە چۆن دروستبووە، دیارە وشەی سادە بنچینەی زمانە، دەتوانرێ وشەی تریان لێ دروستبکرێت و ببنە بناغەی دروستکردنی وشەی تر، چونکە وشە سادەکان بە تەنیا ناتوانن پێویستییەکانی زمان پڕ بکەنەوە، واتە زمان بە تەنیا بەو گەنجینە وشەیەی کە هەیەتی ناتوانێت ناو لە هەمو پێویستییەکانی ژیان و داهێنان و بیرێکی تازە بنێت، کە دێتە زمانەوە. بۆیە زۆربەی زمانەکان وشەکانیان هەر بەسادەیی نامێننەوە، بەڵکو وشە سادەکان بە پێڕەوێکی مۆرفۆلۆژی، بەهۆی پرۆسەی داڕشتن و لێکدانەوە، لەڕوی فۆرم و واتاوە گۆڕانیان بەسەردا دێت، وشەی نوێ بەواتای نوێیان لێدروستدەکەن و بەشداری دەکەن لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان.

زمانی کوردیش لەم ڕێگەیەوە چەندین وشەی نوێ دروستدەکات، لە هەمو پۆلەئاخاوتنەکانی ناو و هاوەڵناو و هاوەڵکار و کار. وشەکانی کات لەڕوی پێکهاتەوە سێ جۆرن، کە لەخوارەوە بەجیا باسی هەرسێک جۆرەکەمان کردووە.

## ٢-٤-١-١: وشە سادەکانی کات

وشەی سادە بەو وشانە دەوترێت، کە لە ئەنجامی لێکدانی چەند فۆنیمێک پێکهاتووە بە شێوەیەکی تایبەت خراونەتە پاڵیەک و واتایەکی تەواوی هەیە، "ئەو واژەیەیە، کە تەنیا ڕیشەیەکی هەیە."(ئەمین: ٢٠١٤، ٣٤) واتە یەک بنەمای هەیە و هیچ زیادەیەکی پێوە نییە، کەواتە "ئەو وشانەن بەسەر مۆرفیمدا دابەش نابن."(حاجی مارف ٢٠١٤، B ٦٤)، چونکە تەنها لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ پێکدێن و واتایەکی تەواو دەبەخشن. ئەم وشەسادانەش هەندێکیان چەمکی کات دەگەیەنن، وەک وشەکانی ئەم خشتەی خوارەوە.

خشتەی ژمارە (٣)

وشەسادەکانی کات

| | | |
|---|---|---|
| شەو | شەبەق | پایز |
| ڕۆژ | وەرز | زستان |
| بەیانی | مانگ | گەلاوێژ |
| سەحەر | ساڵ | ڕەمەزان |
| عەسر | درەنگ | قوربان |
| ئێوارە | چەرخ | ئەییام |
| مەغریب | دەم | میلاد |
| شەممە | زەمەن | قیامەت |
| هەینی | بەهار | وادە |
| جومعە | هاوین | وەخت |
| فەسڵ | دوێنێ | پێرار |
| ئێستا | پێرێ | دائیم |
| هەنوکە | پار | دێر |
| فەورەن | زو | سبەی |
| هەمیشە | | |

### ٢-٤-١-٢: وشە داڕێژراوەکانی کات

ئەو جۆرە وشە ناسادانەن، بە ڕێگەی داڕشتن دروستدەکرێن، بەهۆی وشەیەکی سادەی واتادار و گیرەکەکان (Affixes) . واتە وشەی داڕێژراو " ئەو وشە ناسادەیەیە، کە لە وشەیەکی سادە و زیادەیەک پێکدێت، ئینجا زیادەکە پێشگر یان پاشگر یان هەردو (پێشگر و پاشگر) پێکەوەبن."(حاجی مارف B،٢٠١٤ ٦٥) واتە بە وشەیەکی سادە و وەرگرتنی گیرەکێک یان زیاتر وشەی نوێ بە چەمک و واتای نوێ دروست دەبن و دەچنە ناو فەرهەنگەوە، فەرهەنگی زمانەکە دەوڵەمەند دەکەن. وەک ئەم نمونانەی خوارەوە، کە لە وشەیەکی سادە و گیرەکێک یان زیاتر پێکهاتون.

خشتەی ژمارە (٤)

وشەداڕێژراوەکانی کات

| | | |
|---|---|---|
| گوڵان | داهاتو | پاشتێلانە |
| خەرمانان | ڕابردو | هاوینان |
| هەفتە | شەوێ | پایزان |
| شەوگار | بەهارێ | بەهاران |
| ڕۆژگار | قەدەرەک | زستانان |
| ڕێبەندان | ئەلحان | سەدە |
| جاران | دوایی | |

### ٢-٤-١-٣: وشە لێکدراوەکانی کات

جۆرێکن لە وشەی ناسادە، کە لە لێکدانی دوو وشە یان زیاتر پێکدێت و وشەیەکی نوێ بە واتایەکی نوێ دێتە کایەوە، یەکێکە لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی زمان. ئەو وشە لێکدراوە "لە دوو مۆرفیمی سادەی واتادار یان پتر پێکدێت و واتایەکی نوێ دەگەیەنێت."(عبدالله ٢٠٠٧، ١٥٦)، واتە وشەی لێکدراو هەندێک جار لە دوو مۆرفیمی واتادار پێکدێت، وەک (یەک شەممە، دوێنێ شەو، ...) واتە لێکدانەکە ڕاستەوخۆیە، هەندێک جاریش بە یارمەتی ئامرازێک دروستدەبێت، وەک (مانگەشەو، شەووڕۆژ) هەندێ وشەی لێکدراویش بەهۆی دوبارەکردنەوەی وشەکە دروستدەبێت، وەک (جارجار، بەین بەین، ناوەناوە، ...)، بەڵام مەرج نییە واتای وشە تازەکە لەگەڵ واتای دوو وشە بنچینەییەکە یەکسان بێت. لە وشەی لێکداراودا یان وشەی یەکەم واتای وشەی دووەم

تەواودەکات و مەبەستەکە ڕوندەکاتەوە، وەک: (ئەمساڵ) لەم وشە لێکدراوەدا  وشەی (ئەم) وشەی (ساڵ) تەواو دەکات، یان وشەی دووەم واتای وشەی یەکەم تەواودەکات، وەک وشەی لێکدراوی (دوێنێ شەو) لەم وشە لێکدراوەدا، وشەی (شەو) واتای وشەی (دوێنێ) تەواو دەکات. (ئەمین: ٢٠١٤، ٣٥).

خشتەی ژمارە (٥)

وشە لێکدراوەکانی کات

| | | |
|---|---|---|
| نیوەڕۆ | گەڵاڕێزان | سەرلەبەیانی |
| شەووڕۆژ | سەرماوەز | پێشنیوەڕۆ |
| پارشێو | بەفرانبار | چێشتەنگاو |
| یەک شەممە | ڕەشەمێ | نیوەشەو |
| جۆزەردان | سەردەم | ئەمشەو |
| پوشپەڕ | بەرەبەیان | ئەمڕۆ |
| دوسبەی | بەسرپێری | نەورۆز |
| دانی ئێواری | ئەوساتی | بەین بەین |
| پێری شەو | جارجار | دەموجێ |
| هەردەم | زەردەپەڕ | ساڵەوەخت |
| ڕەزبەر | | |

لەکۆی ئەو نمونانەی وەرمان گرتون، وشەکانی کات لەڕوی پێکهاتەوە ڕێژەیان بەم شێوەی خوارەوە لەم ئامارەدا دەردەکەون:

ئاماری ژمارە (٢)

وشەکانی کات لەڕوی پێکهاتەوە



## ٢-٤-٢: وشەكانی كات لەڕوی بنجەوە

لە زمانی كوردیدا وشەكان لە ڕوی بنجەوە بەگشتی دوجۆرن یان وشەی خۆماڵی و ڕەسەنن یان وشەی خوازراون، لە زمانێكی ترەوە وەرگیراون و هێنراوەتە ناو زمانەكەوە.

### ٢-٤-٢-١: وشە ڕەسەنەكانی كات

ئەو وشە ڕەسەن و خۆماڵیانەی زمان دەگرێتەوە، كە لە بنەڕەتەوە تایبەتن بە زمانی كوردی، چەمكی واتایی كاتیان تێدایە. وەك ئەم وشانەی ناو خشتەكەی خوارەوە.

خشتەی ژمارە (٦)

وشە ڕەسەنەكانی كات

| | | |
|---|---|---|
| شەو | ئێوارە | یەک شەممە |
| ڕۆژ | شەووڕۆژ | هەینی |
| بەیانی | پارشێو | هەفتە |
| نیوەڕۆ | شەممە | وەرز |
| مانگ | گوڵان | بەرەبەیان |
| ساڵ | جۆزەردان | پێشنیوەڕۆ |
| سەدە | پوشپەڕ | چێشتەنگاو |
| چەرخ | خەرمانان | شەوگار |
| دەم | گەلاوێژ | ڕۆژگار |
| بەهار | ڕەزبەر | وادە |
| هاوین | گەڵاڕێزان | نیوەشەو |
| پایز | سەرماوەز | سەردەم |
| زستان | بەفرانبار | ڕابردو |
| قوربان | ڕێبەندان | ئێستا |
| زەردەپەڕ | ڕەشەمێ | داهاتو |
| نەورۆز | سەرلەبەیانی | هەنوكە |
| پێرێ شەو | بەسرپێرێ | ئەمشەو |
| سبەی | ئەوساتی | ئەمڕۆ |
| دوسبەی | جارجار | دوێنێ |
| پێرار | ساڵەوەخت | پێرێ |

| پار | بەین بەین | دوایی |
|---|---|---|
| شەوێ | دەموجێ | دانی ئێوارێ |
| بەهارێ | شەبەق | پاشتێلانە |
| زو | درەنگ | هاوینان |
| دێر | بەهاران | پایزان |
| زستانان | هەردەم | هەمیشە |
| جاران | | |

## ٢-٤-٢-٢: وشەی خوازراو(وەرگیراو)ەکانی کات

وشەکانی زمان بەردەوام لەزیادبون دان، ئەویش بەهۆی پێویستی و پێشکەوتن و گۆڕان و داهێنانی بەردەوام لە گشت بوارەکان لە دونیای دەرەوەی زماندا. هەر داهێنان و بیرێک، یا زیادبونی پێویستییەکی تازە، کە دێتە ئاراوە، لە بەرانبەردا پێویستە ناوی لێبنرێت. هیچ زمانێک لە توانایدا نییە تەنیا بە وشەکانی زمانی خۆی پێویستییەکانی زمان پڕبکاتەوە، بۆیە وشە لە زمانێکی ترەوە وەردەگرێت، ڕێگای وەرگرتن یەکێکە لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشە لە زماندا. "وشە هاوردەکردن وەنەبێت هەر لە زمانێکدا هەبێت، بەڵکو لە نێو هەمو زمانەکانی جیهاندا ڕودەدات ."(خۆشناو: ٢٠١٦، ١٢٥) زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی تر لە ڕێگەی وەرگرتنەوە بە هەزاران وشەی لە زمانەکانی ترەوە وەرگرتووە، ئەم ڕێگایەش هۆکارێک بووە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان و فەرهەنگی زمانی کوردی، چونکە لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن و دەبن بە بەشێک لە وشەکانی زمان.

زۆربەی کات وشە وەرگیراوەکان وەک وشە ڕەسەنەکەی ئەو زمانە نامێنێتەوە، کە لێی وەرگیراوە، بەڵکو دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی فۆنۆلۆژی زمانە وەرگرەکە، واتە هەر وشەیەکی بێگانە هاتە ناو زمانی کوردی، دەبێ بخرێتە ژێرڕکێفی دەستوری زمانەوانی کوردییەوە و لە ڕوی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و ئۆرتۆگرافییەوە. (نەبەز: ١٩٧٦، ٧٦) بەتایبەتی ئەو فۆنیمانەی کە لە زمانەکەدا نین و لەگەڵ فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی ناگونجێن، دەکەونە ژێر کاریگەریی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانەوە دەگونجێنرێن و مۆرکیکی خۆماڵیانە وەردەگرن.

خشتەی ژمارە (٧)

وشە خوازراوەکانی کات

| | | |
|---|---|---|
| ڕەمەزان | سەحەر | دائیم |
| ئەییام | مەغریب | ئەلحان |
| قیامەت | جومعە | فەورەن |
| فەسڵ | عەسر | قەدەرەک |
| وەخت | زەمەن | میلاد |

لەسەر بنەمای  ئەو وشانەی وەکو داتا وەرگیراون، لە ڕوی بنجی وشەکانەوە ڕێژەکەیان بەم جۆرەی خوارەوەیە:

ئاماری ژمارە (٣)

وشەکانی کات لەڕوی بنجەوە




## ٢-٥: پۆلێنکردنی وشەکانی کات لەسەر بنەمای ڕێڕەوی کات

کات وەک پێشتر ئاماژەمان بۆیکردووە، لە سەر هێڵێکی ڕاست دەڕوات لە ڕابردووەوە دەستپێدەکات و بە ئێستادا تێدەپەڕێت تا دەگات بە داهاتو. لە زماندا و لەکاتی ئاخاوتندا لە ڕێگەی هاوەڵکاری کاتی[6] یان مۆرفیمەکانی کات دەردەبڕدرێن و ئاماژە بۆ کاتی مەبەست، کە ڕابردووە یان ئێستایە یان داهاتووە دەکرێت.

[6]- چونکە بەشێکی زۆری ئاوەڵکرداری کات ناوی کاتن، بەڵام لە بەکارهێناندا، کە ڕودانی کارێک نیشاندەدەن دەبن بە هاوەڵکاری کاتی، بۆیە دەڵێین هاوەڵکاری کاتی و ناڵێین ناوی کات.

### ٢-٥-١: کاتی ڕابردو

کاتی ڕابردو پێش کاتی ئاخاوتن دەکەوێت، واتە باس لە شتێک دەکرێت یان ڕوداوێک، کە لە رابردودا و پێش ئێستا ڕویداوە و ئاخاوتنەکە دەکەوێتە دوای ڕوداوەکە، کە زۆرجار لەڕێگەی وشە کاتگەیەنەرەکانەوە دەردەبڕدرین، وەک ئەو وشانەی خوارەوە، کە چەمکی کاتی ڕابردویان تێدایە: (ڕابردو، ئەوساتی، دوێنێ، پێرێ، پار، پێرار، پێرێ شەو، بەسرپێرێ، میلاد، دێر)

خشتەی ژمارە (٨)

وشاکانی کاتی ڕابردو

| | | |
|---|---|---|
| ڕابردو | پار | میلاد |
| ئەوساتی | پێرار | دێر |
| دوێنێ | پێرێ شەو | جاران |
| پێرێ | بەسرپێرێ | |

### ٢-٥-٢: کاتی ئێستا

مەبەست لێی کاتی ئاخاوتنە، واتە کاتی ئێستا گوزارشت لە کردارێک دەکات، کە ئێستا یان لەکاتی ئاخاوتندا ڕودەدات. ئەم چەند وشەی خوارەوە هەڵگری واتای کاتی ئێستان.

خشتەی ژمارە (٩)

وشەکانی کاتی ئێستا

| | |
|---|---|
| ئێستا | هەنوکە |
| ئەلحان | فەورەن |

### ٢-٥-٣: کاتی داهاتو

کاتێکە، کە هێشتا بونی نییە. دەربڕینی کردارێکە یان باسکردنی حاڵەتێکە، کە ئێستا ڕوی نەداوە تەنیا پێشبینی کردنە. لەڕێگەی وشەکانی کات، کە واتای داهاتو دەگەیەنن، باسی داهاتو دەکەین، وەک ئەم وشە کاتییانەی خوارەوە: (داهاتو، ئەمشەو، دوسبەی، دوایی، سبەی شەو).

خشتەی ژمارە (١٠)

وشەکانی کاتی داهاتو

| دوایی | دوسبەی |
|---|---|
| ئەمشەو | سبەی |

ئەو وشانەی وەرمان گرتون لە سنوری ئەم توێژینەوەیەدا، بەتایبەتی وشەکانی ناوی کات هەڵگری چەمکی کاتن، بەڵام لە روی رێرەوی کاتەوە، لە بەکارهێناندا کاتەکەیان بەدیاردەکەوێت، کە بون بەهاوەڵکار ئاسا و وەسفی رِوداوێکیان کردووە. واتە ئەو وشانە نەکەوتونەتە ژێر هیچ کام لەم پۆلێنەی رێرەوی کات، بەڵکو لە بەکارهێناندا جۆری کاتەکە بەدیاردەکەوێت، کە بۆ رابردووە یان ئێستا یان داهاتووە، واتە پەیوەندی بە بەکارهێنانەوە هەیە بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەردەکەوێت. هەروەها هەندێک لە هاوەڵکارەکانی وەک (بەین بەین، هەمو کاتێک، جارجار، دائیم، ....) چەمکی بەردەوامیان تێدایە و لە بەکارهێناندا دەردەکەوێت، ئایا ئەو بەردەوامییە بەس لە رابردودا بووە و تەواوبووە یان لە ئێستادایە یان لە هەرسێک کاتەکەدا بەردەوامە. بەپێی ئەو نمونانەی وەرگیراون لە وشەکانی کات، رێژە و توانای هەریەکێک لە وشەکان بەم شێوەی خوارەوە دەخەینەڕو:

ئاماری ژمارە (٤)

خستنە ڕوی وشەکان لەسەر بنەمای ڕێرەوی کات



## ٢-٦: دەستەواژە فەرهەنگییەکانی کات

بەو دەستەواژانە دەوترێت، کە بەڕێگای سینتاکسی دروستکراون، بۆ ناونانی کات و بەلێکسیمبوون و یەکسان بوون بە وشە. لە

ڕوی پێکهاتنەوە دەستەواژەکانی کات ڕۆنانێکی دیارخەری و دیارخراوی هەیە، واتە لە سەرە و دیارخراوێک پێکدێن، کە زۆرجار هەردوکیان لەو وشانەن، کە چەمکی کاتیان تێدایە بۆ دیاریکردنی کاتێکی دیاریکراو، بۆ نمونە (هەفتەی ئایندە)، یان دەشێ وشەیەکیان کات بێت و یەکێکیان وشەیەکی تر. هەروەها دەشێت هیچیان چەمکی کاتیان تێدا نەبێت. هەروەها دەشێت واتای ڕاستەوخۆ کات پیشانبدەن یان واتایەکی میتافۆڕی و ئیدیەمی کات، وەک (ئەستێرەی سیوەیل)

خشتەی ژمارە (١١)

دەستەواژە فەرهەنگییەکانی کات

| | | |
|---|---|---|
| ئەستێرەی سیوەیل | ساڵی ڕابردو | وەرزی زستان |
| ئەستێرەی ڕۆژێ | کاتی قیامەت | وەرزی بەهار |
| ڕۆژی دوایی | بانگی مەغریب | لە ڕۆژدا |
| بانگی ئێوارە | جاریجاران | بەشەوێ |
| هەفتەی ئایندە | کاتی بەیانی | کۆتایی ساڵ |
| سەدەی داهاتو | ساڵێکی تر | سەری ساڵ |
| سەدەی حەڤدە | سبەی شەو | |

## ٢-٧: مۆرفیمە بەندەکانی کات

مەبەست لەو مۆرفیمانەیە، کە بە تەنیا واتایان نییە و دەرناکەون و دەچنە سەر هەندێک بنکە ناوی کات دروست دەکەن، یان کاتی ڕاگەیاندنی کارێک دیاریدەکەن، واتە ئەو مۆرفیمە بەندانە هەڵگری چەمکی کاتن. مۆرفیمە بەندەکانی کات لەسەر بنەمای ئەرک و واتایان دابەش دەبن بەسەر دوو جۆردا: مۆرفیمی بەندی فەرهەنگی (لێکسیکی) و مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (گراماتیکی).

## ٢-٦-١: مۆرفیمە بەندە فەرهەنگییەکانی کات

بەو مۆرفیمە بەندانە دەوترێت، کە هەڵگری چەمکی واتایی کاتن، کاتێک دەچنە سەر بنکە چەمکی کات دەگەیەنن. بە شێوەیەکی گشتی مۆڕفیمە بەندە فەرهەنگییەکانی کات زۆر چالاک نین ژمارەی ئەو مۆرفیمانە کەمن. ئەو مۆڕفیمە فەرهەنگییانەی دەتوانن چەمکی کات بگەیەنن، بریتین لە /گار/، /ان/.

هێڵکاریی ژمارە (٦)

مۆڕفیمە فەرهەنگییەکانی کات




مۆڕفیمی /گار/ بە واتاو چەمکی جیاواز لە زمانی فارسیدا چالاکە. (فرشیدورد ١٣٨٦، ٣٧٨)، لە زمانی کوردیشدا واتا و چەمکی جیاواز دەگەیەنێت، بەڵام کە دەچێتە سەر ناوی کات دەبێتە هۆی گەیاندنی چەمکی کاتی دیاریکراوی گشتی، وەکو: ڕۆژگار ، شەوگار.

هەروەها مۆرفیمی /ان/ : مۆڕفیمێکی فرەئەرکە لە زمانی کوردیدا، هەم لە بواری داڕشتن و هەم لە بواری ڕێزمانیشدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت. یەکێک لەو چەمکە فەرهەنگیانەی کە ئەم مۆڕفیمە پیشانی دەدات چەمکی کاتە و هاوەڵکاری کات دروستدەکات. (بابان ٢٠١٤، ٥٣) وەکو (شەوان، ڕۆژان، ئێواران، بەهاران، ساڵان...).

هەروەها مۆڕفیمی (انە) چەمکی کات دەگەیەنێت، کە دەچێتە سەر هەندێک وشە، وەک: (شەوانە، ڕۆژانە، هەفتانە، ساڵانە، ...).

## ٢-٦-٢: مۆرفیمه بەندە ڕێزمانییەکانی کات

مەبەست لەو مۆرفیمە بەندانەن، کە لەگەڵ کاردا دێن و چەمکی کات دەگەیەنن و جۆرێکن لە مۆرفیمە ڕێزمانییەکان.[7] ئەرکیان دەرخستن و ڕونکردنەوەی کاتە لە چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا. "(مۆرفیمی تاف، مەرجی بنەڕەتیی کرداری تافدارە، بۆیە هەبونی خورتیی و نەگۆڕە." (سەعید ٢٠١٩، ١٤٩) لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک مۆرفیمی کات هەن، کە بە شێوەی پێشگر یان پاشگر دەچنە سەر ڕەگی کار و چەشنەکانی کات دیاریدەکەن، هیچ ئاخاوتنێک بەبێ مۆرفیمی کات دەرنابڕدرێت. لە زمانی کوردیدا "چەمکی کات پتر بە مۆرفیمی بەندی کورت دەردەبڕدرێ و ئەگەر پێویست بو بە هاوەڵکار پتر ورد و نزیک دەکرێتەوە." (ڕەسوڵ: ٢٠١٤، ٨٧)، واتە هیچ کار و ڕوداوێک بە بێ مۆرفیمی کات دروست نابێت، بەڵام ئەگەر بمانەوێ کاتەکە ڕونتر و دیاریکراو بێت، ئەوا هاوەڵکارەکاتییەکانی وەک، (ئێستا، داویی، ڕۆژێکی تر، دوێنێ، ...) بەکاردێنین. لە گرنگترین مۆرفیمە بەندەکانی کات ئەمانەن:

هێڵکاریی ژمارە (٧)

مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی کات




---

[7]- دەربارەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان بڕوانە، (ئەحمەد ١٩٩٠: )، (قادر ٢٠٠٠: ٨٨-٩٦)، (خۆشناو ٢٠١٦: ٣١-٣٣).

ئاماری ژمارە (٥)

پۆلێنی مۆرفیمە بەندەکانی کات




## ٢-٨: مۆرفیمە بەندەکانی کات لەسەر بنەمای ڕێڕەوی کات

مۆرفیمە بەندەکانی کات، لە ڕوی گەیاندنی چەمکی کاتەوە دابەش دەبن بۆ سێ بەشی سەرەکی: مۆرفیمەکانی کاتیی ڕابردو و مۆرفیمەکانی کاتی ئێستا و مۆرفیمەکانی کاتی داهاتو.

هێڵکاریی ژمارە (٨)

جۆرەکانی کات لە مۆرفیمی بەنددا




کاتی ئێستا و داهاتو، هەردوکیان کاتی ڕانەبردون، چونکە "دەمی ڕانەبردو لە نێوان ئێستا و داهاتو هاوبەشە." (ڕەئوف: ٢٠٠٨، ٨١) واتە هەردوکیان ڕانەبردون، بەڵام لە کاتی ئێستادا ڕوداوەکە لەکاتی ئاخاوتندا ڕودەدات، کاتی داهاتو ڕوداوەکە دەکەوێتە دوای ئاخاوتن. لە کرمانجی خواروودا بۆ جیاکردنەوەی کاتی ئیستا و کاتی داهاتو هیچ نیشانەییەکی مۆرفۆلۆژی نییە. جیاکردنەوەیان بە ڕێگەی لێکسیکی، واتە بەیاریدەی هەندێک وشە بەتایبەتی هاوەڵکارەوە مەبەست دەردەبڕن، کە بۆ کاتی ئێستا (وا، ئەوا، ئێستا) بەکاردێت، بۆکاتی داهاتوش (بەیانی، دوسبەی ساڵیکی تر، ... هتد)

بەکاردێت، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجی ژورودا بۆ جیاکردنەوەی کاتی ئێستا و کاتی داهاتو نیشانەی وشەسازی هەیە، کە مۆرفیمی (د) بۆ کاتی ئێستا و مۆرفیمی (دێ) بۆ کاتی داهاتو بەکاردێت. (حاجی مارف ٢٠١٤،D ١٩٧- ١٩٩ )، وەک:

- ئەز دِچم.

- ئەز دێ چم.

## ٢-٨-١: مۆرفیمە بەندەکانی کاتی ڕابردو

مۆرفیمی کاتی ڕابردو، کاتی ڕودانی کارێک یان حاڵەتێک نیشاندەدات، کە لە ڕابردودا و لەپێش ئاخاوتن ڕویداوە و تەواو بووە، واتە کاتی ڕودانی کارەکە، پێش کاتی ئاخاوتنە و کۆتایی هاتووە. هەمو کارێک لە چاوگەوە وەردەگیرێت، "هەمو چاوگێک لە زمانی کوردیدا بە (ن) کۆتایی دێت. پێش (ن) یەکێ لەم پێنج فۆنیمانە دەرئەکەوێ (ی، ا، و، د، ت)" (ئەمین ٢٠٠٩، ١٣٣) واتە بە لابردنی نونی چاوگ کاری ڕابردوی نزیک دروست دەبێت ، کە ئەو فۆنیمانەش وەک، "پێنج مۆرفیمی کاتی ڕابردون بەگوێرەی جۆری ڕەگی کردارەکان، لە شێوەی پاشگردا دەردەکەون." (عەول ٢٠٠١، ٢٩) بە شێوەیەکی گشتی چاوگ لە چەند مۆرفیمێک پێکدێت، وەک ئەم ڕونکردنەوەی خوارەوە:

چاوگ: ڕ.کار + م. کاتی ڕابردو + (ن) چاوگ



**٢-٨-١-١: مۆرفیمی كاتی ڕابردوی/-ا/:**

خنكا

ڕژا

برژا

دانا

**٢-٨-١-٢: مۆرفیمی كاتی ڕابردوی/-د/:**

نارد

كرد

خوارد ، ژمارد

**٢-٨-١-٣ مۆرفیمی كاتی ڕابردوی/-ت/:**

فرۆشت

خواست

خەوت

گرت

**٢-٨-١-٤: مۆرفیمی تافی ڕابردوی/-و/:**

چو

بو

درو

**٢-٨-١-٥: مۆرفیمی كاتی ڕابردوی/-ی/:**

فڕی

کڕی

بڕی

وەری

هەروەها جگە لەو مۆڕفیمانەی کاتی ڕابردو، کاتی ڕابردو دابەشدەبێت بەسەر چەند مەودایەکدا، کە لە ڕێگەی چەند مۆڕفیمێکەوە پیشاندەدرێن، "لەسەر بنەمای ماوەی ڕودانی کار دیاریدەکرێت، یان ماوەیەکی کاتی کارەکە و بەردەوامییەکەی پیشان دەدات.[8]" (عەبوزێد ٢٠٠٧، ٩) ، ئەم مۆڕفیمانە بۆ دیاریکردن و زیاتر وردکردنەوەی کاتی ڕابردو و ماوەکەیەتی، ئەویش بەپێی ڕوکاری کارەکە جیاوازن، واتە ئەو مۆڕفیمە بەندانەن کە لە ڕوکارە هەواڵ (ڕاگەیاندن) و ڕوکاری مەرج و خۆزگەدا دەردەکەون، ئەو مەودایانەی کاتیش کاتی ڕابردوی (نزیک ، دور ، تەواو، بەردەوام)ە، کە لە خوارەوە بەجیا باسمانکردووە و نمونەمان بۆ هێناونەتەوە.

### ٢-٨-١-٦: ڕوکارە هەواڵ (ڕاگەیاندن)

ئەم مۆڕفیمە بەندانە ئاماژە بۆ ڕودان یان ڕونەدانی کارێک دەکات لە ڕابردودا، کە لە دونیای ڕاستیدایە و دورە لە خۆزگە و ئاوات خواستن، وەک ئەم مۆڕفیمانەی خوارەوە:

### ٢-٨-١-٦-١: /Ø/ مۆڕفیمی ماوە کاتی ڕابردوی نزیک (سادە)ی ڕاگەیاندن:

ئەم مۆڕفیمە بۆ پیشاندانی کاری ڕابردوی نزیکە لە ڕوکارە هەواڵدا. (قادر ٢٠٠٣، ٦٣)، واتە بۆ پیشاندانی کارێکە، کە لە پێش ئاخاوتن لە ڕابردویەکی نزیکدا ڕویداوە و تەواو بووە. بۆ ڕابردوی نزیک فۆڕمێکی دیارمان نییە و فۆڕمەکەی سفرە (Ø)، وەک:

ڕۆیشتØ

خەوتØ

هاتØ

خواردØ

[8] – هەندێ لە زمانەوانان ئەو مۆڕفیمانە بە ئەسپێکت دادەنێن، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، جیامان نەکردۆتەوە و بە مۆڕفیمەکانی کاتمان داناون، چونکە چەمکە گشتییەکەمان وەرگرتووە، کە مۆڕفیمی کات گەیەنن.

**٢-٨-١-٦-٢:/-بو/ مۆرفیمی ماوەکاتی ڕابردوی دوری ڕاگەیاندن:**

ئەم مۆرفیمە بۆ پیشاندانی کاری ڕابردوی دور بەکاردێت، لە دورترین کاتی قسەکردنەوە.(خۆشناو ٢٠١٦، ٢٨٦)، مۆرفیمی /-بو/ ئەرکی پیشاندانی ڕودانی کارێکە، لە مەودایەکی دوردا، لەپێش ئاخاوتندا ڕویداوە، وەک:

هێنابو

فرۆشتبو

بردبو

سوتابو

**٢-٨-١-٦-٣:/-وە/ مۆرفیمی ماوەکاتی ڕابردوی تەواوی ڕاگەیاندن:**

ئەم مۆرفیمە مەودای ئەو کاتە دەخاتەڕو، کە لە نێوان ڕودانی ڕوداوێک و ساتی ئاخاوتن لەسەر ئەو ڕوداوە هەیە، بۆ ئەوەی مانەوەی کاریگەری ئەو ڕوداوە لەسەر قسەکەر تا دەمی ئاخاوتن ڕونبکاتەوە، دیارە دەربڕینی فۆرمی ڕابردوی تەواویش لە ڕێگەی مۆرفیمی /وە/- /ووە/ دەبێت، کە واتای مانەوەی کاریگەری کردە دەگەیەنێت.(مستەفا ٢٠٢١، ١١٢)، واتە پیشاندانی چەمکی تەواوییەتی و تەواوبونی ڕوداوەکە و کاریگەرییەکەی لە ڕابردودا، وەک:

چووە

کردووە

هێناوە

**٢-٨-١-٦-٤: /دە-/ مۆرفیمی ماوەکاتی ڕابردوی بەردەوامی ڕاگەیاندن:**

ئەم مۆرفیمە، بەردەوامی کارێک لە ڕابردودا پیشاندەدات تاکاتی ئاخاوتن، واتە " ماوەی ئەنجامدانی کاری ڕابردوی بەردەوام، لە ڕابردوەوە تا کاتی ئێستایە، واتە، کارەکە لە ڕودان بەردەوامە تا دەمی ئاخاوتن و لەگەڵ ئاخاوتن بواری ڕودانی تەواو دەبێت." (ڕەسوڵ ٢٠١٤، ١١٠)،

پیشاندانی ماوەی ڕودانی کارێکە لە ڕابردودا دەستی پێکردووە و بەردەوامی هەیە تا کاتی ئاخاوتن، لە کاتی ئاخاوتندا کۆتایی پێدێت و تەواو دەبێت، وەک:

دەهات

دەکەوت

**دە**ڕوخا

دەهێنا

**٢-٨-١-7: ڕوکاری مەرج و خۆزگە:**

لە ڕوکاری مەرج و خۆزگەییدا، ڕودانی کارەکە لە شێوەی گومان و مەرج و خۆزگەدا، واتا و مەبەستەکەی دەردەکەوێت، کە بە گشتی بۆ دەربڕینی هیوا و خۆزگە و وێناکردنە[9]، بە جۆرێک نادڵنیایی لە ڕودانی کارەکە هەیە لای قسەکەر. بۆ دەربڕین و نیشاندانی ماوەکاتی ڕوکاری خۆزگەیی بۆ کاتی ڕابردو چەند مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی هەیە، بۆ گەیاندنی چەمکی ماوەی ڕودانی کار، لەوانە:

**٢-٨-1-7-1: /-با/ مۆرفیمی ماوەکاتی ڕابردوی نزیکی مەرج و خۆزگە:**

ئەم مۆرفیمە بۆ پیشاندانی ماوەکاتی کاری ڕابردوی نزیک لە ڕوکاری مەرج و خۆزگەدابەکاردێت، وەک:

گرتبا

هاتبا

ڕۆیشتبا

بانگکردبا

**٢-٨-1-7-2: /بوبا/ مۆرفیمی ماوەکاتی ڕابردوی دوری مەرج و خۆزگە:**

کەوتبوبا

---

[9] - بۆ زانیاری تەواو لەبارەی ئەم مۆرفیمانە بڕوانە: (حاجی مارف ٢٠١٤: ٢١٦-٢٣٨)، (مستەفا ٢٠٢١: ١١٣-١١٥)، (ڕەسوڵ ٢٠١٥: ١٠٧-١١٤).

هەڵفڕیبوبا

فرۆشتبوبا

هێنابوبا

**٢-٨-1-7-3: /-بێت/ مۆڕفیمی ماوەکاتی ڕابردوی تەواوی مەرج و خۆزگە:**

نوسیبێت

شکابێت

دڕابێت

خنکابێت

**٢-٨-1-7-4: /ب.....بایە/ مۆڕفیمی ماوەکاتی ڕابردوی بەردەوامی مەرج و خۆزگە:**

ئەم مۆڕفیمە فۆڕمێکی پچڕاوی هەیە، وەک:

بهاتبایە

بفڕیبایە

بچاندبایە

بدوریبایە

**٢-٨-1-8: /-ا/ مۆڕفیمی تافی ڕابردوی نادیاری**

لە ڕستەی بکەرنادیاردا، مۆڕفیمی /-ا/ مۆڕفیمی ڕابردووە. (خۆشناو ٢٠١٦، ١٢٩)، وەک:

کێڵرا

نوسرا

فرۆشرا

داخرا

**٢-8-2: مۆرفیمەکانی کاتی ڕانەبردو**

ئەو مۆرفیمانە ڕودانی کارێک پیشاندەدەن، کە لە کاتی ئاخاوتن یان لە دوای ئاخاوتن ئەنجام دەدرێت. واتە بە پێچەوانەی کاری ڕابردووەوە، لە پێشتر نەکراوە، بەڵکو نیازی ئەنجامدانی تێدایە لە ئێستادا یان لە داهاتو. لە دیالێکتی کرمانجی خوارودا مۆرفیمی /دە-/ بۆ پیشاندانی کاتی ڕانەبردو لە دەمی ئێستاو داهاتو، لە ڕوکاری مەرجی و خۆزگەیی (ئینشائی)ی، مۆرفیمی /ب-/ بەکاردێت (عەول ٢٠٠١، ٢٨).

**٢-8-2-1: /دە-/ مۆرفیمی کاتی ڕانەبردو**

- دەنوسم.
- دەڕێژم.
- دەهێنم.
- دادەنیشم.

**٢-8-2-2: /ب-/ مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوی کاری مەرج و خۆزگە**

- دەبێت بخۆی.
- لەوانەیە بڕوات.
- دەشێ بچم.

**٢-8-2-3: /-ێ/ مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوی نادیاری**

- دەفرۆشرێ
- دەنوسرێ
- دەسوتێ

ئاماری ژمارە (٦)

پۆلێنی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی  کات لەسەر بنەمای ڕێڕەوی کات




## ٢-9: پۆلێنی مۆرفیمە بەندەکانی کات لەسەر بنەمای دەرکەوتنیان:

مۆرفیمە بەندەکان بەپێی شوێنی دەرکەوتنیان، بە دوو شێوە دەردەکەون، وەکو پێشگر یان پاشگر. لەم خشتەی خوارەوە پێشگر و پاشگرەکانمان جیاکردونەوە، بەڵام مۆڕفیمی /ب...بایە/ ماوەکاتی بەردەوامی مەرج و خۆزگە، چونکە مۆڕفیمێکی پچرپچرە، وەک پێشگر و پاشگریشە مۆڕفیمێکی هاوبەشە لە نێوان پێشگر و پاشگر، واتە هەردوکیانی تێدایە، بۆیە لەم پۆلێنکردنەی خوارەوە لەم خشتەیەدا نەمان نوسیوە.

### ٢-9-١: مۆڕفیمە پێشگرەکانی کات

ئەو مۆڕفیمە بەندانەن، کە دەچنە پێش ڕەگی کارەوە، لە زمانی کوردیدا ئەو مۆڕفیمانەمان هەن، کە لە خشتەی ژمارە (١٢) خراونەتەڕو:

خشتەی ژمارە (١٢)

مۆرفیمە پێشگرەکانی کات

| پێشگرە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کات | جۆرەکەی |
|---|---|
| دە | مۆڕفیمی کاتی ڕابردوی بەردەوام |
| دە | مۆڕفیمی کاتی ڕانەبردو |
| ب | مۆڕفیمی کاتی ڕانەبردوی مەرج و خۆزگە |

### ٢-9-٢: مۆڕفیمە پاشگرەکانی کات

ئەو جۆرە مۆرفیمە بەندانەن، کە دەکەونە دوای ڕەگی کارەوە، لە زمانی کوردیدا ئەو مۆڕفیمانەمان هەن، کە لە خشتەی ژمارە (١٣) خراونەتەڕو:

خشتەی ژمارە (١٣)

مۆڕفیمە پاشگرەکانی کات

| پاشگری مۆڕفیمی ڕێزمانی کات | جۆرەکەی |
|---|---|
| /-ا/ | مۆڕفیمی کاتی ڕابردو |
| /-د/ | مۆڕفیمی کاتی ڕابردو |
| /-ت/ | مۆڕفیمی کاتی ڕابردو |
| /-و/ | مۆڕفیمی کاتی ڕابردو |
| /-ی/ | مۆڕفیمی کاتی ڕابردو |
| /-Ø/ | مۆڕفیمی ماوەکاتی ڕابردوی نزیکی ڕاگەیاندن |
| /-وە/ | مۆڕفیمی ماوەکاتی ڕابردوی تەواو ڕاگەیاندن |
| /-بو/ | مۆڕفیمی ماوەکاتی ڕابردوی دوری ڕاگەیاندن |
| /-با/ | مۆڕفیمی ماوەکاتی ڕابردوی نزیکی مەرج و خۆزگە |
| /-بوبا/ | مۆڕفیمی ماوەکاتی ڕابردوی دوری مەرج و خۆزگە |
| /-بێت/ | مۆڕفیمی ماوەکاتی ڕابردوی تەواوی مەرج و خۆزگە |
| /-ا/ | مۆڕفیمی کاتی نادیاری ڕابردو |
| /-ێ/ | مۆڕفیمی کاتی نادیاری ڕانەبردو |

ئاماری ژمارە (٧)

پۆلێنی مۆڕفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی کات لەسەر بنەمای دەرکەوتنیان


100
80
60
40
20
0
81.25
18.75
پاشگر
پێشگر
پاشگر
پێشگر

# بەشی سێیەم: کەرەستە سینتاکسییەکانی کات لە زمانی کوردیدا

## ٣-١: سینتاکس و یەکەکانی

سینتاکس بە گشتی ئاماژە بۆ یاسا و سیستەم و پێکهاتەی زمانێک یان هەمو زمانێک دەکات، لقێکە لە زانستی زمان و بەشێکە لە ڕێزمان، لەگەڵ مۆرفۆلۆژی بەیەکەوە ڕێزمان پێکدێنن، چونکە ڕێزمان (مۆرفۆلۆژی و سینتاکس) دەگرێتەوە. زاراوەی (سینتاکس) لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییە و بە واتای بەیەکەوە ڕێکخستن و دانان دێت" (Valin 2001, 1) سینتاکس "دەستوری ڕیزکردن و دانەپاڵ یەکتری کەرەسەکان و دیاریکردنی ئەو لێکدانانەی، کە پەسەندن لە زمانێکدا." (فەتاح ٢٠١١، ٢٨) پەیوەندی بە ڕێکوپێکی وشەکانەوە هەیە لە چوارچێوەی ڕستەدا، لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بنیاتنانی ڕستەدەکات، " لە جۆری ڕێککەوتن و یەکگرتنی وشە لەنێو ڕستەدا دەکۆڵێتەوە، ئەرکی ئەو وشانە لەنێو ڕستەدا ڕوندەکاتەوە." (موکریانی ١٩٨٦، ٥) لێکۆڵینەوە لە یەکگرتنی وشە و چۆنیەتی تێکەڵکردنی وشەکانی بۆ دروستکردنی یەکەیەکی گەورەتر، واتە ئەرکی ڕێکخستنی وشەکانە لە ڕۆنانێکی گەورەتردا.

سینتاکس لە هەمو ئەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە، کە لەناو پێکهاتەی ڕستەدا هەن، چونکە لە هەمو زمانێکدا بەپێی یاسای تایبەت بەزمانەکە وشە و مۆڕفیمەکان دەخرێنە پاڵ یەکتری بۆ بنیاتنانی دروستەی سینتاکسی، واتە وشەکان دەخرێنە تەکیەکتری بۆ ڕۆنانی فرێزەکان، پاشان فرێزەکان لێکدەدرێن بۆ داڕشتنی ڕستە. پێکهێنەکانی ڕستەی زمانی کوردی، بە شێوەیەکی گشتی بەپێی یاسای،(SOV) – (بکەر–بەرکار–کار) دادەڕێژرێن لە کاری تێپەڕدا، لە کاری تێنەپەڕدا (SV) – (بکەر–کار)مان هەیە، وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە:

خشتەی ژمارە (١٤)

کەرەستەکانی ڕستە و ڕیزبونیان

| ڕستە | ڕیزبونی پێکهێنەکانی |
|---|---|
| ئاهی سێوەکەی خوارد.<br>S O V | SOV |
| ئاهی هات.<br>S V | SV |

سینتاکس"ئەو زانیارییانە دەنوێنێت و دەخاتەڕو، کە لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەری زمانەکەدا هەڵگیراون." (مەعروف، ٢٠٢٠، ٤٥)، واتە کەرەستە سینتاکسییەکان ڕێگایەکن بۆ هاتنە دەرەوە و گەیاندنی ئەو زانیارییانە، بەڵام "لە ئەرکە سینتاکسییەکانیشدا دەبێت ڕەچاوی پێگەی وشە بکەین، چونکە هەر وشەیەک پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، کە ناگونجێ بۆ هەر وشەیەک و ڕۆنانێک لە هەمو شوێنێکی تردا بەکاربهێندرێت. واتە کۆتی واتایی و ڕێزمانی لەسەر پێگەی هەر وشەیەک هەیە، کە لادان لێی دەبێتە هۆی ناڕێزمانی ." (خۆشناو ٢٠١٦، ١٣٩-١٤٠) ، وەکو:

- ئایە نانەکەی خوارد.
- *ئایە نانەکەی ئەمڕۆ.
- *ئایە جوان خوارد.

لەم ڕستانەدا بەهۆی گۆڕینی وشەکانەوە یان کەمی کەرەستەیەکەوە ڕستەی ناڕێزمانی دروستبووە، بۆیە پێویستە ڕەچاوی لایەنی گونجانی واتایی وشەکان بکرێت، واتە هیچ بەشە ئاخاوتنێک، جگەلە کار ناتوانێت ئەو چاڵە ڕێزمانییە پڕبکاتەوە، چونکە فرێزی ناوی (نان) پێویستی بە فرێزێکی کارییە. بەهەمان شێوە هیچ هاوەڵناو و بەشە ئاخاوتنێکی تر ناتوانێت لە جێی ناوی (نان) بەکاربێت، چونکە ئەو چاڵە ڕێزمانییە تەنیا بە فرێزی ناوی پڕدەکرێتەوە، واتە پێکهاتەی سینتاکسی ڕستە بە گوێرەی گونجاندنیان لەگەڵ یەکتردا کەرەستەکان ڕیز دەکرێن و ڕێکدەخرێن لە ڕستەدا، بۆ ئەوەی ئەرکی ڕێزمانی و واتایەکی دروست ببەخشن. لەگەڵ ئەوەشدا "مەرج نییە ڕستەیەک ناڕێزمانی بێت لە هەمان کاتدا واتادار نەبێت." (خۆشناو ٢٠١٥، ٢١)، لە ڕوی ڕیزبونەوە کەرەستەکان بەپێی یاسا ڕیزکراون و ڕستەیەکی ڕێزمانییە، بەڵام واتایەکی دروستی نییە و لۆژیکی نییە، بۆ نمونە:

- پشیلەکە مشکەکەی گرت.
- *مشکەکە پشیلەکەی گرت. (نالۆژیکی)

لەم دوڕستەیەی سەرەوەدا هەردوکیان ڕیزمانین، بەڵام ڕستەی دووەم نالۆژیکییە، واتە لە ڕوی واتا وە واتایەکی نادروستی هەیە، چونکە لە ڕوی لۆژیکەوە (پشیلە) دەتوانێت (مشک) بگرێت نەوەک بە پێچەوانەوە. هەروەها ڕستەش هەیە ناڕێزمانییە و بە پێی یاسا ڕیز نەبوون، بۆ نمونە:

- هەمو منداڵەکان یاری دەکەن.
- *منداڵەکان یاریدەکەن هەمو. (ناڕێزمانی)

وشەی (هەمو) لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا دیارخەرە، وشەی (منداڵەکان) دیارخراوە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا دیارخەر و دیاخەرەکە لە یەکەوە دورن بۆیە ڕستەکە بۆتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی، چونکە "پێویستە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دیارخەر و دیارخراو لەیەکترییەوە نزیک بن." (خۆشناو ٢٠١٥، ٢١) واتە بۆ ئەوەی ڕستەکە ڕستەیەکی ڕێزمانی دروست بێت دەبێ دیارخەر و دیارخراوەکە بەیەکەوە بێن.

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ئەو یەکە سەرەکییانەی کە سینتاکس گرینگیان پێدەدات و بنچینەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانیەتی بریتییە لە (فریز و ڕستە)، کە هەریەکە لە دروستەکانی فریز و ڕستە، وشە پێکهێنی تایبەتی خۆیان هەیە و بەپێی یاسای سینتاکسی ڕیزدەکرێن. لە ڕوی پێکهاتنەوە (سادە و داڕژاو و لێکدراو)ە، هەروەها ڕستە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە، هەواڵی و پرسیاری و سەرسوڕمان و فەرماندان دەگرێتەوە. جگەلەوەش سینتاکس ئاماژە بۆ پێکهێنە (کەرەستە) سەرەکی و لاوەکییەکانی ڕستە دەکات، وەک (بکەر و جۆرەکانی، بەرکارو جۆرەکانی، نیهاد و گوزارە و هاوەڵکار، دیارخەر و ...)، بۆنمونە لە کاری تێنەپەڕدا، کەرەستەی سەرەکی بریتییە لە (بکەر و کار)، بەڵام پێکهێنی ڕستەی کاری تێپەڕ بریتییە لە (بکەر و بەرکار و کار) هەر کەرەستەیەکی تر جگە لە کەرەستە سەرەکییەکە لە ڕستەکەدا بە دیاربکەوێ، پێی دەوترێ کەرەستەی لاوەکی.

- شیلان ڕۆیشت. (تێنەپەڕ)

بکەر کار

- شیلان بە پێ ڕۆیشت.

ب. ناڕاستەوخۆ (کەرەستەی لاوەکی)

کەرەستەی سەرەکی

- کارزان نان دەخوات. (تێپەڕ)

بکەر ب. ڕاستەوخۆ کار

- کارزان بە کەوچک نان دەخوات.

ب. ناڕاستەوخۆ (کەرەستەی لاوەکی)

## ٣-١-١: فرێز

فرێز یەکەیەکی گرنگی سینتاکسییە، یەکێکە لە پێکهێنەکانی ڕستە. لە ڕوی ڕۆنانەوە فرێز لە ڕستە بچوکترە، و لە وشە گەورەترە، چونکە "شوێنی ڕۆنانێکی نزمتر لە ڕستەدا دەگرێت و لە وشەش گەورەتر، بەوەی کەوا شوێنی ڕۆنانێکی بالاتر لە وشە دەگرێت" (فەرهادی ٢٠١٣، ١١) واتە دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستە، "دروستەی فرێز پێکهێنی ناوەندی دەگرێت و دەکەوێتە نێوان دروستەی ڕستە و دروستەی وشەوە." (برزۆ ٢٠٢٠، ١٥) فرێز وەک دانەیەکی ناوەندی زمان، لە ئاستی سینتاکسدا خاوەن واتا و ئەرکیی ڕێزمانی خۆیەتی، کە "بە وشەیەک یان زیاتر فرێز پێکدێت" (ئەمین ٢٠٠٩، ١٤٨) کەواتە مەرج نییە فرێز لە دوو وشەیان زیاتر پێکبێت، دەشێت لە وشەیەک یان زیاتر پێکبێت.

ئەو فرێزانەی "لە کەرتێک زیاتر پێکدێت، دەبێ کەرتەکان بەهۆی یاسایەکی سینتاکسی لێکدرابن، واتە لە کاتی لێکدانی دوو کەرەسە یان زیاتر جۆرێک لە پەیوەندی سینتاکسی لە نێوان کەرتەکان پەیدادەبێت. هەمو کەرتەکان هەمان بەهاو نرخی ڕێزمانییان نابێت، بەڵکو کەرەسەیەک تێیاندا دەبێ بە (سەرە) و ئەوانی تر دەبن بە دیارخەری سەرە. "فەرهادی ٢٠١٣، ١١) واتە ئەگەر لە دوو کەرەستە یان زیاتر پێکبێت پەیوەندی سینتاکسی لە نێوانیان دروستدەبێت، بەڵام هەمو کەرەستەکان هەمان نرخی ڕیزمانییان نابێت، بەڵکو ئەو کەرەستەی دەبێتە سەرە، دەسەڵاتی بەسەر کۆی کەرەستە شوێنکەوتووەکانیدا هەیە، فرێزەکانیش هەر بەناوی سەرەکانەوە ناودەنرێن، کەرەستەکانی تریش دەبن بە کەرەستەی ناسەرەکی، کە زانیاری زیاتر لە بارەی سەرەی فرێزەکە دەخەنەڕو. لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی فرێز بەگشتی چەند جۆرفرێزێک دەستنیشاندەکرێت، وەک (فرێزی ناوی، فرێزی کاری، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی بەند، ...).

### ٣-١-١-١: جۆرەکانی فرێز:

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد بەپێی جۆری سەرەی فرێزەکە، فرێز چەند جۆرێکی هەیە[10]، ئەوانیش بریتین لە:

---

[10] – لەبەر سنورداری لێکۆڵینەوەکە، بە پێویست نەزانراوە بە درێژی باسی هەمو جۆرەکانی فرێز بکرێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (فەرهادی ٢٠١٣: ١٠-٢٢)، (برزو ٢٠٢٠: ٢١-٦٩)، (مەعروف ٢٠١٠: ١٣-٨٤).

### ٣-١-١-١-١: فرێزی ناوی

یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ڕستە. بەو فرێزانە دەگوترێت، کە سەرەی فرێزەکە ناوە یان جێناوە، واتە فرێزی ناوی "بریتییە لەو پێکهاتەیەی، کە سەرەکەی ناوە یان وشەیەکی ناو ئاسایە وەکو جێناو." (حاجی ٢٠٠١، ٢٩)، وەک:

- سایە بەیەکەم دەرچو.

ف.ناوی

- ئەو دەڕوات.

ف. ناوی

ناوی (سایە) و جێناوی (ئەو) لەم ڕستانەی سەرەوە، فرێزی ناوین و ئەرکی بکەری ڕستەکەیان بینیوە.

### ٣-١-١-١-٢: فرێزی هاوەڵناوی

بەو فرێزانە دەوترێت، کە سەرەکەی ئاوەڵناوێکە، دروستەی ئەم جۆرە فرێزانە ئاوەڵناوێک بناغەیەتی. ئاوەڵناوەکان پلەدارن، بۆیە لە پێشەوە بە پلە و لەدواشەوە بە مۆرفیمی پلەی بەراورد دەردەخرێن. (مەعروف ٢٠١٠، ٥٨)، فرێزی هاوەڵناوی لە ڕستەدا وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات، بۆ نمونە:

- خانووەکە زۆر گەورەیە.

ف.ئاوەڵناوی

- کوردستان خۆشترین هەرێمە.

ف.ئاوەڵناوی

فرێزی ئاوەڵناوی بە هەمان ئەو دروستانەوە لە چێوەی بەشە کرداریشدا ڕودەدەن و بە هاوەڵکار ئاسا ناو زەدە دەکرێن. (هەمان سەرچاوە، ٦٥) واتە فرێزی ئاوەڵناوی دەکرێت لە گەڵ بەشە کرداردا دەربکەوێت، کە لە جێکەوتەی هاوەڵکاریدا دێت و دەبێت بە (هاوەڵکار ئاسا)، چونکە، وەسفی کارەکە دەکات، دەبێتە دەرخەری کارەکە، بۆنمونە:

- قەڵەمەکە جوان دەنوسێت.

- قەڵە مەکە زۆر جوان دەنوسێت.

لەم ڕستانەی سەرەوە (جوان) و (زۆر جوان) دروستەی فرێزی هاوەڵناوین، بەڵام ئەرکی فرێزی هاوەڵکارئاسایان بینیوە، چونکە لە جێکەوتەی هاوەڵکاری هاتون چۆنیەتیی کاری (دەنوسێت) یان دەرخستووە.

## ۳-۱-۱-۱-۳: فرێزی هاوەڵکاری

ئەو جۆرە فرێزەیە، کە سەرەی فرێزەکە هاوەڵکارە، وەک (هێشتا، درەنگ، هەرگیز، زو، ...)، ئەم هاوەڵکارانە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەن، کە بە هاوەڵکاری سادە (بنجی) ناسراون، بەڵام ژمارەیان کەمە بۆیە سود لە جۆرەکانی تری فرێز وەردەگیرێت، وەک (فرێزی ناوی و فرێزی ئاوەڵناوی و فرێزی بەند، ...) کە لە ناو ڕستەدا ئەرکی ئاوەڵگوزارە دەبینن[11].(فەرهادی ۲۰۱۳، ۲۱)، واتە ئەم جۆرە فرێزانە وەک هاوەڵکارئاسا لە جێکەوتەی هاوەڵکاردا دێن و چاڵی هاوەڵکاری پڕدەکەنەوە. فرێزی هاوەڵکاری لە ڕستەدا وەسفی کاری ڕستەکە دەکات، بۆنمونە:

- دایکم هێشتا نەهاتووە.

ف.هاوەڵکاری

- قەڵەمەکە زۆر جوان دەنوسێت.

ف.هاوەڵناوی (هاوەڵکار ئاسا)

## ۳-۱-۱-۱-٤: فرێزی بەند

فرێزی بەند جۆرێکی ترە لە فرێزە سینتاکسییەکان، کە بە یارمەتی ئامرازە پەیوەندییەکان (پێشبەند و پاشبەندەکان)، لەگەڵ کەرەستەیەکی تردا، کە دەبێتە تەواوکەری ئامرازە پەیوەندییەکە دروست دەبێت. بەشێوەیەکی گشتی فرێزی بەند لە سادەترین شێوەیدا لە ئامرازێکی پەیوەندی و فرێزێک، کە بەزۆری لە فرێزی ناوی یان فرێزی جێناوی یان فرێزی هاوەڵکاری پێکدێت، کە لە ناو فرێزی کاریدا خۆی دەنوێنێت، واتای کاری ڕستەکە تەواو دەکات (ڕەسوڵ ۲۰۱۸، ٤١٦).

---

[11] - بۆ زانیاری دەربارەی ئاوەڵگوزارە بڕوانە: (بەرزنجی ۱۹۸۹: ٤١- ٩٦)، (نوری ۲۰۱۸: ٤١٤-٤٣٢)، (محمدأمین ۲۰۱٦: ۹۵-۹۹).

دروستەی فرێزی بەند "دروستەیەکی ناسادەیە و بەشەکانی وابەستەی یەکترن، نەبون و قرتاندنی هەریەکێکیان دروستەیەکی نادروست دێنێتە کایەوە." (مەعروف ٢٠١٠، ٦٧) واتە بونی پێشبەند و تەواوکەر لە دروستەی فرێزی بەندیدا دوو کەرەستەی بە خورتین و تەواوکەری یەکترین هیچیان بێ ئەوی تریان ناتوانێ ئەو ئەرکە ببینێت، لە فرێزی بەندیدا پێشبەند سەرەی فرێزەکەیە، ئەو کەرەستەی لەگەڵیدایە دەبێتە دیارخەر، کە لەگەڵ پێشبەندەکە بەیەکەوە مەرجی دروستبونی فرێزی بەندن، ئەو پێشبەندانەی کە بەشداری لە ڕۆنانی فرێزی بەندیدا دەکەن بریتین لە (بە، بۆ، لە، ...) (قادر ٢٠٠٩، ٦٩)، ئەم جۆرە فرێزە بە زۆری بۆ ڕونکردنەوە و زانیاری زیاتری ڕستەکە بەکاردێت، بۆنمونە:

- هاوڕێکەم بۆ ئێوارە لەماڵی ئێمە دەمێنێتەوە.

- خوێندکارەکان بە باشی وەڵامیان دایەوە.

لەم ڕستانەی سەرەوە فرێزەکانی (بۆ ئێوارە، بە باشی) فرێزی بەندن، کە لە پێشبەند و تەواوکەرێک پێکهاتون، کاری ڕستەکەیان زیاتر ڕونکردۆتەوە.

هەندێ جار فرێزی بەند "لەبەرئەوەی لە یەکێک لە جێکەوتەکانی هاوەڵکاردا دەردەکەوێت، توانای ئەوەی هەیە، ڕۆڵی هاوەڵکار ئاسابیبینێت." (مەعروف ٢٠١٠، ٦٩)، کە ئەو فرێزە بەندانە لە جێکەوتەی هاوەڵکاردا دێن، لایەنی شاراوەی کاتی ڕودانی کارەکە ئاشکرادەکەن، ڕۆڵی فرێزی هاوەڵکاری یان هاوەڵکارئاسا دەبینن، بۆ نمونە:

- کرێکارەکان لەپارەوە لێرە کاردەکەن.

- لێهات لە بەیانییەوە ڕۆیشتووە.

- جلەکانم بۆ ساڵێکی تر هەڵدەگرم.

فرێزی بەند ئەگەر لە جێکەوتەی هاوەڵناودا هات و وەسفی ناوی کرد دەبێت بە هاوەڵناو، بە تایبەتیش لەگەڵ کاری ناتەواودا، بۆ نمونە:

- یارییەکە بۆ خۆشییە.

ئاهەنگەکە بە خۆشی دەبێت.

- بۆ خۆشی یاری دەکەین.

لەم نمونانەی سەرەوە هێڵ بەژێرداهاتووەکان فرێزی بەندن، چونکە لە جێکەوتەی هاوەڵناودا هاتون و وەسفی فرێزی ناوییان کردووە، ئەرکی هاوەڵناو ئاسایان بینیوە.

### ٣-١-١-١-٥: فرێزی کاری

فرێزی کاری بە بنچینەی ڕستە دادەنرێت و یەکێکە لە پێکهێنە بنەڕەتییەکانی ڕستە، چونکە مەرجی دروستبونی ڕستەیە. بونی فرێزی کاری پێویستییەکی سەرەکییە، چ لە ڕۆنانی سەرەوە بێت یان لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەدا، چونکە ڕستە لە زمانی کوردیدا هەرگیز بێ بونی گرێی کاری دروست نابێت. ( ئەحمەد ١٩٨٨، ١٦) واتە کەرەستەیەکی بەخورتییە، کە لە ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوەدا بونی هەبێت و ناتوانریت لە ڕستەدا لابدرێت. "فرێزی کرداری پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە." (مەعروف ٢٠١٠، ٧٧) لە ڕوی پێکهاتەو ڕۆنانەوە ناسادەیە، لە زمانی کوردیدا سادەترین فرێزی کاری لە ڕەگی کار و مۆرفیمی کات و جێناوی لکاو پێکدێت. ڕەگ سەرەی فرێزی کارەکەیە. (Fattah 1997, 195) مۆرفیمەکانی تر بە ڕەگی کارەکەوە بەندن، وەک لەم یاسایە ڕونکراوەتەوە:

فرێزی کاری ← ڕەگ + م.کات + ج.لکاو

- من هاتم.          کڕی




### ٣-١-٢: ڕستە

ڕستە گەورەترین پێکهاتەی سینتاکسییە، ڕۆنان و شیکردنەوەی ڕستە سینتاکس پیشانی دەدات. "ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانی زمانە، ئامانجی هەرە سەرەکیی ڕێزمان پێناسینی ڕستەیە."(ئەمین ٢٠٠٩، ١٩٨) ڕۆنانی ڕستە لە مێژوی زمانەوانیدا کەوتۆتە بەر لێکۆڵینەوەی قوتابخانە زمانەوانییەکان، تا ئێستا چەندین پێناسەی جیاجیای بۆکراوە، چونکە ڕێزماننوسان هەریەکەو بە پێی تێڕوانین و تێگەیشتنیان، لە چەمکی ڕستە و ڕێبازە زمانەوانییەکەیان پێناسەی ڕستەیان کردووە، بۆیە (کریستەڵ) باوەڕی وایە، کە "هەرگیز باشترین پێناسەی ڕستە نادۆزرێتەوە." (فەتاح ٢٠١١، ١٠١) هەندێکیان لە ڕوانگەی واتاوە پێناسەی ڕستەیانکردووە و لە

ڕستەیان ڕوانیوە، کە "ئەو کۆمەڵە واژەیەیە کە بەکاری دەهێنین و مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ و فرمانێکی لەتەکدایە." (ئەمین ٢٠١٤، ٤٧) هەروەها دەوترێت بەهۆی سروشت و چوارچێوەی کارەکەی، وەک دانەیەکی واتایی لەڕستە هەژماردەکرێت، دەوترێت "ئەم فۆرمە زمانییە واتایەکی تەواوی هەیە و خاوەنی دروستەیەکی واتاییە." (خۆشناو ٢٠١١، ١٧١) واتە وەک هەر دانەیەکی تری لێکسیکی خاوەنی واتا و پێکهاتەی خۆیەتی و فۆرمێکی زمانی سەربەخۆیە. بە بڕوای بلۆمفیلدیش "هەر فۆرمێکی زمانی سەربەخۆبێت، نەبێتە بەشێک لە کەرەسەی گەورەتر و پەیوەندی ڕێزمانی لەگەڵ کەرەسەی تردا نەبێ، ئەوا ڕستە پێکدێنێ." (فەتاح ٢٠١١، ١٠٣) واتە پەیوەندی ڕێزمانیی لەگەڵ کەرەستەی دەرەوەی خۆیدا نەبێت.

ئەوانەی لە ڕوی پێکهاتەوە لە ڕستە دەڕوانن، پێیان وایە "ڕستە بریتییە لە ڕەگی کار و پێویستییەکانی." (ڕەسوڵ ٢٠١٥، ١٥) ڕستە گەورەترین یەکەی زمانییە و پێکهاتەیەکی سینتاکسی هەیە، واتە وەک دانەیەکی زمانی خاوەن ڕۆنان و پیکهاتەی تایبەت بەخۆیەتی. "ڕستە گەورەترین دانەی زمانە، کە خاوەن ڕۆنانێکی ڕێکوپێکە." (خۆشناو،٢٠١٥، ١٥) واتە ڕستە گەورەترین کەرەستەی سینتاکسییە، کە لە فرێز پێکدێت و فرێزیش لە وشە و مۆرفیم پێکدێت چونکە "وشە پێکهاتەیەکی ڕاستەوخۆی ڕستە نییە، بەڵکو وشە دوا پێکهێنی ڕستەیە." (فەرهادی ٢٠١٣، ٤)، واتە وشەکان ڕاستەوخۆ پێکهێنەری ڕستە نین، بەڵکو پێش ئەوەی ڕستە پێکبهێنن بەشداری لە پێکهێنانی دانەی گەورەتر لەخۆیان دەکەن، کە پێکهێنێکی ناوەندییە ئەویش (فریز)ە، بەڵام ڕۆڵی گرنگ لە ڕۆنانی ڕستەدا دەبینن. چونکە وشەکان بەپێی یاسای سینتاکسی ڕێکدەخرێن، بۆ ڕۆنانی دانەی گەورەتر لە ڕستەدا، چونکە فرێز لە وشە پێکدێت، ڕستەش لە فرێز پێکدێت.

ئەو یەکانەی سینتاکس پێکدێنن، ئەگەر لە گەورەترین دانەوە دەست پێبکەین، کە ڕستەیە تا دەگەیینە بچوکترین پێکێهێنەری ڕستە، کە مۆرفیمە، بە پێچەوانەشەوە دەتوانین لە بچوکترینەوە بڕۆین بۆ گەورەتر کە ڕستەیە، وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە، چ لە ڕاستەوە بۆ چەپ بڕۆین یان لە چەپەوە بۆ ڕاست بڕۆین.

هێڵکاریی ژمارە (٩)

پێکهاتەی ڕستە

ڕستە ⟷ فرێز ⟷ وشە ⟷ مۆرفیم

به شێوەیەکی گشتی ڕستە دانەیەکی پێڕەوبەندە "ڕستە لە وەچەپێکهاتە و فرێزەکانی پێکهاتووە، کە لە خودی ڕستەدا بە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان ناسراون." (مەعروف ٢٠١٠، ١١) سادەترین ڕستەی زمانی کوردی لە ڕوی پێکهاتنەوە لە دوو فرێزی سەرەکی پێکدێت، کە بریتییە لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری، هەر یەکێکیش لەمانە لەناو خۆیاندا ڕۆنان و پێکهاتەی تایبەتیی ڕێزمانیی و واتاییان هەیە. ڕێبازی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکیش هەر بەم پێیە ڕستە شیدەکاتەوە. هەندێک جاریش گرینگی فرێزەکان بۆ دروستکردن و ڕۆنانی ڕستە وەکو یەک نین، بۆ نمونە: لە زمانی کوردیدا، ڕستە هەرگیز بەبێ بونی فرێزی کاری دروست نابێت، بۆیەش بە کەرەستەیەکی سەرەکی و بنچینەیی دادەنرێت. لە ڕوی ڕۆنانیشەوە سادەترین گرێی کاری لە ڕەگ و مۆرفیمی کات و جێناوێک پێکدێت. هەرچی فرێزی ناوییە، دەشێت لە ئاستی سەرەوەدا بە مۆرفیمی سفر دەرببڕدرێت، بۆیە زۆر ڕستە هەن، کە فرێزی ناویان لە ئاستی سەرەوەی ڕستەکەدا دەرناکەوێت. (خۆشناو ٢٠١١، ١٧١) واتە لە ڕوی پێکهاتنەوە ڕستە لە کۆمەڵێک کەرەستە پێکدێت کە لە ڕۆنانی ژێرەوەیدا، کەرەستە پێکهێنەرەکانی فرێزی ناوی و فرێزی کارین، کە بەهۆی یاسا سینتاکسییەکانەوە ڕێکدەخرێن و دەگوازرێنەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە، فرێزی کاری هەمیشە لەڕۆنانی سەرەوە دەردەکەوێت، بەڵام زۆرجار فرێزی ناوی لە ڕۆنانی سەرەوە دەرناکەوێت، ڕستەکە لە شێوەی تاکە وشەیەکدا دەردەکەوێت، بەڵام فرێزە ناوییەکە لەم تاکە وشەیەدا کۆبۆتەوە و لە ڕۆنانی ژێرەوە بونی هەیە، وەک:




کەرەستەکانی ڕستە هەمویان وەک و یەک گرنگنین، هەندێکیان کەرەستەی سەرەکی (بەخورتی) و پێویستی ڕستەن، بۆ نمونە لە کاری تێنەپەڕدا کەرەستەی سەرەکی بریتییە لە (بکەر و کار)، لە کاری تێپەردا بریتییە لە (بکەر و بەرکار و کار)، بەڵام هەندێک جار کەرەستەی تر هەیە لە ڕستەدا،

کە بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ڕستەکەن، واتە کەرەستەی ناسەرەکی (لاوەکی)ن، بە ئارەزوی خۆت دەتوانی لە ڕستەکە لاببرێن بێ ئەوەی کار لە واتا و لایەنی ڕێزمانی ڕستەکە بکات، وەک (بەرکاری ناڕاستەوخۆ ، فرێزی هاوەڵکاری ، ...). بە شێوەکی گشتی دروستبونی ڕستە لەسەر بنەمای واتایی و ڕێزمانییە، لە بچوکترین دانە، کە فۆنیمە تا دەگەینە گەورەترین دانە، کە ڕستەیە. ڕیزبونی هەمو ئەو کەرەستانە بە سیستەم و پەیرەوێک ڕێکدەخرێن، بەهۆی ئەم پەیڕەوە، مۆڕفیم و وشەکان دەتوانن ژمارەیەکی بێ سنور لە ڕستە بەرهەمبهێنین.

## ٣-١-٢-١: پۆلێنکردنی ڕستە

زمانەوانان ڕستەیان لە ڕوی گەیاندنی واتا (ناوەڕۆک) و لەڕوی پێکهاتە (ڕۆنان)ەوە دابەشکردووە. لەڕوی پێکهاتەوە بەپێی ڕادە و پێکهێنەرەکانیان ڕستە پۆلێنکراون بۆ (ڕستەی سادە، ڕستەی لێکدراو، ڕستەی ئاڵۆز)، هەروەها لە ڕوی گەیاندنی واتاو ئەو مەبەستەی دەردەبڕدرێت، دابەش دەبێت بۆ (ڕستەی هەواڵ، ڕستەی پرسیاری، ڕستەی سەرسوڕمان، ڕستی فەرماندان).

## ٣-١-٢-١-١: جۆرەکانی ڕستە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە (گەیاندنی واتا):

ڕستە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە، بۆ گەیاندنی بیرۆکەیەک یان ڕاستییەک یان پرسیارێک یان داواکارییەک یان فەرمانێکە، کە دابەشدەکرێت بەسەر چوار جۆردا[12].

### ٣-١-٢-١-١-١: ڕستەی هەواڵی (ڕاگەیاندن)

بەو ڕستانە دەوترێت، کە قسەکەر زانیاری یان هەواڵ دەگەیەنێت، لە ڕستەی هەواڵیدا قسەکەر سەرچاوەی زانین و زانیارییە. ڕستەی هەواڵی بنچینەیە بۆ دروستکردنی هەمو جۆرە ڕستەیەک، واتە جۆرەکانی تری ڕستە لەم جۆرە ڕستەیە دادەڕێژرێت. (فەرهادی ٢٠١٣، ٤٧)، ڕستەی هەواڵی هەواڵەکە لە کاتێکدا پیشاندەدات جا ئەو هەواڵە ڕابردووە یان ڕانەبردووە، بۆ نمونە:

- جوتیارەکە زەوییەکەی کێڵا.
- ئەو زۆر لە مارمێلکە دەترسێت.

---

12 بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جۆرەکانی ڕستە لە ڕوی ناوەرۆکەوە بڕوانە: (حاجی مارف ٢٠١٤A: ١٣٧-١٥٠)، (خورشید ٢٠١٣: ١٨٥-١٨٩)، (کەریم ٢٠١٤: ١٤٠-١٤٥)، (فەرهادی،بەرزنجی ٢٠٢٠: ١٤٥-١٥٦).

هەریەک لەم ڕستانەی سەرەوە هەواڵێکیان گەیاندووە، زانیارییەکیان بە گوێگر داوە. لە ڕستەی یەکەمدا هەواڵگەیاندنەکەی دەربارەی ڕوداوێکە کە کاتەکەی ڕابردووە، بەڵام هەواڵگەیاندنی ڕستەی دووەم کارەکە لە ئێستادا دەکرێت و کاتەکەی ڕانەبردووە.

### ٣-١-٢-١-١-٢: ڕستەی پرسیاری

هەر لەناوەکەیەوە دیارە پرسیارکردن بۆ مەبەستی وەرگرتنی زانیارییە لە بارەی شتێکەوە، واتە بەو ڕستانە دەگوترێت کە ئاخێوەر بۆشاییەکی لە زانیارییەکانی هەیە نایزانێت و لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە دەیە،وێت ئەو زانیارییە بەدەست بێنێت، واتە لە ڕستەی پرسیاریدا گوێگر سەرچاوەی زانینە، لە کۆتایی ڕستەکە نیشانەی پرسیاری (؟) دادەنرێت، (خۆشناو ٢٠١٥، ٣) لە ڕستەی پرسیاریدا بە شێوەیەکی گشتی قسەکەر زانیاری لانییە و بۆیە دەیەوێت بە پرسیارکردن ئەو زانیارییە بەدەست بێنێت، دەبێت قسەکەریش چاوەڕێی وەڵام بکات، ئەگەر چاوەڕێی وەڵام نەکات، ئەوە مەبەستی پرسیارکردن نییە. (ڕەسوڵ ٢٠١٥، ١٤١) پرسیارکردنەکەش لەلایەن قسەکەرەوە دەربارەی کات شوێن و کەس و چۆنیەتی ڕودانی کارێکە، بۆ نمونە:

- کەی دەڕۆی بۆ زانکۆ؟
- کێ بەیەکەم دەرچو؟

لە ڕستەی یەکەمدا بە ئامرازی پرسی (کەی) پرسیار لە کاتی ڕودانی کاری (ڕۆیشتن) دەکات، لە ڕستەی دووەمدا بە ئامرازی پرسی (کێ) پرسیار لە کەس کراوە، کە دەتوانرێت بەم جۆرە وەڵام بدرێنەوە:

- ئێستا دەچم بۆ زانکۆ.
- نمە بەیەکەم دەرچو.

### ٣-١-٢-١-١-٣: ڕستەی سەرسوڕمان

بەو جۆرە ڕستانە دەوترێت، 'کە واتای سەیرمان و دامان و سەرسوڕمان و هەیهۆلان لە ڕوداوێک، کارێک، هەواڵێک، شتێک... هتد دەگەیەنێ." (حاجی مارف A٢٠١٤، ١٤٢)، واتە قسەکەر هەستی خۆی بەرانبەر دەوروبەر دەردەبڕێت، ئەم هەست دەربڕینەش یان بۆ حاڵەتی خۆشییە، یان بۆ حاڵەتی ناخۆشییە، لە ڕستەی سەرسوڕماندا زۆرجار وشەی سەرسوڕمان بەکاردێت، وەک (ئای، ئۆخەی، ئاخ، ...)، لە کۆتای ڕستەکەش نیشانەی سەرسوڕمان (!) دادەنرێت، لە ڕستەی

سەرسوڕمانیش دەکرێت ئەو هەست دەربڕین و سەرسوڕمان بونە بۆ کاتی ڕودانی کارێک بێت، بۆ نمونە؟

- ئۆف! بەیانی دەوام دەستپێدەکاتەوە.
- تا ئێستا کارەبا نە هاتۆتەوە.

لەم دوو ڕستەی سەرەوە ئەو هەست دەربڕین و سەرسوڕمان بونە بۆ کاتی ڕودانی کاری (دەستپێدەکاتەوە) و (نەهاتۆتەوە)یە، کە بە فرێزی هاوەڵکاری هۆکاری سەرسوڕمانەکە زیاتر جەخت لە کاتی ڕودانی کارەکە کراوەتەوە.

### ٣-١-٢-١-١-٤: ڕستەی فەرماندان

لەم جۆرە ڕستانەدا قسەکەر داوا لە گوێگر دەکات، بە ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی کارێک، واتە "کەسی یەکەم داوا لە کەسی دووەم تاک/کۆ دەکات بۆکردنی کارێک یان چالاکییەک." (خورشید ٢٠١٣، ١٨٨)، داواکردن و ئەنجامدانی ئەم کارەش لە کاتێکدا ڕودەدا، کە کاتی ئەنجامدانی کارەکە هە میشە ڕانەبردووە، بۆ نمونە:

- ئێستا پارەکە وەربگرە.

- لە بەیانییەوە بڕۆ بۆ ماڵی خاڵم.

لەم ڕستانەی سەرەوە قسەکەر (کەسی یەکەم) داوا لە گوێگر (کەسی دووەم) دەکات، کە کاری (وەرگرتن) لە ئێستادا ئەنجام بدات و کاری (ڕۆیشتن) لە بەیانیدا ئەنجام بدات.

## ٣-١-٢-٢: جۆرەکانی ڕستە لە ڕوی پێکهاتنەوە (ڕۆنان)

سەرەکیترین پێکهێنی ڕستە بریتییە لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری، واتە ئەم دوو فرێزە کەرەستەی پێکهێنەری سەرەکی ڕستەن، بەڵام زۆرجار ڕستەکان لە کەرەستە و پێکهێنی زیاتر پێکدێن. زمانەوانان بۆ دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی ئەم پێکهێنەرانە ڕستەیان لەڕوی پێکهاتن و ڕۆنانەوە دابەشکردووە، ئەویش بە هۆی ڕادەی بەشداریکردنی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە، کە لە چەند پێکهێنەر پێکهاتووە، لە ڕستەیەکی سادە پێکهاتووە یان لە دوو ڕستەی سەربەخۆ یان لە ڕستەیەکی سەرەکی و ڕستەیەکی شوێنکەوتو پێکهاتووە. کە بەشێوەیەکی گشتی ڕستە لە زمانی کوردیدا دابەشدەبێت بۆ سێ جۆری سەرەکی ئەوانیش:

## ٣-١-٢-٢-١: ڕستەی سادە

ئەو ڕستەیەیە، کە لە سادەترین ڕۆنانیدا لە فرێزێکی ناوی و فرێزێکی کاری پێک دێت، واتە "دروستەی ڕستەی سادە بۆ دوو کەتیگۆریی ئەرکی دابەشدەبێت، کە بکەر و بەشەکردارە." (برزۆ ٢٠٢٠، ٧٣) هەبونی ئەو دوو کەرەستەیە بەخورتییە ناتوانرێت لەڕستەدا لابدرێن، وەک:

- سارا ڕۆیشت.

ف.نا + ف.کا

دەشێت لە ڕوکەشدا، لە ئاستی سەرەوەدا فرێزی ناوی (بکەر) دەرنەکەوێت، چونکە "ڕستەی سادە دەربڕاوێکە، کە لەیەک بەشەکردار پێکهاتبێت."(حسەین ٢٠١١، ٣٣) واتە ڕستەی سادە دەکرێت لە قاڵبی یەک وشەدا دەربکەوێت، ئەویش بەس فرێزی کاری، بەڵام هەست بەبونی بکەر دەکرێت، بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەکەی لە ناو فرێزە کارییەکەدا ، واتە لە ئاستی سەرەوەدا دەرنەکەوتووە، بەڵام لە ئاستی ژێرەوە بونی هەیە، چونکە بە پێکهێنەرێکی سەرەکی ڕستە دادەنرێت، بۆ نمونە:

- شنۆ هات.

- هاتØ.

لەم ڕستەی سەرەوەدا، کە سادەترین جۆری ڕستەی سادەیە، لە شێوەی تاکە وشەیەک دەردەکەوێت، بەڵام لە ئاستی سینتاکسادا ڕستەیە، چونکە هەمو پێویستییەکانی ڕستەی تێدایە، وەک ڕەگی کار و مۆرفیمی کات و جێناوی بکەری، واتە لە ئاستی ڕوکەشدا فرێزی ناوی بکەر دەرنەبڕدراوە و دەرنەکەوتووە، بەڵام فرێزی کاری دەربڕدراوە و ڕێککەوتنی بکەری بەپێی کەس و ژمارەی فرێزە ناوییەکە کە مۆرفیمی سفرە /Ø/ لە ناو کارەکەیە، /ت/مۆرفیمی کاتە، بۆیە ڕستەیەکی ڕێزمانی دروستە، بەڵام ئەگەر تەنیا فرێزە ناوییەکە دەربکەوێت و فرێزی کاری دەرنەبڕدرێت، بەڕستە دانانرێت، بۆ نمونە:

- *شنۆ .... .

فرێزە کارییەکە دەرنەبڕدراوە بۆیە بە ڕستەیەکی نادروست و ڕستەیەکی ناڕێزمانی دادەنرێت. دەرکەوتنی فرێزی کاری لە ئاستی ڕوکەش و لە ئاستی ژێرەوە بەخورتییە و دەرکەوتنی مەرجی بون بە ڕستەیە. هەروها هەمو ڕستەیەکی سادە کارێکی تێدایە کە چەمکی کات لەخۆدەگرێت و

بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بە کاتی ڕودانی کارەکە دەدەن، بەڵام دەشێ بە هاوەڵکارە کاتییەکان زیاتر و وردتر کاری ڕودانەکە دیاربخرێت، بەڵام هەردوکیان هەمان کات نیشاندەدەن، بۆنمونە:

- دارەکە سوتا.
- دوێنێ دارەکە سوتا.

لەم ڕستە سەرەوەدا کارەکە مۆڕفیمی کاتی تێدایە، کە مۆڕفیمی بەندی (ا) کاتی ڕابردووە، ڕستەکەش ڕستەیەکی ڕابردووە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا هاوەڵکاری کاتی (دوێنێ) هاتووە بۆ زیاتر دەرخستن و دیارکرنی کاتی ڕودانی کاری (سوتا)نەکەیە. مۆڕفیمی بەندی کات و هاوەڵکارە کاتییەکە هەردوکیان ئاماژە بۆ کاتی ڕابردو دەکەن.

مۆڕفیمی بەندی کات مۆڕفیمێکی بەخورتییە هەرگیز ڕستە بەبێ مۆڕفیمی کات دروستنابێت، بەڵام هاتنی هاوەڵکارە کاتییەکان سەرپشکییە و کەرەسەیەکی لاوەکییە و بۆ زیاتر فراوانکردنی ڕستەکە و پێدانی زانیاری زیاتری کاتی ڕودانی کارەکەیە، واتە دەکرێت ڕستەی سادە بەهۆی هەندێک کەرەستەی ترەوە فراوان بکرێت، وەک: (ئاوەڵناو، دیارخەر، هاوەڵکار...)، کە دەبنە تەواوکەری ڕستەکە و ڕستەیەکی سادەی فراوانکراو پێکدەهێنن، کە ئەم کەرەستانە کەرەستەی لاوەکین و بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ڕستەکەن، بەلابردنیان کار لە واتا و ڕێزمانییتی ڕستەکە ناکەن وەک:

- سارا دوێنێ بە ئۆتۆمبێل بۆ قوتابخانە رۆیشت.




## ٣-١-٢-٢-٢: ڕستەی لێکدراو

بەم جۆرە ڕستانە دەوترێت کە لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدیت، بەهۆی ئامرازە لێکدەرەکانی وەک (بەڵام، چونکە، هەروەها، ئینجا...) بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، واتە ئەوجۆرە ڕستانە دەگرێتەوە "کە پتر لە کارێکیان تێدایە و هەر کارێک ڕستەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنێ." (فەرهادی ٢٠١٣، ٤١) هەردو ڕستەی ناو ڕستەی لێکدراو ،سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن، تێکەڵ بە ڕۆنانی یەکتری نابن. 'ئەو ڕستەیە لە دوو ڕستە یا زیاتر پێکدێت بە هۆی ئامرازی لێکدەرەوە. ئەو ڕستانەی بەشداری ڕستەی لێکدراو دەکەن لە هەمان بارو ڕادەی سینتاکسی دان و خاوەنی هەمان پلەی سەربەخۆیین." (موکریانی ١٩٨٦، ٧١) واتە هەردو ڕستەکە بەهۆی ئامرازی لێکدرەوە لێکدەدرێن

و ڕستەی سەربەخۆ و پڕن لە ڕوی ڕێزمانییەوە و نابنە کەرەستەی سەرەکی و لاوەکی لە پێکهاتەی ڕستە لێکدراوەکەدا، چونکە ئامرازە لێکدەرەکە تەنیا ڕستەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ناچێتە ناو داڕشتنی هیچ کام لە ڕستە سادە لێکدراوەکانەوە، وەک:

- منداڵەکە نانی خوارد ئینجا خەوت.
- نەخۆشەکە دەرمانەکانی خوارد و خەوت.

هەروەها دیاریکردنی ژمارەی ڕستەسادەکانی ناو ڕستە لێکدراوەکە پەیوەستە بە ژمارەی کارەکانەوە، واتە "ژمارەی ڕستەکانی ناو ڕستەی لێکدراو، بەهۆی ژمارەی کارەکانەوە دیاریدەکرێت، واتە چەند کار لە ڕستەیەکدا هەبو، ئەوەندە ڕستە بەشداری لە دروستکردنی ڕستە لێکدراوەکەدا کردووە." (بەرزنجی ٢٠٠٤، ٣٩) لە کاتی لێکدانی دوو ڕستە یان زیاتر بۆ پێکهێنانی ڕستەیەکی لێکدراو، پێویستە پەیوەندی واتایی لە نێوانیاندا هەبێت. (سەعید B٢٠٠٩، ٨٣) ئەگەر پەیوەندی واتایی لە نێوان ڕستەکانی ڕستە لێکدراوەکەدا نەبو، ڕستە لێکدراوەکە دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی نادروست، بۆ نمونە:

- ئازاد نان دەخوات و چاش دەخواتەوە.

* ئازاد نان دەخوات و خوشکم هات.

لە ڕستەی لێکدراودا دەمکاتی کاتی ڕودانی کاری ڕستەکان دەبێت وەکویەک بێت، واتە ئەگەر کاتی کاری ڕستەی یەکەم ڕابردو بو، دەبێت کاری ڕستەی دووەمیش ڕابردوبێت، واتە ناگونجێت کاتی ڕودانی کاری ڕستەی یەکەم ڕابردو بێت، و کاتی ڕودانی ڕستەی دووەم ڕانەبردوبێت، چونکە ڕستە لێکدراوەکە دەبێتە ڕستەیەکی ناڕیزمانی. (محەمەد ئەمین ٢٠١٥، ٨٣) بۆنمونە:

- هێلین نانی خوارد و ڕۆیشت بۆ زانکۆ.

لەم ڕستە لێکدراوەی سەرەوەدا ڕستەی یەکەم و دووەم هەردوکیان ڕستەیەکی ڕابردون، بۆیە ڕستەیەکی ڕێزمانی دروستە، بەڵام ئەم ڕستە لێکدراوەی خوارەوە:

- *هێلین نانی خوارد و دەڕۆیشت بۆ زانکۆ.

ڕستەیەکی ناڕێزمانی نادروستە، چونکە کاتی ڕودانی کاری ڕستەی یەکەم ڕابردووە و کاتی ڕودانی کاری دووەم ڕانەبردووە. پێویستە کاتی ڕودانی ڕستە لێکدراوەکان هاوئاهەنگیان هەبێت، واتە لەڕوی لۆژیکییەوە گونجاوبێت.

لە زمانی کوردیدا سنور بۆ ژمارەی ڕستە پێکهێنەرەکانی ڕستەی لێکدراو دانەنراوە، واتە "لە ڕوی تیۆرییەوە دەستور بۆ ژمارەی ڕستە بەشداربووەکان نییە." (بەرزنجی ٢٠٠٤، ٣٩) بۆیە دەتوانین ژمارەیەکی بێ سنور ڕستە، بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە بەیەکەوە ببەستینەوە، بۆ پێکهێنانی ڕستەی لێکدراو، وەک:

- ئەمڕۆ منداڵەکان چون بۆ پاڕک و یارییان کرد و نانیان خوارد و ...... هتد.

## ٣-١-٢-٢-٣: ڕستەی ئاڵۆز

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستەی ناسادە، کە لەڕوی پێکهاتنەوە ناسادەیە و لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت. زمانەوانان جگە لە زاراوەی ڕستەی ئاڵۆز زاراوەکانی (ڕستەی ئاوێتە، ڕستەی تێکەڵ، ڕستەی فرێزی بەند، ڕستەی شوێنکەوتوخواز) بەکاردێنن. ڕستەی ئاڵۆز "بە تێکەڵبونی دوو ڕستە لە ڕوی سینتاکسەوە جیاواز دەگوترێ، کە یەکێکیان سەرەکییە و ئەوەیتریان شوێنکەوتوی ڕستە سەرەکییەکەیە." (موکریانی ١٩٨٦، ٧٦) ڕستەی ئاڵۆز ڕستەیەک یان زیاتر لە پێکهاتەکەیدا هەیە، ڕستەیەکیان سەرەکییە و ڕستەکەی تریان ڕستەیەکی شوێنکەوتووە. یان دەشێ وەک کۆمەڵە پاڕستەیەک تێیبڕوانرێ، کە بەلای کەمەوە لە ڕستەیەکی سەرەکی و پاڕستەیەک، یان چەند پاڕستەیەکی دیارخەری پێکبێ. ڕستە سەرەکییەکە لە ڕستەی ئاڵۆزدا ڕستەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام پاڕستەکان بەندن بە ڕستە سەرەکییەکەوە چەند زانیارییەک لەبارەی توخمێکی ڕستەی سەرەکی لەخۆدەگرێ. ڕستە سەرەکییەکە بەخورتییە و دەبێ هەبێ، بەڵام پاڕستەکان بە ئارەزووە دەشێ لاببرێن بێ ئەوەی ڕستەی ناڕێزمانی دروست بکات. پارستەکان بەهۆی ئامرازەکانی گەیەنەرەوە دەگەیەنرێنە ڕستەی سەرەکی، ئامرازەکان تێکەڵ بە داڕشتنی پاڕستەکان دەبن. (فەرهادی ٢٠١٣، ٤٣) بەم جۆرە ڕستەی ئاڵۆز پێکهاتەیەکی ناسادەی هەیە، هەمیشە لە ڕستەیەکی سەربەخۆ و لاڕستەیەک پێکدێت، کە ڕستە سەرەکییەکە پێی دەوترێت (شاڕستە)، کەواتایەکی سیمانتیکی و پێکهاتەیەکی سینتاکسی سەربەخۆی هەیە، بەڵام لاڕستە (پاڕستە)، بەتەنیا و سەربەخۆ دەرناکەوێت و بەکارنایەت، واتاکەی بەندە بە واتای شاڕستەکەوە. هەمیشە ئامرازی گەیەنەر لەپێش پاڕستە دێت، کە "ئەو ئامرازەیە کە لاڕستەکە دەگەیەنێتە ڕستەی سەرەکی و هۆیەکە لە هۆیەکانی بەندبونی لاڕستەکە پێیەوە." (بەرزنجی ٢٠٠٤، ٤١)، واتە ئامرازی گەیەنەر شاڕستە و پاڕستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە ئامرازە گەیەنەرەکە بەشێکە لە پاڕستەکە و لە پیش پاڕستەکەدا دێت، بۆ نمونە:

- کارزان، که هاندەرێکی سەرسەختی بەرشەلۆنەیە، نەهاتووە

پاڕستە

شاڕستە

لەم ڕستە ئاڵۆزەی سەرەوەدا، (کارزان نەهاتووە.) ڕستەی سەرەکی (شاڕستە)یە و خاوەن پێکهاتەیەکی تەواو و سەربەخۆیە، هەروەها ناکرێت لە ڕستەکەدا لابدرێت، چونکە کەرەستەی سەرەکی ڕستەکەیە و بە لادانی ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی و نادروست. (کە هاندەرێکی سەرسەختی بەرشەلۆنەیە) ڕستەی شوێنکەوتو (پاڕستە)یە، کە بەهۆی ئامرازی گەیەنەری (کە) گەیەنراوەتە شاڕستەکە، کە بەتەنیا بەکارنایەت و واتای تەواو نابەخشێت، بەڵکو زانیاری زیاتری لە بارەی شاڕستەکە خستۆتەڕو.

لە ڕستەی ئاڵۆزدا زۆرجار دەتوانرێت "ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتو بە ئامرازەکانەوە پاش و پێش بکرێن. (عەلی ٢٠١٤، ٨٨)، واتە دەتوانرێت شاڕستە و پاڕستەکە شوێنی هاتنیان لە ڕستەدا بگۆڕن، بێ ئەوەی کار لە لایەنی ڕێزمانی و واتایی ڕستەکە بکات، بۆ نمونە:

- تۆ دانیشە، تا کراسەکە دەدورم.

شاڕستە پاڕستە

- تا کراسەکە دەدورم، تۆ دانیشە.

پاڕستە شاڕستە

بەڵام لە هەندێک ڕستەی ئاڵۆزدا ناتوانین جێگۆڕکێ بە شوێنەکانیان بکەین لە نێوان شاڕستە و پاڕستەکەدا، چونکە کار لە ڕێزمانێتی ڕستەکە دەکات، دەبێتە ڕستەیەکی نادروستی ناڕێزمانی، بۆ نمونە:

- ئاشنا هۆنراوەیەکی خوێندەوە، کە هی شاعیری گەورە نالی بو.

شاڕستە پاڕستە

* کە هی شاعیری گەورە نالی بو، ئاشنا هۆنراوەیەکی خوێندەوە.

پاڕستە شاڕستە

ڕستەی ئاڵۆز، چونکە  لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت، کە یەکێکیان سەرەکییە و ئەویتریان لاوەکییە، بۆیە دوکار لە ڕستەی ئاڵۆزدا هەیە، کە "ڕستەی سەرەکی و ڕستەی تەواوکەری خاوەنی دروستەی سینتاکسی سەربەخۆن و هەردروستەیەکیان لە ژێر ڕکێفی سەرەیێکی حوکمکردنی کردار و کات و کەسی خۆیاندان." (عەبدولڕەحمان ٢٠١٥، ٦٨-٦٩) هەمو کارێکیش مۆڕفیمی کاتی تێدایە، چونکە "ڕستەی تەواوکەری بێ کەس و کات نییە." (هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە) کەواتە لە ڕستەی ئاڵۆزدا دوو مۆڕفیمی کاتمان هەیە، بەڵام مۆرفیمی کاتی پاڕستەکە چالاک نییە و کاری پاڕستەکە ئەرکی دەرخستنی کاتی ڕودانی کاری شاڕستەکەیە و زانیاری زیاتر لەبارەی کاتی ڕودانی کارەکە دەخاتەڕو، بۆ نمونە:

- کە زستان هات، دەچین بۆ شەڕەبەفر.

لەم ڕستە ئاڵۆزەی سەرەوەدا دوو کاری تێدایە، (دەچین) کاری شاڕستەکەیە و ڕانەبردووە، (هات) کاری پاڕستەکەیە و ڕابردووە، کە زانیاری زیاتری لەبارەی کاتی ڕودانی کاری شاڕستەکە خستۆتەڕو.

## ٣-٢: ڕێگەکانی پیشاندانی کات لە ئاستی سینتاکسدا

لە ئاستی سینتاکسدا دەکرێت بە شێوە و فۆڕمی جیاواز کات دەربېڕدرێت، بە شێوەیەکی گشتی پیشاندانی کات لە ئاستی سینتاکسدا بە دوو ڕێگە دەکریت، ئەویش یان لە ڕێگەی فرێزی هاوەڵکاری یان لە ڕێگەی پاڕستەی هاوەڵکارییەوە دەکرێت.

### ٣-٢-١: فرێزی هاوەڵکاری کاتی

ئەو فرێزانەن، کە وەسفی کاردەکەن، "کاری بنەڕەتی فرێزی هاوەڵکاری کاتدەستنیشانکردنی کاتە." (بەرزنجی ١٩٨٩، ٥٩) فرێزی هاوەڵکاری کاتی[13] لە ڕستەدا بەکاردێت  بۆ وەسفکردنی ڕودانی کارێک، کە کەی ڕویداوە یان ڕودەدات، واتە کاتی ڕودانی کارەکە ڕون دەکاتەوە. "هەبونی هاوەڵکاری کات لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، بە واتای هەبونی جێکەوتەی سینتاکسی و نیشانەی هاوەڵکاری. لە سینتاکسدا لەبەرئەوەی هاوەڵکار لە ناو دروستەی فرێزی کرداری یان بەشە کردار دایە و وابەستەیەتی، بۆیە دەکرێت دەرخەری واتایی لایەنێکی کردارەکە یان بەشە کردارەکە بێت و سیماکانیان نیشان بدات. (مەعروف ٢٠٢٠، ٩٢) سەرەی ئەو فرێزانەش هاوەڵکاری کاتییە، چونکە هاوەڵکاری کاتی "ئەو هاوەڵکارەیە، کە بەیانی ئەو کاتە ئەکا، کە فرمانێکی تیا ڕوئەدا." (ئەمین،٢٠١٤،

---

[13] -نوسەر زاراوەی (ئاوەڵگوزارەی کات)ی بەکارهێناوە.

١٩١) هاوەڵکارە فەرهەنگییەکانی کات ڕاستەوخۆ ئەرکی فریزی هاوەڵکاری دەبینن، بەڵام بەهۆی کەمی هاوەڵکاری فەرهەنگییەوە، ناوەکانی کات، کە واتاو چەمکی کات دەگەیەنن و هاوەڵکارئاسا لە جێکەوتەی سینتاکسیدا دێن و ئەرکی فریزی هاوەڵکاری کاتی دەبینن. فریزی هاوەڵکاری کاتی لە وشەیەک یان زیاتر پێکدێت، واتە دەگونجێت لە یەک وشەی هاوەڵکاری کاتی پێکبێت، چونکە "بەپێی ڕێزمانی بەرهەمهێنی چۆمسکی تاکە وشەیەکیش بە فریز دادەنرێت." (محمدأمين ٢٠١٦، ٩٦)، وەک:

- ڕەهێڵ ئەمڕۆ دێتەوە.

- بە شەو دەچین بۆ پارک.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا (ئەمڕۆ) هاوەڵکاری کاتە و ڕاستەوخۆ ئەرکی فریزێ هاوەڵکاری کاتی بینیوە، بەڵام (بە شەو) لە پێشبەندێک و ناوێک پێکهاتووە، ئەرکی فریزی هاوەڵکارئاسای بینیوە. "ناوە کاتییەکان مەرجی ڕێکەوتنیان لەگەڵ تافی گراماتیکیی کردارەکەدا نییە، چونکە دەشێت لەگەڵ تافی ڕابردو و ڕانەبردودا بێن." (مەعروف ٢٠٢٠، ٩٤) بەڵام هاوەڵکارەکانی کات بە پێچەوانەی ئەوانن، بۆنمونە:

- ئەو دوێنێ/ پێرێ کتێبەکەی کڕی.

- ئەو ئێستا/ دوسبەی دەچێت بۆ دهۆک.

-ئازاد شەممەی/ دەڕوات.

ئازاد نیوەڕۆیە هات.

لەم ڕستانەی سەرەوە (دوێنێ، پێرێ) هاوەڵکاری کاتن و هەڵگری واتای کاتی ڕابردون، بۆیە لە گەڵ کارە ڕابردووەکاندا دێن، بەڵام وشەکانی( ئێستا، دوسبەی) ئاماژە بۆ کاتی ئاخاوتن یان داهاتو دەکەن بۆیە لەگەڵ کاری ڕانەبردودا دێن. وشەکانی (شەممە ، نیوەڕۆ) ناوی کاتن و هاوەڵکارئاسا بەکارهاتون، دەتوانن لە گەڵ کاری ڕابردو و ڕانەبردودا بەکاربێن.

فریزی هاوەڵکاری کاتی زانیاری هەمەچەشن سەبارەت بە ڕودانی کار دەخاتەڕو، لە ڕوی دەستپێکردن و کۆتایهاتنی کارێک، ئایا ئەوکارە لە ڕابردودا ڕویداوە و تەواوبووە یان لە ئێستادا ڕویداوە و بەردەوامی هەیە، یان ئێستا کاتی دەسپێکردنەکەیە، یان لە داهاتودا ڕودەدات، واتە کەی

کارەکە ڕویداوە و ماوەی چەندی خایاندووە. فریزی هاوەڵکاری کاتی بە شێوەیەکی ورد کاتی ڕودانی کارەکان دیاریدەکات، واتە لێڵی و نادیاری لە سەر لایەنی کاتی ڕودانەکان دەرەوێنێتەوە و دەبێتە وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی کە دەربارەی کاتی ڕودانی کارێک دەکرێن، بۆ نمونە:

- لەکەیەوە خوێندنت تەواوکردووە؟

- لە<u>پارەوە</u> خوێندنم تەواوکردووە.

لەم ڕستەیەدا فریزی هاوەڵکاری کاتی (لە پارەوە) بووەتە وەڵام بۆ پرسیاری (لەکەیەوە). هەروەها لە ڕستەی:

- هەنی خەوتووە.

- هەنی لە شەویوە خەوتووە.

بە هۆی فریزی هاوەڵکاری کاتی (لە شەویوە) لێڵی و نادیاری کات، لە کاری (خەوتن)دا لەم ڕستەیەدا نەماوە و کاتەکەی ئاشکراو دیارە، چونکە (هاوەڵکارە کاتەکان لە دیاریکردنی سنوری ئەو دەم و تێنسانەی ڕایدەگەیەنن، لە چاو مۆرفیمی کاتەکان زۆر وردترن." (ڕەئوف ٢٠٠٨، ٣٥)

هەروەها کە هاوەڵکاری کاتی بۆ ڕستە زیادە دەکرێت بۆ ڕونکردنەوە و پێدانی زانیاری زیاترە و کار لەسەر تایبەتمەندی سینتاکسی ڕستەکە ناکات، واتە ڕستەکە لە چ حاڵەتێکی سینتاکسیدا بێت هەر بەهەمان شێوە دەمێنێتەوە، بۆ نمونە:

- ئەحمەد نان دەخوات.

- ئەخمەد ئێستا نان دەخوات.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا کاری (دەخوات) کارێکی ڕانەبردووە و تێپەڕە، کاتێک هاوەڵکاری کاتی (ئێستا)ی بۆ زیادکراوە، تەنها زانیاری زیاتر لە بارەی کاتی ڕۆیشتنەکە خراوەتەڕو، کاری ڕستەکە هەروەک خۆی لە هەمان حاڵەتی سینتاکسیدایە، هەروەها واتا سیمانتیکیەکەشی نەگۆڕاوە.

هەندێکجار دوو فریزی هاوەڵکاری کات بەدوای یەکدا دێن و هەریەکەیان شوێنی ئەوی تریان پتەوتر دەکات. (بەرزنجی ١٩٨٩، ٦٣)، ئەگەر دوو فریزی هاوەڵکاری کاتی یان زیاتر بەدواییەکدا هاتن و یەکێکیان گشتی بو، ئەوانی تر بەشێک بون لەو، ئەوا ڕیزبونەکە لە گشتییەوە بۆ تایبەتی دەبێت، واتە لە گەورەو بۆ بچوک دەبێت، چونکە "نیشانەکردنی مۆرفیمی تاف لە زمانی کوردیدا

لەلایەن ئاوەڵکردارەکانەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپە، بەڵام لە هەنگاوی دووەمدا لە چەپەوە بۆ ڕاست ئاوەڵکارەکان لەلایەن ئاوەڵکاریی ترەوە نیشانە دەکرێن." (مەعروف ٢٠٢٠، ٩٧) بۆ نمونە:

- ئێمە دوێنێ شەوەکەی میوانمان هات.

- ئێواران پێش خۆرئاوابون لەکارەکەم دەگەڕێمەوە.

- هەموساڵێ بەهارەکەی دەچین بۆ سەفرە.

لەم ڕستانەی سەرەوە (دوێنی، ئێواران، هەموساڵێک) فریزی هاوەڵکاری کاتن و گشتین، هەروەها (شەوەکەی، پێش خۆرئاوابون، بەهارەکەی) ئەوانەش فرێزی هاوەڵکاری کاتن، بەڵام واتا و مەبەستەکانیان تایبەتی ترە و کاتێکی دیاریکراوتر دەستنیشان دەکەن، واتا و مەبەستی فرێزی هاوەڵکاری کاتی پێش خۆیان زیاتر ڕونکردۆتەوە

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر فریزی هاوەڵکاری کاتی لە گەڵ چەند فرێزێکی جیاواز لە ڕستەدا بەیەکەوەبین، وک هاتنی فرێزی هاوەڵکاری کاتی و فرێزی هاوەڵکاری شوێنی، ئەوا کات پێش شوێن دێت. (حسێن ٢٠٠١، ٦٩)، ئەمەش پەیوەندی بە پلەو پایە و لایەنی واتایی فرێزەکانەوە هەیە، واتە جێکەوتەی هاوەڵکاری شوێنی لەدوای هاوەڵکاری کاتییەوەیە، بۆ نمونە:

- نازەنین سبەینێ لە سلێمانی دەگەڕێتەوە.

ف. ها. کاتی ف. ها. شوێنی

- ئەمڕۆ لە زانکۆ سیمینارێک پێشکەشکرا.

ف. ها.کاتی ف. ها.شوێنی

- دوێنێ لە هەولێرەوە تا کۆیە بە پێ هاتین.

ف. ها. کاتی ف. ها.شوێنی ف. ها. شوێنی ف. ها. چۆنیەتی

لە م دوو ڕستەیەدا (سبەینێ ، دوێنێ ، ئەمڕۆ) فرێزی هاوەڵکاری کاتن، لە پێش فرێزی هاوڵکاری شوێنی (لە سلێمانی ، لە زانکۆ، لە هەولێر، تا کۆیە) و فرێزی هاوەڵکاری چۆنیەتی (بە پێ) هاتون.

بەڵام لە ڕستەی باسمەند (بەلوتکەکردن)دا قسەکەر بە خواست و مەبەستی خۆی دەتوانێت، ئەو فریزەی کە مەبەستیەتی پێشتر دەریببڕێت، هەروەک (کریستاڵ) دەڵێت: "بەلوتکەکردن بریتییە لە جوڵاندنی پێکهاتەیەک یان بەشێک لە ڕستە بۆ سەرەتای ڕستە بۆ ئەوەی وەکو بابەتی سەرەکی ڕۆڵ ببینێت." (حارس ٢٠١٧، ١٢) بۆیە لە ڕستەی باسمەنددا ئەو فریزەی دەبێتە باس دەهێندرێتە سەرەتا، وەک شوێنی ڕوداو و کارەکە یان چۆنیەتی ڕودانەکە لە پێشتر دێت و پێش کات دەخرێت، بۆ نمونە:

- لە بازاڕ بوم دوێنێ.
- لە کتێبخانە ئەمڕۆ مامۆستاکەم بینی.
- بەپەلە ئێستا هاتمەوە.

لەم ڕستانەی سەرەوە فریزی هاوەڵکاری شوێنی (لە بازاڕ، لە کتێبخانە)، فریزی هاوەڵکاری چۆنیەتی (بەپەلە) پەیوەستن بە مەبەستی قسەکەرەوە و باسی هێنراوە پێشەوەن و لە پێش فریزی هاوەڵکاری کاتییەوە هاتون، چونکە قسەکەر دەیەویت لە ڕێگەی هێنانە پێشەوە، جەخت لە گرنگی ئەو کەرەستەیە بکاتەوە، کە مەبەستییەتی و دەبنە وەڵام بۆ ڕستەی پرسیاری:

- دوێنێ لەکوێ بوی؟
- ئەمڕۆ مامۆستاکەت لە کوێ بینی؟
- ئێستا چۆن هاتییەوە؟

## ٣-٢-٢: پێکهاتەی فریزی هاوەڵکاری کاتی

لە ڕوی پێکهاتنەوە فریزی هاوەڵکاری کاتی دەکرێن بە دوو جۆرەوە:

### ٣-٢-٢-١: فریزی هاوەڵکاری کاتی سادە

ئەو فریزانەن، کە لە وشەیەکی سادەی واتادار پێکهاتون و هەڵگری چەمکی واتای کاتن، "ئەگەر سەرەی فریزی هاوەڵکارەکە لە سەرەیەک پێکهاتبو ئەوا بە فریزی هاوەڵکاری سادە ناودەبرێت."

(عەول ٢٠٠٨، ٢٠)، جا ئەو وشە سادەیە ئەگەر هاوەڵكاری كاتی بو، ڕاستەوخۆ وەک فرێزی هاوەڵكاری لە جێكەوتەی هاوەڵكاردا دێت، هاوەڵكارە بنجییەكانیش، وەک (هێشتا، هەرگیز، ئێستا، دوێنێ، پار، ... هتد.) بۆ نمونە:

- منداڵەكە دوێنێ دەستی شكا.

- پار بەیەكەم دەرچوم.

- هەرگیز باوكمم نەبینیوە.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا هاوەڵكارەكانی (دوێنی، پار، هەرگیز) وەک فرێزی هاوەڵكاری كاتی لە جێكەوتەی هاوەڵكاردا هاتون، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو هاوەڵكارانە لەناو فەرهەنگی زمانەكەدا ژمارەیان كەمە، بۆیە سود لە فرێزەكانی تر وەردەگیرێت (فەرهادی ٢٠١٣، ٢١) ، ئەو كەرەسانەی ئەم ڕۆڵە دەبینن ناوەكانی كاتن، وەک (بەیانی، ئێوارە، پایز، ... هتد)، كە وەک هاوەڵكارئاسا لە جێكەوتەی هاوەڵكاردا دێن، لەناو ڕستەدا ئەركی فرێزی هاوەڵكاری كات دەبینن، بۆ نمونە:

- ئەوان بەیانی دێن بۆ كۆیە.

- ئێوارە وەرە بۆ ماڵمان.

- پیاوەكان نیوەشەو هاتنەوە.

فرێزەكانی (بەیانی، ئێوارە، نیوەشەو) فرێزی ناوین، بەڵام ئەركی فرێزی هاوەڵكاری كاتییان بینیوە، وەک هاوەڵكارئاسا لە جێكەوتەی هاوەڵكاردا هاتون و كاتی ڕودانی كارەكەیان ڕونكردووەتەوە.

### ٣-٢-٢-٢: فرێزی هاوەڵكاری كاتی ناسادە

ئەو هاوەڵكارە كاتییانە دەگرێتەوە، كە ناسادەن و لە وشەیەكی سادە و زیادەیەک یان دوو وشەی سادە یان زیاتر پێكهاتون. "ئاوەڵكردارە ناسادەكان لە ڕێی پرۆسەكانی وشە دروستكردنەوە لە كاتەیگۆرییەكانی ناو و ئاوڵناو ئاوڵناو دروست بوون. "مەحویی ٢٠١٣، ٢٤٨) هاوەڵكارە ناسادەكانی كات بەزۆری لە بەشە ئاخاوتنی ناو دروستبوون، چونكە ناوەكان ناون بۆ ناولێنانی كاتێک، ئەو وشەو فرێزانەشی نیشانەی هاوەڵكاری كاتییان تێدایە یان نیشانەی هاوەڵكاریان پێدەدرێت، بۆ ئەوەی لە ڕستەدا جێكەوتەی هاوەڵكاری بگرن و هاوەڵكار ئاسا لە ڕستەدا بەكاردەهێنرێن.

هاوڕێکەم ئەمڕۆ کتێبی دەخوێندەوە. (هاوەڵکار)

- ئەمساڵ خانوەکەمان دەفرۆشین. (هاوەڵکارئاسا)

ئەو وشانەی لە بەشەئاخاوتنی ناوەوە وەردەگیرێن دەبنە هاوەڵکار و لە جێکەوتەی هاوەڵکاری کاتی سینتاکسیدا دێن، ئەواپەیوەندی واتاییان بە ئەسڵکەوە ناپچڕێت. (حاجی مارف C٢٠١٤، ١٥٠)، بۆ نمونە ناوەکاتەکانی وەک (بەهار، هاوین، شەو، ....) واتای ناو لە ناوەڕۆکیاندا دەمێنێت، کە وەک هاوەڵکارئاسا بەکاردێن، وەک (بەهارێ، هاوینێ، شەوان، ...).

فرێزی هاوەڵکاری کاتی ناسادە بە دوو شێوە دروستدەبێت[14]، ئەوانیش:

## ٣-٢-٢-٢-١: لە ڕێگەی داڕشتنەوە

ئەو هاوەڵکارە کاتییانە دەگرێتەوە، کە لە وشەیەکی سادە و زیادەیەک پێکدێن، جا ئەو زیادەیە، پێشگرێکە یان پاشگرێکە یان هەردوکیانە.

### ٣-٢-٢-٢-١-١: پێشگرەکان

**٣-٢-٢-٢-١-١-١:** /بەسر/-: بەسرپێرێ، بەسرپێرار، ...

### ٣-٢-٢-٢-١-٢: پاشگرەکان

**٢-٣-٢-٢-١-٢-١:** -/ێ/: زستانێ، پایزێ، شەوێ، عەسرێ، ...

**٢-٣-٢-٢-١-٢-٢:** -/ان/: شەوان، بەهاران، ڕەمەزانان، جاران، ساڵان، ...

**٢-٣-٢-٢-١-٢-٣:** -/انە/ : شەوانە، ساڵانە، هەفتانە، مانگانە، ...

**٢-٣-٢-٢-١-٢-٤:** -/و/: داهاتو، پێشو

## ٣-٢-٢-٢-٢: لە ڕێگەی لێکدانەوە

[14] – لە داڕشتن و پێکهاتەی فرێزەکان سودم لە (حاجی مارف ٢٠١٤: ١٣٩-١٥٣)، (مەحوی، ٢٠١٣: ٢٤٨-٢٥٣)ی وەرگرتووە.

ئەو فریزە هاوەڵکاریانە دەگریتەوە "کەوا بەلای کەمەوە دوو وشەی واتاداری تیدابیت." (حاجی مارف (C٢٠١٤، ١٤٦)، واتە لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پیکدین، کە بەیاریدەی ناوبەندەوە یان بێ یاریدەی ناوبەند دروستبوون، یان بە هۆی دوبارەکردنەوەی وشەکە سازدەبن، وەک:

**٣-٢-٢-٢-٢-١:** دوپاتکردنەوە بێ ناوبەند: جارجار، ...

**٣-٢-٢-٢-٢-٢:** دوپاتکردنەوە بەیارمەتی ناوبەند:

**٣-٢-٢-٢-٢-١:** -/بە/-: ساڵ بەساڵ، ڕۆژ بە ڕۆژ، هەفتە بە هەفتە، ...

**٣-٢-٢-٢-٢-٢:** -/او/-: هەرگیزاوهەرگیز، ...

**٣-٢-٢-٢-٢-٣:** - وشەی (سەر) + (لە) + ناوی کات: سەر لە بەیانی، سەر لە ئێوارە، ...

**٣-٢-٢-٢-٢-٤:** وشەی (سەرەتا) + (ی) + ناوی کات: سەرەتای ساڵ، سەرەتای مانگ، سەرەتای هەفتە، ...

**٣-٢-٢-٢-٢-٥:** ژمارە و ناوی کات: یەک شەممە، دوشەممە، سێ شەممە، .یەکجار، نیوەشەو، نیوەڕۆ، ...

**٣-٢-٢-٢-٢-٦:** وشەی (هەر) و ناوی کات: هەردەم، هەرساڵ، هەرکات، ...

**٣-٢-٢-٢-٢-٧:** وشەی (ئەم) و ناوی کات: ئەمساڵ، ئەمڕۆ، ئەوکات، ...

**٣-٢-٢-٢-٢-٨:** -/و/- : شەو و ڕۆژ، هەفتە و هەفتە، بەیانیان و ئێواران، ...

**٣-٢-٢-٢-٢-٢-٩:** /بە/ - : دەست بە جێ، ...

**٣-٢-٢-٢-٢-١٠:** دەم + -/ەو/- + ناوی کات: دەمەوبەهار، دەمەوئێوارە، ...

**٣-٢-٢-٢-٢-١١:** وشەی (کۆتای) + ی + ناوی کات: کۆتایی ساڵ، کۆتایی ڕۆژ، کۆتایی هەفتە، ...

### ٣-٢-٢-٢-٣: لە ڕێگەی فرێزی بەندەوە

فرێزێکی هاوەڵکاری کاتی ناسادەیە، کە لە ئامرازێکی پەیوەندی و هاوەڵکارێکی کات، یان ناوێکی کات پێکدێت، ئەو فرێزانە بە یارمەتی پێشبەند و پاشبەندەکانەوە داڕێژراون، چونکە "فرێزی بەند بە یارمەتی یەکێک لە پێشبەندەکان و تەواوکەرێک دروستدەبێت." (برزو ٢٠٢٠، ٥٠)، کە لەڕوی پێکهاتنەوە هاوەڵکارە کاتییەکە دەبێتە تەواوکەر و پێشبەندەکە دەبێت سەرەی فرێزەکە. فرێزی بەندی هاوەڵکاری کاتی بە چەندشێوەیەک دروستدەبێت، لەوانە:

**٣-٢-٢-٢-٣-١:** / بە/ - : بە شەو، بە هاوین، بە هەفتە، بە مانگ، ...

**٣-٢-٢-٢-٣-٢:** /لە/ + ناوی کات + /دا/: لەسەرەتادا، لە زستاندا، لە هاویندا...

**٣-٢-٢-٢-٣-٣:** /لە/ + ناوێک یان هاوەڵکارێکی کات + /ەوە/: لە بەیانییەوە، لە دوێنێوە، لە پارەوە، ...

**٣-٢-٢-٢-٣-٤:** /بۆ/ - : بۆ ئێوارە، بۆ شەوێ، بۆ ئەم ساڵ، ...

**٣-٢-٢-٢-٣-٥** /تا/ - : تا بەیانی، تاشەو، تا ئێوارە، ...

## ٣-٣: ئەرکی فرێزی هاوەڵکاری کاتی

مەبەست لە ئەرکی فرێزی هاوەڵکاری کاتی، ئەو ئەرکەیە کە لەناو ڕستەدا هەیەتی. فرێزی هاوەڵکاری کاتی لە ڕوی سینتاکسییەوە پەیوەندی لەگەڵ کاردا هەیە، بۆیە چەند ئەرکێکی سینتاکسی دەبینێت، ئەویش بەپێی هاتن و دەرکەوتنی لە ڕستەدا وەک کەرەستەیەکی لاوەکی یان سەرەکی ئەرکەکەی دیاریدەکرێت. بەپێی دەرکەوتنی لە ڕستەدا ئەرکی فرێزی هاوەڵکاری کات دەخەینەڕو:

### ٣-٣-١: فرێزی هاوەڵکاری کاتی وەک سەربار

سەربار فرێزی سەرپشکی ناو پێکهاتەی ڕستەن، " فرێزی سەرپشکی ئەو جێکەوتەیەیە، کە بۆ زیادکردنی زانیاری زیاتر لەسەر کردارەکە دەردەکەوێت." (مەجید ٢٠١٦، ١٠٣) فرێزی هاوەڵکاری کاتی لە ڕستەدا جۆرێکن لە سەربارەکان، کە لە دروستە بنەڕەتییەکاندا نین، بەڵکو وەکو سەربار لە ڕستەدا دێن، بۆ ڕونکردنەوە و پێدانی زانیاری زیاتر دەربارەی کاتی ڕودانی کار. فرێزی

هاوەڵکاری کات، کاتێک وەک سەربار لە ڕستەدا دێن، بە لابردنیان کار ناکاتە سەر لایەنی واتایی و ڕێزمانی ڕستەکە، چونکە "سەربار ئەو کەرەسەیەی ڕستەیە، کە دەکرێ لە ڕستەدا لاببرێت بێ ئەوەی دروستە و کرۆکی ڕستەکە بشێوێنێت." (ئەحمەد ١٩٨٨، ١٣)، چونکە بۆ ڕونکردنەوە و دەرخستنی زانیاری زیاتری کاری ڕستەکە بەکاردێت، دەربارەی کاتی ڕودانی ڕوداوەکە، کەی دەستی پێکردووە ماوەی چەندی خایاندوە، کەی کۆتای پێهاتووە، بۆ نمونە:

- ڕاوچییەکان <u>بە شەو</u> دەچن بۆ ڕاوکردن..

- <u>دوێنێ</u> وانەکەمان تەواونەکرد.

لە ڕستەکانی سەرەوەدا هەریەک لە فرێزەکانی (بە شەو، دوێنێ) ئەرکی فرێزی هاوەڵکاری کاتییان وەک سەربار بینیوە، بە هاتنیان لە ڕستەکەدا تەنیا پەیوەندی سینتاکسی و سیمانتیکی نێوان بکەر و کاریان زیاتر ڕونکردووەتەوە.

هاوەڵکاری کاتی "سەربەخۆ لە ڕستەدا لەپێش کردارەوە ڕودەدات و بۆ کردارەکە دەگەڕێتەوە و وەک ئاوەڵکردار گۆدەکات." (محەمەدی مەحویی ٢٠١٣، ٢٥٧) واتە هاوەڵکاری کاتی ڕاستەوخۆ لە جێکەوتەی هاوەڵکاردا دێت و ئەرکی فرێزی هاوەڵکاری کاتی لە ڕستەدا دەبینێت، هەروەها فرێزەناوییەکانی کات، چەمکی کات دەگەیەنن و کاتی ڕودانی کارەکە دەردەخەن، بۆیە لە جێکەوتەی هاوەڵکاری کاتدا دێن و دەبنە فرێزی هاوەڵکارئاسا، کە وەک سەربار لە ڕستەدا دێن و ئەو ئەرکە سینتاکسییەی سەربار لە ڕستەدا دەبینن، بۆنمونە:

- ئەو <u>هێشتا</u> تۆی لەبیر نەکردووە.

- <u>دوێنێ</u> گوڵەکانم چاند.

- ئێمە <u>ڕۆژی هەینی</u> دەچین بۆ سەیران.

- نزار <u>بەیانی</u> دەچێت بۆ کەرکوک.

لەم ڕستانەدا (هێشتا، دوێنێ) فرێزی هاوەڵکاری کاتین، لە جێکەوتەی هاوەڵکار هاتون. هەروەها (ڕۆژی هەینی، بەیانی) فرێزی ناوین، بەڵام لەبەرئەوەی لە جێکەوتەی هاوەڵکاردا دەرکەوتون، ئەو فرێزانە لە ڕستەکەدا ئەرکی سەرباریان بینیوە.

فرێزی بەند یەکێکی ترە لەو فرێزە سینتاکسییانەی ئەرکی سەربار دەبینێت لە ڕستەدا، کە "لە جێکەوتەی هاوەڵکاردا دەردەکەوێت، توانای ئەوەی هەیە، ڕۆڵی هاوەڵکارئاسا ببینێت. (مەعروف ٢٠١٠، ٦٩)، ئەو فرێزە بەندە لە ڕوی داڕشتنەوە "لە پێشناوێک و تەواوکەرێک پێکدێت." (محمدأمین

٢٠١٦، ٩٠) تەواوکەرەکە هاوەڵکارێکی کات یان ناوێکی کاتییە و ئامرازە پێشناوەکە دەبێتە سەرەی فرێزەکە. ئەوفرێزەبەندە تەنیا زانیاری زیاترە دەربارەی کاتی ڕودانی کارەکە، دەخاتەڕو بۆیە وەکو کەرەستەیەکی لاوەکی سەربار ئەرک دەبینێت، بۆ نمونە:

- لە زستاناندا خواردنی کوردەواری خۆشە.

- بۆ بەهارێ دەستێک جلی کوردی جوان دەکڕم.

- بە شەو دەچین بۆ پارک.

لەم ڕستانەدا (لە زستاندا، بۆ بەهارێ، بە شەو) فرێزی بەندن، زانیارییان دەربارەک کاتی ڕودانی کارەکان خستۆتەڕو و ئەرکی سەرباریان لە ڕستەکەدا بینیوە، بۆیە دەتوانین لە دروستەی ڕستەکەدا لایانبدەین، چونکە کەرەستەی لاوەکین کار لە ڕێزمانێتی و واتای ڕستەکە ناکەن. هەروەها جێکەوتە و شوێنی فرێزی بەند و فرێزە هاوەڵکارییەکان وەک سەربار لە ڕستەدا جێگیر نییە، دەتوانرێت لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕستەدا دەربکەون، لە هەمان ڕستەدا جێگەی فرێزە هاوەڵکارییە کاتییەکە بگۆڕدرێت و پاش و پێش بکرێت بێ ئەوەی پێکهاتەی ڕێزمانی و واتایی ڕستەکە تێکبچێت، بۆنمونە:

### ٣-٣-١-١:جێگۆڕکێ:

- ئەمڕۆ لاوێن هات.

– وانەکە ئێستا دەست پێدەکات.

– بەیەکەم دەرچوم ساڵی پار.

### ٣-٣-١-٢:- لادان:

- لاوێن هات.

- وانەکە دەست پێدەکات.

- بەیەکەم دەرچوم.

لەم ڕستانەدا بەلادان و جێگۆڕکێی فرێزی هاوەڵکاری کاتی هیچ کاری نەکردۆتە سەر دروستەی ڕێزمانی و ڕستەی ناڕێزمانی دروست نەبووە، چونکە کەرەستە و پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕستەکە وەکو خۆیان ماونەتەوە و ئەو فرێزە هاوەڵکاریانە لە ئەرکی سەرباردان. لەو ڕستانەدا فرێزە هاوەڵکارییەکانمان لاداون، لە ڕوی ڕێزمانییەوە دروستە و ڕستەیەکی تەواوە، بەڵام لە ڕوی واتاوە بە لادانی فرێزەهاوەڵکارە کاتییەکان، واتاکەی کەمتر و بەرتەسکتر کردۆتەوە، چونکە بەهاتنی ئەو فرێزانە لە ڕستەکەدا زانیاری زیاتریان دەربارەی کاتی ڕودانی کارەکە بەوردی دەسنیشانکردووە، هیچ لێڵی و نادیارییەک لە دیاریکردنی کاتی ڕودانی کارەکە نەماوە. لە ڕستەدا دەکرێت زیاتر لە فرێزێکی هاوەڵکاری کاتی وەک سەربار بێت، بۆ ڕونکردنەوە و پێدانی زانیاری زیاتر دەربارەی کاتی ڕودانی کارەکە، چونکە ژمارەی هاتنی سەربار لە ڕستەدا دیاریکراو و جێگیر نییە، هەمو سەربارەکانیش دەتوانرێت لە ڕستەکە لاببرێن بێ ئەوەی کار لە واتا و ڕێزمان بونی ڕستەکە بکات، وەک:

- ئازاد <u>ئەمساڵ</u> <u>هاوینەکەی</u> <u>هەموبەیانیان</u> دەچێت بۆ فێرگە.

سەربار سەربار سەربار

وەک لەم ڕستەیەدا چەند هاوەڵکارێکی کاتی وەکو سەربار هاتون، کە هەریەکەیان بۆ زانیاری پێدان و ڕونکردنەوەی زیاتری کارەکەیە، دەکرێ هەمو سەربارەکان لاببرێن بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر دروستەی ڕێزمانی و واتای ڕستەکە هەبێ، کە دەبێت بە:

- ئازاد دەچێت بۆ فێرگە.

## ٣-٣-٢ فرێزی هاوەڵکاری کاتی وەک تەواوکەر

تەواوکەر بەشە پێکهێنەرێکی ڕستەیە و پەیوەندی بە کارەوە هەیە، 'ئەو کەرەستانەن کە لەگەڵ کاردا دێن و ڕستەکە دەکەنە ڕستەیەکی ڕێزمانی و واتایەکی تەواوی پێدەبەخشن." (ڕەسوڵ ٢٠٠٦، ٣٨) تەواوکەر لە ڕستەدا وابەستەی کارە و کەرەستەیەکی سەرەکییە، چونکە هەندێ جار ڕستە بێجگە لە بکەر و کار، پێویستی بەکەرەستەی تر دەبێت بۆ ئەوەی ڕستەکە لەڕوی ڕێزمانی و واتاوە تەواوبێت، واتە "هەندێ کار بۆ تەواوکردنی واتاکانیان، داوای ئەدڤێربڵ دەکەن. لەم بارەدا ئەرکی تەواوکەر دەبینن و بەکەرەسەیەکی بنجی دادەنرێن." (حسێن ٢٠٠١، ٥٨) کار بەپێی پێویستی خۆیان داوای تەواوکەر دەکەن، زۆرجار جێکەوتەیە بە فرێزێکی هاوەڵکاری کاتی یان

فرێزێکی بەند لە جێکەوتەی هاوەڵکاردا پڕدەکرێتەوە، کە دەبنە کەرەستەیەکی سەرەکی و هەبونیان لە ڕستەدا بەخورتی دەبێت، بۆ دروستبونی ڕستەیەکی ڕێزمانی و واتایی، بۆ نمونە:

- یارییەکە دوێنێ بو.

- ترێ لە هاویندا پێدەگات.

- ئەمڕۆ لە بەهار دەچێت.

لەم ڕستانەدا فرێزەکانی (لە هاویندا، لە بەهاردا، دوێنێ) هەریەکەیان ئەرکی تەواوکەریان لە ڕستەکەدا بینیوە، کەرەستەی سەرەکی ڕستەکەن، واتە کەرەستەیەکی بەخورتین جۆری کارەکە داوای کردون و ناکرێت لە ڕستەدا لابدرێن، چونکە  بە لادانیان کار لە پێکهاتەی ڕستەکان دەکات، دەبن بە ڕستەیەکی نادروست لە ڕوی ڕێزمانی و واتاییەوە، واتە دەبێتە هۆی لێڵی واتایی یان ناڕێزمان بون و تێکچونی واتای ڕستەکە:

*یارییەکە ______بو.

*ترێ_____ پێدەگات. (لێڵ واتاییە)

*ئەمڕۆ ______ دەچێت. (بێ واتایە)

"زۆرجار بە لابردنی فرێزی هاوەڵکاری کاتی لە ڕستەی نەرێدا، جگە لە گۆڕینی واتا و مەبەست هەندێ جار دەبێتە هۆی دروستبونی هەڵەی واتایی." (هەمان سەرچاوە، ٦٠)، بەلادانی فرێزە هاوەڵکارە کاتییەکە، ڕستەیەکی نالۆژیکی دروست دەبێت، بۆنمونە:

- هەرگیز لە هاویندا بەفر نابارێت.

* هەرگیز بەفر نابارێت.

فرێزی (لەهاویندا)، فرێزی هاوەڵکارییە، بە لادانی لە ڕستەکەدا لە ڕوی  پێکهاتەی ڕێزمانییەوە دروستە، بەڵام لە ڕوی واتاوە هەڵەیە و نالۆژیکییە و ناکرێت لە ڕستەکە لاببرێت، بۆ ئەوەی ڕستەکە لەڕوی سینتاکسی و سیمانتیکییەوە دروستبێت.

## ٣-٤: پاڕسته و چەمکی کات

پارسته وەک بەشێک لە ڕستەی ئاڵۆز ڕۆڵی دەرخەری لایەنێکی شاڕسته دەبینێت، کە یەکێک لەو لایەنانە کاتە. پاڕستەی کات زانیاری دەربارەی کاتی ڕودانی کاری شاڕسته دەردەخات، چونکە پاڕستەکە وشەیەکی کاتی تێدایە یان ئامرازێکی گەیەنەری وەک (کە، هەتا، کاتێک، ... ) لەگەڵدایە، کە چەمکی کات دەگەیەنن، کە بەو هۆیەوە پاڕستەی دەرخەری کاتی پێکدێت و زانیاری دەربارەی کاتی ڕودانی شاڕستەکە دەخەنەڕو.

### ٣-٤-١: پاڕسته

لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوی پاڕسته، زاراوەکانی (لاڕسته، ڕستەی شوێنکەوتو، ڕستەی دیارخەری، ڕستەی لاوەکی)ی پێدەوترێت. پاڕسته بەشێکە لە ڕستەی ئاڵۆز و کەرەستەیەکی ناسەرەکییە، وەک یەکەیەکی زمانی بەشداری ڕۆنانی یەکەی گەورەتر دەکات، کە شاڕستەیە. پاڕسته "ئەو بەشەیە لە ڕستەی ئاڵۆزدا، کە هەرچەندە پێویستییەکانی ڕستەی تێدایە، بەڵام ناتوانی وەک ڕستەیەکی تەواو و سەربەخۆ بوەستیَ، بەڵکو لەڕوی ڕێزمان و واتاوە بە ڕستە سەرەکییەکەوە بەندە و دەگەڕێتەوە بۆ (سەرە) بەپێی ئەرکە جیاجیاکانی و ئەو ئامرازە گەیەنەرەی لەگەڵیدا بەکاردێت." (بەرزنجی ٢٠٠٤، ٤١) پاڕسته وەکو ڕستەیەکی سەربەخۆ دەرناکەوێت و بەتەنیا بەکارنایێت و واتای تەواو نابەخشێت، بۆ دەرکەوتنی هەمیشە بەندە بە شاڕستەوە، هەروەها واتاکەشی بەندە بە واتای شاڕستەکەوە، جگەلەوەی سەربەخۆ نییە هەمیشە ئامرازێکی گەیەنەری لەپێش دێت، کە "لاڕستەکە بەهۆی ئامرازی گەیەنەرەوە بە شاڕستەکەوە دەبەسترێت و ئامرازەکانیش تێکەڵ بە دارشتنی لاڕسته شوێن کەوتووەکە دەبن و مەبەستی جۆربە جۆر دەگەیەنن. (شوانی ١٩٩٧، ١٠٩)، کە ئەم ئامرازە گەیەنەرە هۆیەکە بۆ بەندێتی پاڕسته. پاڕسته هەرچەندە لە ڕوی پێکهاتەی سینتاکسییەوە هەمو کەرەستەکانی ڕستەی تێدایە، بەڵام بەتەنیا بەکارنایەت و واتای تەواو نابەخشێت، "ڕستیلەی ئارەزو هەرچەندە کەسدارە، بەڵام لەبەرئەوەی تافەکەی چالاک نییە، بەتەنها ڕێگای پێنادرێت، بۆیە لەناو ڕستەی دیکەدا دەشکێتەوە و بەو هۆیەشەوە تافەکەی چالاک دەبێت." (مەعروف، ٢٠٠٩، ٩٣) ئەرکی پاڕسته دەرخستن و وسفکردنی لایەنێکی شاڕستەیە، واتە "کەرەسەیەکی ڕستەی سەرەکی ڕونتر دەکاتەوە و دەریدەخات، بۆیە سەرجەم پاڕستەکان دیارخەرین، ئەوانەی فرێزە ناوییەکان ڕوندەکەنەوە پاڕستەی دیارخەری ناوین و ئەوانەی فرێزە کارییەکە ڕوندەکەنەوە، پاڕستەی دیارخەری کارین." (ڕەسوڵ ٢٠١٤، ١٣١)

به شێوەیەکی گشتی پاڕستە دابەشدەبێت بەسەر سێ جۆری سەرەکیدا، ئەوانیش (پاڕستەی ناوی، پاڕستەی ئاوەڵناوی، پاڕستەی هاوەڵکاری)[15]، پاڕستەکان دەبنە دیارخەر بۆ شاڕستە و زانیاری زیاتر دەربارەی لایەنێکی شاڕستەکە دەردەخەن، بۆ نمونە:

- داعش یەزیدییەکانی ئاوارەکرد، که گروپێکی توندڕەوبون.

- که تۆ هاتی، ئێمە نانمان دەخوارد.

ئەگەر سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین، هێڵ بەژێرداهاتووەکان پاڕستەن، سەربەخۆ و بە تەنیا بەکارنایەن، چونکە واتای تەواو نابەخشن، واتاکانیان بەندە بە واتای شاڕستەکەوە. پاڕستەکان لایەنێکی شاڕستەکانیان زیاتر ڕونکردوەتەوە و زانیاری زیاتریان دەربارەی شاڕستەکە پیشانداوە. لە ڕستەی یەکەمدا پاڕستەکە دەرخەری بکەری شاڕستەکەیە و زانیاری دەربارەی فرێزی ناوی (داعش) خستۆتەڕو، لە ڕستەی دووەمدا پاڕستەکە ئەرکی دەرخستنی کاتی ڕودانی کاری (دەخوارد) لە شاڕستەدا دەبینێت، کە زانیاری زیاتری دەربارەی کاتی ڕودانی کارەکە دەخاتەڕو.

## ٣-٤-٢: پاڕستەی هاوەڵکاری کات

پاڕستە لە پێکهاتەی ڕستەی ئاڵۆزدا، دەتوانێت ئەرکی پاڕستەی هاوەڵکاری کاتی ببینێت، کە ئەوجۆرە ڕستە لاوەکی و دیارخەرانە دەگرێتەوە، کە واتاکەی بەندە بە واتای شاڕستەکەوە و زانیاری دەربارەی کاتی ڕودانی کاری شاڕستەکە دەخاتەڕو. واتە "بەو پاڕستانە دەوترێت، کە کاتی ڕستەی سەرەکی نیشاندەدات." (حاجی مارف ٢٠١٤A، ١٤٤)، واتە کاتی ئەنجامدانی کاری شاڕستەکە دەردەخەن، "کە یەکێکیان کاتی ڕودانی ئەوی تر پیشاندەدات، ئەو ئامرازانەی کە بۆ لێکدانی ئەم جۆرە ڕستانەش بەکاردێن بریتین لە (کاتێ، کە، هەرکاتێ، تا، پێش، پاش، هەرکە)." (سەعید ٢٠٠٩، ٩٣) پاڕستەی کات هەمیشە یەکێک لەو ئامرازە گەیەنەرانەی لەگەڵدایە، کە لە پێش پاڕستەکەوە دێن، لە ڕوی واتا و پێکهاتنەوە پاڕستە بە شاڕستەوە دەبەستنەوە و پاڕستەکە دەبێتە دیارخەری کاتی شاڕستەکە و پەیوەندیی ڕێزمانی لەگەڵ دروستدەکات. پاڕستەی کاتی بە ئامرازی

[15] – بۆزانیاری دەربارەی جۆرەکانی تری پاڕستە، بڕوانە: (عەبدولڕەحیم ٢٠١٥: ٣٤-٦٣)، (مؤید طیب ٢٠١٢: ٣٧-٥٨).

پرسیاری (کەی) لێدەکرێت، واتە دەبێتە وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی کە بە ئامرازی پرسی (کەی، چ کاتێک) دەکرێن، بۆ نمونە:

- کە پایز هات، گەڵای دارەکان دەوەرن.

- سەیارەکەم فرۆشت، کە پار کڕی بوم.

- کە دوێنێ یاریمان دەکرد، سامان قاچی شکا.

- میوانەکان، تا پێش عەسر دانیشتن.

لەم ڕستە ئاڵۆزانەدا، هێڵ بەژێر داهاتووەکانی (کە پایز هات، کە پار کڕی بوم، کە دوێنێ یاریمان دەکرد، پێش عەسر) پاڕستەی کاتین، ئەرکی دەرخستنی کاتی ڕودانی کاری (هات، فرۆشت، شکا، هاتن) لە ڕستەی سەرەکی (شاڕستە)دا دەبینن، زانیاری زیاتر لەبارەی کاتی ڕودانی کارەکە دەخەنەڕو و کاتی ڕودانی کارەکە دەستنیشان دەکەن. هەرچەندە لە کاری شاڕستەدا مۆرفیمی کات هەیە، بەڵام وەک پاڕستە کاتییەکە بەوردی ئاماژە بۆ کاتی ڕودانی کارەکە ناکات.

پاڕستەی کاتی بەهۆی هاوەڵکارە کاتییەکانەوە بە وردی کاتی ڕودانی کاری شاڕستە ڕوندەکەنەوە و دیاریدەکات، بەڵام دەشتوانرێ بەبێ ناوی کاتیش یان فرێزی هاوڵکاری کاتی ڕودانی کاری شاڕستەکە ڕون بکاتەوە و دیاری بخات. (عەبدولڕەحمان ٢٠١٥، ٥٥) بۆ نمونە:

- کە ئەو هات، من لەوێ نەبوم.

- کە من هاتم بۆ زانکۆ، وانەکە دەستی پێکردبو.

- ئەو ڕۆیشت، پێش ئەوەی خواردنەکە بکوڵێت.

- کە زستان هات، فەڕشی تازە دەکڕم.

لەم ڕستە ئاڵۆزانەی سەرەوە، لە پاڕستەکاندا هیچ هاوەڵکارێکی کاتی یان ناوی کات نەهاتووە، تەنانەت لە شاڕستەکەشدا هیچ هاوەڵکارێکی کاتی نەهاتووە، کەچی پاڕستەکانی (کە ئەو هات، کەمن هاتم بۆ زانکۆ، پێش ئەوەی خواردنەکە بکوڵێت، کە وەرزی پایز هات) کاتەکانی (لەوێ نەبوم، دەستی پێکردبو، ڕۆیشت، دەکڕم)یان ڕونکردوەتەوە.

لە ڕستەی ئاڵۆزدا، دوو ڕستەمان هەیە، کە ڕستەیەکیان سەرەکییە و ڕستەیەکیان لاوەکییە، ئەمەش بە واتای بونی دوو کار دێت لە ڕستە ئاڵۆزەکەدا، هەمو کارێکیش کاتی تێدایە، کەواتە لەم جۆرە ڕستانە دوو جۆر کاتمان هەیە، بەڵام مەرج نییە کاتی ڕودانی ئەم دوو کارە وەک یەک بن، واتە دەشێ کاتەکانیان وەک یەک بن و لە هەمان کاتیشدا دەشێ کاتەکانیان جیاوازبن. (عەلی ٢٠١٤، ٨٦-٨٧)، بۆ نمونە:

کاتیان جیاوازە:

- کەمن هاتم، ئەو دەڕۆیشت.

ڕابردو          ڕانەبردو

کاتیان جیاوازە:

- شێرکۆ بە ئۆتۆمبێلەکەی کە تازەی کڕیبو، هات.

دور     نزیک

کاتەکانیان وەکویەکە:

- ئەو نەهات، کە باوکم مرد.

نزیک          نزیک

- کە ئێوە تاقیکردنەوەتان دەکرد، ئێمە وانەمان دەخوێند.

بەردەوامی          بەردەوامی

لە ڕستەی ئاڵۆزدا، پاڕستە کاتی ڕودانی کاری شاڕستە ڕوندەکاتەوە، بە پەیوەستکردنی بە کارێکی کات زانراو. واتە کاتی ڕودانی کاری ڕستەکە زانراوە، بەهۆی ئەوەو کاتی ڕودانی کاری شاڕستەش دەزانرێ و دەتوانرێ شاڕستە و پاڕستە پاش و پێش بکرێن. (ڕەسوڵ ٢٠١٥، ١٣٤)، بۆ نمونە:

- کە چوم بۆ زانکۆ، کتێبەکەم وەردەگرمەوە.

- کتێبەکەم وەردەگرمەوە، کە چوم بۆ زانکۆ.

- که من هاتم، ئەو لەویٚ بو.

- ئەو لەویٚ بو، که من هاتم.

پاڕستەکانی (که چوم بۆ زانکۆ، که من هاتم) به ئامرازەکانەوە پاش و پێش کراون، بیٚ ئەوەی کار له ڕێزمان بون و واتا و پێکهاتەی ڕستەکە بکات. له گەڵ پاش و پێش کردنی شاڕستە و پاڕستەکە ئامرازەکە هەر لەگەڵ پاڕستەکەدا دەجوڵێت و لیٚی دانابڕێت، به ئامرازەکەوە پاش و پێش دەکرێن. له هەمو کاتێک و له هەمو ڕستەیەکدا ناتوانین به ئارەزوی خۆمان جێگەی شاڕستە و پاڕستە ئاڵوگۆڕ بکەین، چونکه دەبێتە هۆی ناڕێزمانی و لێڵی واتایی ڕستەکە، بۆ نمونە:

- تا ئێوارە، هەمو بلیتەکان فرۆشران.

* هەمو بلیتەکان فرۆشران، تا ئێوارە.

-دارا به ئۆتۆمبێلەکەی، که دوێنیٚ کڕی بوی، هات.

* که دوێنی کڕیبوی، دارا به ئۆتۆمبیلەکەی هات.

## ٣-٥: پێکهاتەی پاڕستەی کات

دروستەی پاڕستەی کاتی له ڕستەی ئاڵۆزدا، له ڕوی پێکهاتنەوە چەند کەرەستەیەکی جیاواز بەشداری له دروستکردنی پاڕستەی کاتدا دەکەن "پاڕستەی هاوەڵکاری کاتی به هۆی ئامرازی گەیەنەری (که، کاتیٚ که، هەرکه، کەلە، هەتا، هەتاوەکو، ...) یا هەر وشەیەکی کات لەگەڵیان بەکاربهێنریٚ و به هۆیانەوە لاڕستە شوێن کەوتووە کاتییەکە به شاڕستەکەیەوە بۆ دیاریکردنی کاتی ڕودانی فرمانەکەی دەبەستێتەوە." (شوانی ١٩٩٧، ١١٢) به شێوەیەکی گشتی پاڕستەی کات به دوو شێوە کاتی ڕودان و ڕونەدانی کاری ڕستەی سەرەکی (شاڕستە)که دەستنیشان دەکەن، واتە به دوو شێوە:

**٣-٥-١:** بەهۆی هاتنی هاوەڵکارە کاتییەکان یان ناوەکانی کات له پاڕستەکەدا کاتی ڕودانی کاری شاڕستە که دەردەخەن و بەوردی کاتەکە دیاریدەکەن، به چەند شێوەیەک، وەک ئەمانەی خوارەوە:

**٣-٥-١-١:** ئامرازی گەیەنەر + هاوەڵکارێکی کات

بۆ نمونە:

- که دوێنێ چوم بۆ کتێبخانە ، کتێبەکەم لەسەر مێزەکە لەبیرچو.

- ئازاد، هەرکە دوێنێ هات، نەخۆش بو.

- شنۆ، کە پار پۆلی شەش بو، یەکەم بو.

- کە دوێنێ هەویرەکەمان دەشێلا، باران نەدەباری.

- کابرای دوکاندار، کە ئێستا دوکانەکەی داخست، کلیلەکانی بزربو.

- کە دوێنێ ڕۆیشتم، تۆ خەوتبوی.

لەم ڕستە ئاڵۆزانەدا، ئەوانەی هێڵیان بەژێرداهاتووە، پاڕستەی کاتین، کاتی ڕودانی کاری شاڕستەکەیان دەستنیشانکردووە. لە ڕوی پێکهاتنیشەوە، ئامرازی گەیەنەری (کە، هەرکە) و هاوەڵکاری کاتی (ئەمڕۆ، دوێنێ، پار، دوێنێ، ئێستا) بەشداریان لە پێکهاتنی پاڕستەکەدا کردووە.

**٣-٥-١-٢:** ئامرازی گەیەنەر + ناوی کات

بۆنمونە:

- کە زستان هات، بەفروباران دەبارێت..

- کە هاوین هات، ترێ و هەنجیر پێدەگات.

- کە شەو نەخەوین و ڕێنمایی هاتوچۆ پەیڕەو نەکەین، ڕوداو زۆردەبێت.

- پێش زستان، نەوتمان کڕی، دەمان زانی ئەم ساڵ نەوت وەرناگرین.

- کە نەورۆز هات، دەچین بۆ سەیران.

هێڵ بەژێرداهاتووەکانی ناو ئەم ڕستە ئاڵۆزانە، پاڕستەن و کاتی ڕودانی کاری شاڕستەکەیان ڕونکردووەتەوە، ئەویش بە هاتنی ناوێکی کات لە پاڕستەکەدا، کاتەکەیان وردتر دیاریکردووە، هەروەها ئامرازی گەیەنەری (کە، پێش) لە سەرەتای پاڕستەکەدا هاتون، پاڕستەکەنیان بە شاڕستەکان گەیاندووە.

**٣-٥-٢:** بەبێ هاتنی هیچ هاوەڵکارێکی کاتی یان ناوێکی کاتی، واتە لە پاڕستەدا ناوی کات و هاوەڵکاری کات نە هاتووە، تەنانەت لە شاڕستەکەشدا هیچ هاوەڵکارێکی تێدا نییە، بەڵام لە تافی کارەکەدا دەزانین چ کاتێکە. (ڕەسوڵ ٢٠١٤، ٩٢) واتە بەهۆی مۆرفیمی کاتی ناو کارەکەوە کاتی ڕودانی کارەکە بەدیاردەکەوێت، بەڵام کاتی ڕودانی کارەکە بەشێوەیەکی گشتی دیاریدەکات، کە ڕابردووە یان ڕانەبردووە، هەروەک وەک لە پێشتر ئاماژەمان پێدا، هاوەڵکارە کاتییەکان وردتر کاتی ڕودانی کاری شاڕستەکە ڕوندەکەنەوە، بەڵام پاڕستە دەتوانێت بەبێ فرێزی هاوەڵکاری کاتیش کاتی ڕودانی کاری شاڕستەکە دەربخات، بۆ نمونە:

- تۆ دانیشە، تا من قاپەکان دەشۆم.

- که ئێوە ڕۆیشتن، من دەخەوم.

- کە ڕاپەڕینەکە کرا، کوردستان لەدەستی ڕژێمی بەعس ڕزگاری بو.

- ساوێن، کە منی بینی، هات بۆ ئێرە.

- ئارام، هەتا شەڕەکە تەواوبو، لەوێبو.

- کە کار لەکار ترازا، برا دەبێتە برازا.

لەم ڕستانەی سەرەوە هێڵ بەژێرداهاتووەکان پاڕستەن و هیچ ناوێکی کات یان هاوەڵکارێکی کات لە شاڕستەکەدا نەهاتووە، لەهەمان کاتدا پاڕستەکانیش هیچ ناوێکی کات یان هاوەڵکارێکی کاتیان تێدانییە، کەچی پاڕستەکان دیارخەری کاتی کاری (دانیشە، دەخەوم، ڕزگاری بو، هات، تەواوبو، ترازا)ن لە شاڕستەدا، واتە پاڕستە دەتوانێ بەبێ یارمەتی ناوی کات یان هاوەڵکاری کاتی و فرێزی کاتی، کاتی ڕودانی کاری شاڕستەکە ڕون بکاتەوە و دیاری بخات.

## ٣-٦: دەرکەوتنی پاڕستەی هاوەڵکاری کات

دەرکەوتنی پاڕستەی هاوەڵکاری کاتی لە ڕستەی ئاڵۆزدا، شوێنێکی جێگیر و دیاریکراوی نییە، چونکە کەرەستەیەکی سەرەکی نییە و دەرخەری کاری شاڕستەکەیە، هاتنی لە ڕستەدا بۆ ڕونکردنەوە و زیاتر دەرخستنی کاتی ڕودانی کاری شاڕستەکەیە، بۆیە، "دەشێت پاڕستە بکەوێتە

سەرەتای ڕستەی ئاڵۆز یان ناوەڕاست یان کۆتایی." (عەبدولڕەحمان ٢٠١٥، ٢٧) واتە دەگونجێت پاڕستە بە سێ شێوە لە ڕستەی ئاڵۆزدا دەربکەوێت[16]:

### ٣-٦-١: سەرەتای ڕستە

پاڕستەی کات، دەکەوێتە پێش شاڕستە، کە بەم جۆرە لە ڕستەی ئاڵۆز دەردەکەوێت:

پاڕستە + شاڕستە = ڕستەی ئاڵۆز، بۆنمونە:

- که ڕۆیشتی بۆ کتێبخانە، کتێنەکانم بۆ بێنە.
- کە یارییەکە دەستی پێکرد، براکەم لە ماڵ نەبو.
- کە خەوتی گڵۆپەکان بکوژێنەوە.
- هەتا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت.

لەم ڕستانەدا (کە ڕۆیشتی بۆ کتێبخانە، کە یارییەکە دەستی پێکرد، کە خەوتی، هەتا خاوەن ماڵ دزی گرت) پاڕستەی کاتن و لە سەرەتای ڕستەی ئاڵۆزدا هاتون و کەوتونەتە پێش شاڕستەوە.

### ٣-٦-٢: ناوەڕاستی ڕستە

هەندێک جار پاڕستەی کات، دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕستەی ئاڵۆز، واتە بەشێکی شاڕستەکە لە پێش پاڕستەی کات دێت و بەشەکەی تری شاڕستەکە دەکەوێتە دوایی پاڕستەکەوە، کە بەم جۆرە دەردەکەوێت:

بەشێکی شاڕستە + پاڕستە + بەشی دووەمی شاڕستە، بۆ نمونە:

- هەمو ڕۆژێک باپیرم، کە مەلا بانگ دەدات، دەچێت بۆ مزگەوت.
- لاوێن، تا ئێستا، کتێبەکانی نەکڕیوە.
- ئازاد، کە ئەمڕۆ قاچی شکا، نەیتوانی لە یارییەکە بەردەوام بێت.

---

[16] – بۆ یاساکان سودم لە (شوانی ١٩٩٧: ١١٢-١١٤) وەرگرتووە.

پاڕستەکانی (کە مەلا بانگ دەدات، تا ئێستا، کە ئەمڕۆ قاچی شکا) لە ناوەڕاستی ڕستە ئاڵۆزەکەدا هاتون، بەشێکی شاڕستەکە لەپێش پاڕستەکە هاتووە بەشەکەی تری لەدوای شاڕستەکەوە هاتووە.

### ٣-٦-٣ کۆتایی ڕستە

پاڕستەی کات، کە دەکەوێتە کۆتایی ڕستەی ئاڵۆز لە دوای شاڕستەکەوە دێت، بەم جۆرە دەردەکەوێت:

شاڕستە + پاڕستە = **ڕستەی** ئاڵۆز، بۆ نمونە:

- ئەوان ڕایان کرد، کە پێشمەرگەکان هێرشیان برد.
- من لێرە دەبم، تا تۆ دەخەوی.
- دایکم دەستنوێژی هەڵگرت بو، کە مەلا بانگیدا.

پاڕستەکانی (کە پێشمەرگەکان هێرشیان برد، تا تۆ دەخەوی، کە مەلا بانگیدا) لە کۆتایی ڕستە ئاڵۆزەکەدا هاتون و شاڕستەکە لە سەرەتای ڕستەکەدا هاتووە.

## ٣-٧: دیاریکردنی کەرەستە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی کات لە ناو دەقدا کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکانی کات

لەم تەوەرەیەدا ڕێژەی بەشداریکردنی کەرەستە کاتگەیەنەکان، لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا لە ناودەقدا دەخەینەڕو، بۆ ڕاست و دروستی لێکۆڵینەوەکەمان، دوو کورتە چیرۆکمان کردووەتە بنەما، کە لە کتێبی (هەڵپڕوکانی پەڕەی گوڵێک) لە نوسینی (نەجیبە ئەبوبەکر) وەرگیراوە، کە لە پاشکۆدا کورتە چیرۆکەکانمان داناون. بە پێی داتای لێکۆڵینەوەکەمان ئاستی بەشداری کردنی هەریەک لەو کەرەسانەمان خستۆتەڕو، کە دەتوانین کاتیان پێ دەربڕین.

خشتەی ژمارە (١٥)

ناوی کات لە هەردو کورتەچیرۆکدا

| ژمارەی بەکارهێنان | ناوی کات |
|---|---|
| ٢ | زستان |
| ٤ | بەهار |
| ٢ | هاوین |
| ٢ | پایز |
| ١ | مانگ |
| ١ | سپێدە |
| ١ | زەمان |
| ١ | ڕۆژ |
| ١ | شەو |

خشتەی ژمارە (١٦)

هاوەڵکارەکانی کات لە هەردو کورتە چیرۆکدا

| ژمارەی بەکارهێنان | هاوەڵکاری کات |
|---|---|
| ٣ | هێشتا |
| ١ | دەمێکە |
| ١ | یەکسەر |
| ٥ | ئێستا |
| ١ | جەژنەکانە |
| ١ | ناوەخت |
| ٣ | قەت |
| ٢ | جاران |
| ١ | جەژن جەژن |
| ١ | هەرگیز |
| ١ | شەو و ڕۆژ |
| ٢ | هەمیشە |
| ١ | پاشان |

خشتەی ژمارە (١٧)

دەستەواژەی فەرهەنگی کات لە هەردو کورتە چیرۆکدا

| ژمارەی بەکارهێنان | دەستەواژەی فەرهەنگی کات |
|---|---|
| ١ | دەمەوئێواران |
| ١ | ساڵی تەمەن |
| ١ | ساڵی خوێندن |
| ١ | دوارۆژ |

خشتەی ژمارە (١٨)

مۆرفیمە بەندەکانی کات لە هەردو کورتە چیرۆکدا

| ژمارەی بەکارهێنان | مۆرفیمی کات |
|---|---|
| ٢ | دەداتەوە |
| ١ | لێیدا |
| ١ | ڕادەکێشێ |
| ٢ | دەکرد |
| ٣ | دەنگ دەداتەوە |
| ٩ | دەکەن |
| ٢ | بەرێ |
| ١ | پێی گوتم |
| ١ | دادەمێنێ |
| ١ | دێم |
| ١ | بنەخشێنێ |
| ١ | گێڕا |

| | |
|---|---|
| وەستابوم | ١ |
| بکرێن | ١ |
| کرد | ٤ |
| هەڵگرت | ١ |
| هەستی پێمکرد | ١ |
| پڕکردبووەوە | ١ |
| داخورپا | ١ |
| توانیم | ١ |
| ببەم | ١ |
| دەبینێ | ١ |
| دامنابو | ١ |
| دەدامەوە | ٦ |
| دەجوڵێتەوە | ١ |
| لێدەخوڕێ | ١ |
| کۆتایی هاتووە | ١ |
| چون | ١ |
| دەکرێ | ١ |
| کردبو | ١ |
| گڕ دەدەن | ١ |
| دەسێنێ | ١ |
| کێشاوە | ١ |

| | |
|---|---|
| ١ | دەگەڕێ |
| ١ | دەبینێ |
| ١ | گەیشتیم |
| ٢ | بینی |
| ١ | ئامادەدەکا |
| ١ | گێڕایەوە |
| ١ | نەدەسوتا |
| ١ | نوسرابو |
| ١ | دامەزراندووە |
| ٢ | دەگەم |
| ١ | کۆچتکرد |
| ١ | ڕژاوە |
| ١ | ڕادەوەستێ |
| ١ | گوت |
| ١ | بردەسەر |
| ١ | دەدرکێنێ |
| ٣ | دەکرد |
| ١ | سپاردووە |
| ١ | دەڕۆیشتی |
| ١ | دەبرد |
| ١ | دەدا |
| ١ | دەوێ |

| | |
|---|---|
| دانیشت | ١ |
| ڕۆیشتی | ١ |
| دەدوای | ٢ |
| دەخەوتی | ١ |
| هەڵواسرا | ١ |
| دەگرتی | ١ |
| ڕفاند | ١ |
| دەدوری | ١ |
| دەبەن | ١ |
| دەدا | ١ |
| کرا | ١ |
| ونی کرد | ١ |
| هات | ١ |
| هێنا | ١ |
| گرێدا | ١ |
| دەنێت | ١ |
| بەسەر هاتووە | ١ |
| ڕاپێچی کرد | ٦ |
| وای لێکردم | ١ |
| دەکەم | ١ |
| بەسەر هاتیێ | ٣ |
| هەڵکرد | ١ |

| | |
|---|---|
| گرتووە | ١ |
| دەرکرا | ١ |
| دەزانم | ١ |
| دیاری دەکەن | ١ |
| دەژیم | ١ |
| هەڵدەتەکێنێ | ١ |
| کردبو | ١ |
| ڕایکرد | ١ |
| شین هەڵدەگەڕا | ١ |
| برد | ١ |
| دەگەڕێ | ١ |
| دەسوڕێتەوە | ١ |
| دەهێناین | ١ |
| دەڵێم | ٣ |
| دەبرد | ١ |
| گەڕایەوە | ١ |
| بەسەردەبرد | ١ |
| دەهات | ١ |

خشتەی ژمارە (١٩)

فرێزی کات لە هەردو کورتە چیرۆکدا

| فرێزی کات | ژمارەی بەکارهێنان |
|---|---|
| ئەم بەیانییە | ١ |
| چەند ساڵە | ١ |
| بۆ چرکە ساتێکیش | ١ |
| هەر ئێستا | ١ |
| کاتی لەسەر بەسەربەری | ١ |
| بەهاری ئەم بەهارەش | ١ |
| بەهارەکانی تر | ١ |
| جارەکی تر | ١ |
| زۆربەی کات | ١ |
| بە ڕۆژ | ١ |
| لە گەشت و سەیرانی نەورۆزدا | ١ |
| پشوی قوتابخانە | ١ |
| لە گەرمای نیوەڕۆدا | ١ |
| ئەو شەوانە | ١ |
| لە ڕۆژێکدا | ١ |
| لە دەرەوەی وەرزەکاندا | ١ |
| ڕۆژگاری تەمەن | ١ |
| ئەم ڕۆژ و شەوانە | ١ |
| لە چرکەیەکدا | ١ |
| بۆ تاهەتا | ١ |
| ئەو کات | ١ |
| لە تەمەنێکدا | ١ |
| ئەو ڕۆژانەی جاران | ١ |
| لەو کاتانەدا | ١ |
| جارێکی تر | ١ |
| لە هەمو چرکەیەکدا | ١ |
| لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە | ١ |

| | |
|---|---|
| پێش چەند ساتێک | ١ |
| ئەو ساتانە | ١ |
| لە ساڵی هەرە گرانی | ١ |
| ساتەکانی مەست بون | ١ |
| لە کاتی چرۆکردندا | ١ |
| سێ ساڵ پاش ڕوداوەکە | ١ |
| بە هەفتەیەک | ١ |
| ئەو کاتانەی | ١ |
| لە چرکەیەکدا | ١ |
| لەو ڕۆژە شومەدا | ١ |
| لە گەرمەی ڕوداوەکەدا | ١ |
| جارێکی تر | ١ |
| چەندان ساڵە | ١ |
| پاش پێنج ڕۆژ | ١ |

خشتەی ژمارە (٢٠)

پاڕستەی کات لە هەردو کورتە چیرۆکدا

| پارستەی کات | ژمارەی بەکارهێنان |
|---|---|
| کە ئەو جارەکەی تر لێی دانیشت بو | ١ |
| کە لێی نزیک بومەوە | ١ |
| کە ئێستا لێی دانیشتومە | ١ |
| تاکو نەورۆزانێک خۆت و عارەبانەکەت بۆ سەیران بەرن | ١ |
| کاتێ پوشی هێلانەکە بە ژێر دارەکەدا پەرش و بڵاو دەبێتەوە. | ١ |
| تا ئەبەد دێتە خەونی ویژدانێک | ١ |
| کە چومە ژورەوە | ١ |
| پاش چەند ڕۆژێکی تر عارەبانە بۆ ئەویش دەنێرێ | ١ |

| | |
|---|---|
| تاکو لەبەردەرگا پڕ لە چاڵ و سیاناوەکەی ماڵتان لەسەری دانیشیت | ١ |
| تاکەی بەدەست ئەم ئازارانەوە ڕۆژگاری تەمەنم بەرمەسەر | ١ |
| تا مانگێ پاش ژیانی هاوسەرگیری | ١ |
| کە دێم هەناسەیەکی ئارامی تێدا هەڵبکێشم | ١ |
| کە لە کارەکەمان تەواو بوین | ١ |
| کە ڕۆژی پێشو بۆمان هاتبو | ١ |
| تا سەر لێواری مەرگ | ١ |
| کە هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبم هەنگاوی سەرکەوتن بنێم | ١ |
| کە لە ڕۆژی ڕوداوەکە هات | ١ |

ئاماری ژمارە (٨)

کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکانی کات




لەسەر بنەمای ئەو نمونانەی وەرمانگرتون و لەم داتایە شیکراوەتەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە لەناو کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکانی کات، کە چوار کەرەستەن، مۆرفیمی بەند چالاکترین کەرەستەی مۆرفیمی کاتە، کە ڕێژەی لە 76.92٪ ، دوای ئەو هاوڵکاری کاتە، کە ڕێژە 12.63٪ ناوی کات بە ڕێژەی 8.24٪ و کەمترینیان دەستەواژەی فەرهەنگی کاتە بەڕێژی 2.19٪یە.

ئاماری ژماره (٩)

کەرەستە سینتاکسییەکانی کات




لەسەر بنەمای ئەو داتایە بۆمان دەردەکەوێت، کە لەناو کەرەستە سینتاکسییەکانی کات، کە دوو کەرەستەن، فریز چالاکترە بۆ گەیاندنی چەمکی کات لە ڕستەدا، کە ڕێژەکەی لە ٧٠٪یە، دوای ئەو پارستەی کاتە، کە ڕێژەکەی 29.31٪یە.

ئاماری ژماره (١٠)

کەرەستە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی کات



بۆمان دەردەکەوێت، کە کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکانی کات لە گەیاندنی چەمکی کات بەبەرهەمترن و توانایان زیاترە لە کەرەستە سینتاکسییەکان، کە بەشداریکردنی کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکان بەرێژەی لە ٧5.83٪، بەڵام بەکارهێنانی کەرەستە سینتاکسییەکان بۆ گەیاندنی چەمکی کات بە ڕێژەی لە ٢4.16٪یە.

# ئەنجام

1. کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکانی کات، چەمکی کات پیشاندەدەن، یان لە فەرهەنگدا یان لە بەکارهێنان و سینتاکسدا، ئەوانەی لە فەرهەنگدا چەمکی کات دەنوێنن بە شێوەی وشەی سەربەخۆ یان مۆرفیمی بەند یان دەستەواژەی فەرهەنگی دەردەکەون، بەڵام ئەوانەی لە سینتاکسدا ئەم چەمکە دەخەنەڕو مۆرفیمی بەندی ڕێزمانین و بە شێوەی فریزی هاوەڵکار یان پارستەی هاوەڵکاری دەردەکەون.
2. هەندێکجار چەمکی کات لە ڕێگەی وشەی سەربەخۆ پیشاندەدرێت، کە هەریەک لە کەتیگۆرییەکانی ناو و هاوەڵکار توانای پیشاندانی ئەم چەمکەیان هەیە، هەرچەندە ڕەگەزێکی سەرەکی کەتیگۆری کاریش کاتە، بەڵام لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندەوە پیشاندەدرێت.
3. وشەکانی کات بەپێی داتای لێکۆڵینەوەکەمان و ئەو نمونانەی وەرمانگرتون، بەرزترین ڕێژە ناوی کاتە، بە ڕێژەی لە ٥٩،٥٧٪و دواتر هاوەڵکاری کات بە ڕێژەی لە ٤٠،٤٢٪ یە. لەڕوی پێکهاتنیشەوە وشەکانی کات بەزۆری سادەن بەڕێژەی لە ٤٥،٧٤٪ لە پلەی دووەمدا لێکدراو بە ڕێژەی لە ٣٢،٩٧٪یە، لە پلەی سێیەمدا وشە داڕێژراوەکانن بە ڕێژەی لە ٢١،٢٧٪یە. لە ڕوی بنجی وشەکانیشەوە لە ٨٤،٠٤٪ وشەی ڕەسەنی کوردین و لە ١٥،٩٥٪ وشەی خوازراون.
4. قسەپێکەرانی زمان هەندێک جار لەبەر پێویستی پەنایان بردوەتەبەر دەستەواژەی فەرهەنگی، بۆ دەربڕینی چەمکی کات، کە بەهۆی دوو وشەوە ئەم چەمکەیان پیشانداوە.
5. مۆرفیمە بەندەکانی کات لە هەردو بواری ڕێزمانی و فەرهەنگی دەردەکەون، کە بەزۆری مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کاتن و ڕێژەی لە ٨٥٪ پێکدەهێنن، چەند مۆرفیمێکی بەندی فەرهەنگی کەم هەن، کە چەمکی کات پیشاندەدەن بە ڕێژەی لە ١٥٪ یە.
6. مۆرفیمە بەندەکانی کات بە زۆری وەک پاشگر دەردەکەون و ڕێژەی لە ٨١,٢٥٪ پێکدەهێنن، هەرچی پێشگرەکانە ڕێژەی لە ١٨,٧٥٪ پێکدەهێنن.
7. مۆرفیمە بەندەکانی کات کەرەستەی بەخورتین بۆ پیشاندانی چەمکی کاتی ڕابردو و ئێستا و ڕانەبردو یان پیشاندانی چەمکی دەمکاتەکان.
8. لە ئاستی سینتاکسدا لە ڕێگەی فریزی هاوەڵکاری کاتی و پارستەی کاتی چەمکی کات دەردەبڕدرێت، کە بەپێی داتای لێکۆڵینەوەکەمان، دەرکەوتنی فریزی هاوەڵکاری کاتی لەناو دەقدا ڕێژەکەی زۆرترە و لە 70٪یە، هەروەها دەرکەوتنی پارستەی کاتی ڕێژەی لە ٢٩,٣١٪ یە.

9. بۆ گەیاندنی چەمکی کات زیاتر پەنا دەبردرێتە بەر کەرەستەی مۆرفۆلۆژی، نەوەک کەرەستەی سینتاکسی، بەتایبەتیش مۆرفیمەکانی کات، چونکە هاتنی مۆرفیمی کات لەگەڵ کاردا کەرەستەیەکی بەخورتییە.

## سەرچاوەكان

- القرأن الكريم.

### یەکەم: بە زمانی کوردی


- ئەحمەد، مەحمود فەتحوڵڵا (١٩٨٨)، کارتەواوکردن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.

- ئەحمەد، کەوسەر عزیز (١٩٩٠)، بیردۆزی مۆرفیم هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- ئەحمەد، بێستون حەسەن (٢٠١٢)، کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

- ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، بڵاکراوەی ئاراس، ژمارە(٩٠٠)، چاپی دووەم، هەولێر.

- ئەمین، نوری عەلی (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- امین، بورهان محمد (٢٠٠٤)، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیری هەولێر-سلێمانی.

- ئەبوبەکر، نەجیبە (٢٠٠٩)، هەڵپڕوکانی پەڕەی گوڵێک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- بەرزنجی، شلێر ڕەسوڵ (١٩٨٩)، ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.

- بەرزنجی، شلێر ڕەسوڵ محەمەد (٢٠٠٤)، یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.

- بابان، شێرکۆ ٢٠١٤، بەرەو ڕێزمانی ئاوەڵناو، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری لاوان، چاپخانەی منارە، هەولێر.

- برزو، ئومێد بەرزان (٢٠٢٠)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی جنگل، تاران.

- حاجی مارف، ئەوڕەحمان (٢٠١٤A)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- حاجی مارف، ئەوڕەحمان (٢٠١٤B)، وشەڕۆنان لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- حاجی مارف، ئەوڕەحمان (٢٠١٤C). ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (وشەسازی)، بەشی چوارەم -ژمارە و ئاوەڵکردار، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرە ژمارە (٣١٣)، بەغدا.

- حاجی مارف، ئەوڕەحمان ( ٢٠١٤D)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (وشەسازی) بەشی پێنجەم، (کردار)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵت هەولێر.

- حەسەن، فەرهاد تۆفیق (٢٠١٠). پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێک داردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- حەمەد، یارا قادر (٢٠١٣)، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا، چاپخانەی کەمال،سلێمانی.

- حەمەد، شێروان حسێن (٢٠١٨)، بونیاد و چەمکی کات لە چیرۆکە شعرییەکانی دڵداردا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە.

- حاجی، ڤیان سلێمان (٢٠٠١)، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- حسێن، ئازاد ئەحمەد (٢٠٠١)، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- حسێن، عطا رشید (٢٠١٩)، ڕەگەزی کات لە بنیاتی دەقی شانۆیی (چێژ لە مەرگتان وەردەگرم)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی ٦، ژمارە ٣.

- حسەین، شیلان عومەر (٢٠١١)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- حارس، ئاسۆ ڕەشید (٢٠١٧)، بەلووتکەکردن لە نێوان ڕێزمان و پراگماتیکدا، نابەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین.

- خدر، ڕێزان ڕەحمان (٢٠٠٧)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵلا سەراج)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.

- خۆشناو، شێروان حوسێن (٢٠١١)، تێڕوانینێکی نوێ بۆسینۆنیم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی دیلان.

- خۆشناو، شێروان حوسێن (٢٠١٦)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (٢٠٠٩)، ڕێزمانی کوردی (بەشەکانی ئاخاوتن)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (٢٠١٥)، ڕستەسازی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (٢٠١٦)، بکەر نادیار-لێکۆڵینەوەیەکی بەرانبەرییە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

- خورشید، غازی عەلی (٢٠١٣)، ڕێزمانا فەرمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٥)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، ژمارە (١٩)، هەولێر.

- ڕەئوف، بەهزاد موحسین (٢٠٠٨)، تێنس لە نێوان زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستانداردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵەحەدین، هەولێر.

- ڕەسوڵ، صلاح حوێز (٢٠٠٦)، ڕستەسازی و واتاسازی (بوون)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

- ڕەشید، سابیر (٢٠١٦)، چیرۆکی کوردی (ڕەخنە و لێکۆڵینەوە)، چاپی دووەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

- ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١٤)، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٩٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١٥)، چەندباسێکی وردی زمانەوانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

- ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠٢٣A)، ڕێزمانی بەراورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠٢٣B)، وشەسازی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- ڕەسوڵ، بابارەسوڵ نوری (٢٠١٨)، سنوری نێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارە لە زمانی کوردیدا، مجلة الاستاذ، العدد ٢٢٧.

- ڕەشید، سابیر (٢٠١٦)، چیرۆکی کوردی (ڕەخنە و لێکۆڵینەوە)، چاپی دووەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

- سیوەیلی (٢٠٠٦)، هاوکاتی و هاوشوناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- سەعید، جەلال ئەنوەر (٢٠٠٩A)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارە پەروانە) ی بەختیار عەلی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

- سەعید، یوسف شەریف (٢٠٠٩B)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فلیمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولییر.

- سەعید، محەمەد مەجید (٢٠١٥)، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسیمبوون، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- سەعید، سازان زاهیر (٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- سدیق، فاروق عومەر (٢٠١٦)، لەدایکبوونی وشە، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران-پەنجەرە، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس.

- سدیق، فاروق عومەر (٢٠١٧). زمانناسی کورد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر

- شوانی، ڕەفیق محەمەد محێدین (١٩٩٧)، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردەی (ابن رشد)، بەغدا.

- شوانی، ڕەفیق، (٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- شوانی، ڕەفیق، (٢٠١١)، زمانی کوردی- لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکییە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

- شێخ طیب، شەهاب (٢٠١٤)، دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

- شێخانی، عەبدولوەهاب (٢٠٠٧)، فەرهەنگی کات لە کوردەواریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، هەولێر.

-طیب، مؤید (٢٠١٢)، بەراوردکرنا ڕستا ئاڵۆز د ناڤبەرا زمانێ کوردی، چاپی یەکەم، جاپخانەی خانی، دهۆک.

- عەول، محەمەد عومەر (٢٠٠١)، دابەشبونی کرداری لێکدراو لەڕوی داڕشتن و ئەرکەوە لە کرمانجی خواروودا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- عەول، محەمەد عومەر (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لە کرمانجی خوارو، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- عبدلله، ڕۆژان نوری (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

- عەبدوڵڵا، پەروین (٢٠٠٨)، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، چاپخانەی سەردەم. سلێمانی.

- عەزیز، برهان احمد (٢٠٢٢)، واتا و نواندنی واتایی لە شێوەزاری گەرمیاندا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- عەلی، بەکر عومەر (٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر،

- عەبدولڕەحمان، ڤیان بەکر (٢٠١٥)، پاڕستە لە کوردی ناوەڕاستدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

- عبدالرحیم، عوسمان کەریم (٢٠١٦). ڕۆڵی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان لە سازکردنی وشە و زاراوەی زمانی کوردیدا، مجلة جامعة التنمیة البشریة، المجلد٢، العدد ٤.

- عوسمان، کەژاڵ عەبدولقادر (٢٠١٥)، بنیاتی شوێن لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- فتح الله، محمود (٢٠١٧)، لایەنی جیاوازیی و لێکچوونیی پۆلە ڕەگەزی تاف، ڕوکار و ڕێژە لە کوردی و زمانەکانیتری وەک کات و ماوە لە زمان و فەلسەفەدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم ژمارە (١٢).

- فەتاح و قادر، محەمەد مەعروف و سەباح ڕشید (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

- فەتاح، محمد معروف (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٢٤)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵلا (٢٠٠٨)، ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم هەولێر.

- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵلا (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- فەرهادی و بەرزنجی، ساجیدە عەبدوڵلا و شلێر ڕەسوڵ (٢٠٢٠)، ڕێزمانی بەراورد، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٩٥)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- قادر، صباح ڕەشید (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماجستێر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- قادر، ئەبوبەکر عومەر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان

- قادر، شێرکۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٢). مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- کەرەمی. سەعید (١٣٩٦)، وشەناسی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانستگای کوردستان.

- محمد، حاتم ولیا (٢٠١٩). مۆرفۆلۆجی، چاپی یەکەم.

- مەحویی، محەمەد عبدالفتاح (٢٠١٣)، ئاوەڵکردار، ئاوەڵکرداریی و ناوی کات، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٢).

- مەحویی، محەمەدی (٢٠٢١)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچونی پێکهاتەکان "مۆرفۆلۆژی کوردی"، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی یەکەم. چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

- محەمەد ، شادان حەمەئەمین (٢٠١٦)، پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکۆلی زمان، فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان، سلێمانی.

- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کۆردۆلۆجی، سلێمانی.

- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا.

- موکریانی، کوردستان (١٩٨٦)، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری.

- موکریانی، هێمن (٢٠٠٨)، دیوانی هێمن، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی چوارچرا، سلێمانی.

- مفتی، پەری صالح (٢٠١٢)، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- مستەفا، ڕەزا مستەفا: (٢٠٢١)، پۆلێنکردنی مۆرفیمەبەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمرۆیان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

- محمدأمین، أمیر محمد (٢٠١٦)، وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

- مەجید، ئارام ڕەشید (٢٠١٦)، دروستەی کرداری فەرهەنگی لە فرێزی کرداریدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- محەمەد ئەمین، یوسف نوری (٢٠١٥)، ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بە پێی یاساکانی گوێزانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

- نەبەز، جەمال (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ئەڵمانیا.

- نوری، شوان عوسمان (٢٠٢٠)، بنیاتی ڕوداو لە کورتە چیرۆکی هونەری کوردیدا بە نمونە (کۆی کورتە چیرۆکەکان)ی عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی یەکەم، هەولێر، باشوری کوردستان.

- هەژار، عبدالرحمان شرفکندی (١٣٨١)، هەمبانەبۆرینە، چاپخانەی سروش، چاپی سێیەم، تاران.

- هۆڵفۆرد، لیۆ فرانک (٢٠٢١)، کات پێشەکییەکی کورت، و:عەبدولکەریم عوزێری و زامۆ عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

## دووەم: سەرچاوەی عەرەبی

- الدسوقي، أیة الدسوقي عباس حلمي (٢٠١٨)، ماهیة الزمن بین فلسفة أرسطو وفیزیاء نیوتن، كلیة الآداب، جامعة السكندرية.

- بن حبان، بن حبان بن أحمد (١٩٩٣)، صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان، مؤسسة الرسالة، بيروت.

- بن حنبل، أبو عبدلله أحمد بن محمد (٢٠٠١)، مسند الإمام أحمد بن حنبل،الطبعة الأولى، الناشر مؤسسة الرسالة.

- بن سورة، محمد بن عيسى (١٩٩٨)، الجامع الكبير-سنن ترمذي، دار الغرب الإسلامى، بيروت.

- بوبكر، سلمي (٢٠١٧)، مفهوم الزمكان فى فيزياء البرت أينشتاين، الرسالة الماجستير، كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية، جامعة قاصدي-ورقلة.

- حسن، فخرى (٢٠١٩)، الزمن ذلك البعد الخفي، المجلة التقدم العلمي، العدد(١٠٤).

- خضراوى و بن بتقه، محمد و مهدي (٢٠٢٠)، مفهوم الزمن بين الموضوعية والزاتية من منضور بعض الفلاسفة وبعض الفزيائين، مجلة العلوم الإنسانية لجامعة أم البواقى، المجلد ٧، العدد ٣.

- عزام، أحمد سعيد صالح (٢٠١٧)، وحدات الزمن وأجزاؤه فى القرأن الكريم (دراسة وآنية، مجلة جامعة الأقصا، مجلد الحادى العشرون، العدد الثانى.

- عبد القادر، محمود يوسف (٢٠٠٩)، أسماء الزمن فى القرأن الكريم، الأطروحة الماجستير، كلية الدراسات العاليا، جامعة النجاح الوطنية، فلسطين.

- عيونى، مريم (٢٠١٨)، مهارة إدارة الوقت، الرسالة الماجستير، جامعه قاصدى مرياح و رقله، قسم علوم النفس و علوم التربية.

- عكاشه، هانم محمد فكرى (٢٠٢٢)، مفهوم الزمان بين الفكر الفلسفى اليونانى و الفكر الفلسفى الإسلامى (أفلاطون، أرسطو، الكندى، ابن سينا)، بحث منشور الدكتورا، كلية الأداب، عدد ١٠٠، جامعة الزقازيق.

- عبد الفتاح، سعيدي (٢٠٠٧)، مفهوم الزمان بين برغسون و اينشتاين، الرسالة الماجستير، كلية العلوم الإنسانية والعلوم الاجتماعية، جامعة الأخوة منتورى- قسطينة.

## سێیەم: سەرچاوەی فارسی


- اکمجیان، ادریان، ریچارد ای. دمرز، ان ک.فامر، رابرت ام. هارنیش (١٣٨٢)، زبان شناسی در امدی برزبان و ارتباط، مترجم: علی بهرامی، رهنما، تهران.

- فرشیدورد، خسرو (١٣٨٦)، فرهنگ پشوندهاو پسوندهای فارسی، چاپ اول، انتشارات زوار، تهران.

- کلباسی، ایران (١٣٩١)، ساخت اشتقاقی واژه در زبان فارسی، چاپ پنجم، پژو هشگاه علوم انسانی مطالعات فرهنگی، تهران.


## چوارەم: سەرچاوەی ئیگلیزی


- Altaie, M. B., (20٠5), Time In Islamic Kalama, Yarmouk University, Jordan.

- Bloomfield, L. (1954). Language, New York: Henry Holt and Company.

- Bloom Feld (1993), Language, Henry Holt, New York.

- Fattah, Muhammad Maruf (1997), A Generative Grammar of Kurdish, Unpublishwd Doctoral Dissertation, University of Amsterdam.

- Fromkin,Rodman, Hyams (2011). AN Introduction to Language, 9editional Edition.

- Hernandez, W.A., (2016), St. Augustine on time, International Journal of Humanities and Social Science, 6(6), pp.37-40.

- Javadi, H. (2015), Physics: Being and Time, Islamic Azad University (IAU),Tehran, Iran.

- Katamba,F., Stonham,J.(2006), Morphology. 2nd ed.UK: Macmillan Education.

- Khan, M.H., (1984), What is time and what causes time?, Chicago IL.

- Klein, W. (2009), Concepts of time, The expression of time, pp.5-38.

– Lombardi, M.A. (2011), The evolution of time measurement, part 3: atomic clocks [Recalibration]. IEEE Instrumentation & Measurement Magazine, 14(6), pp.46–49.

– Lombardi, M. A. (2014) Time Measurement, Taylor & Francis Group, LLC

– Sasso, D. (2018), Physical Time and Time Clock, Progetto Indipendente ARS – ILCoP.

– Valin, Van, R.D (2001) An Introduction to Syntax, Cambridge University Press.

## پێنجەم: سەرچاوەی ئەلیکترۆنی

– مێژووی درووستبوون و جۆرەکانی کاتژمێر - شەفەق نیوز (shafaq.com)

## پاشکۆی ژمارە (١)
## کورتە چیرۆکی کەرەستەی شیکردنەوە

### هەڵپڕوکانی پەڕەی گوڵێک

ئەم بەیانییە زەنگی تەلەفۆنی سەر مێزەکەم لێی دا و کارمەندی پێشوازی پێی گوتم خەڵکەکە کۆبوونەتەوە و چاوەڕوانی من دەکەن. هەروەک ئەو هەواڵە سەوڵ بێت و لەناو دەریای پرسیارەکانمدا بەرەو کەناری وەڵامم بەرێ دڵخۆشانە گوتم هەر ئێستا دێم.

ئەو فۆرمانەم لەسەر مێزەکەم هەڵگرت کە بۆ بەخشینی عارەبانەی کەمئەندامی بۆ خەڵکەکەم پڕ کردبووەوە، هەر کەسە و دوو فۆرم یەک بەکوردی و یەک بەئینگلیزی. ئەو فۆرمەی کە مەبەستم بوو لە سەرووی هەموو فۆرمەکانەوە دام نابوو. ئەو فۆرمە لای من، لە بەرچاوما تەنیا فۆرمی کۆمەڵێ زانیاری وەک ناو و تەمەن و ناونیشان و ژمارەی پێوانی جەستەی کەسەکە نییە، بەڵکو فۆرمی چیرۆکی خەونێکی بێ کۆتاییە، ئەندێشەی بەدەر لە سنوورەکانە، نیشانەی پرسیارێکە من و ئەو ئافرەتە ئینگلیزەی کاری وەرگێڕانی بۆ دەکەم وەڵامەکەیمان پێ نادۆزرێتەوە، ڕستەیەکە بەنیشانەی سەرسوڕمان کۆتایی هاتووە منیش تەنیا پێم دەکرێ نیشانەی سەرسوڕمانی تری بۆ دانێم، دەنگێکە لە بێدەنگیدا، زەنگێکە لە بێهۆشیدا، ترووسکەیەکە قووڵترین هەناسەی ژیان لە مردن دەسێنێ، زمانێکە هێشتا لێرە قسەی پێ نەکراوە بۆیە کەس لێی تێناگا، ئەستێرەی ئاسمانێکە لە گەشاوەترین

ئاستیدا خۆی بۆ گەشتێک بەرەو ئەودیوی گەردوون ئامادە دەکا، ڕەنگێکە لە ڕەنگدانەوەی چاوەکانمان نامۆیە لە چاوێکدا ڕەنگ دەداتەوە گەرد بیلبیلەی لێڵ نەکردبێ، دەنگێکە لە گوێی ئێمەدا دەنگ ناداتەوە لە گوێیەکدا دەنگ دەداتەوە کەڕەناکانی گوێی دەریا و ئۆقیانووسەکان بسمێ، دیمەنێکە نیگارکێش لە ئاستیا دۆش دادەمێنێ و ناتوانێ پەی بە پەنهانی دیوی ناوەوەی بەرێت و تەنیا یەک گۆشەی بچووکی بنەخشێنێ.

چاوم بەنێو هەموو خەڵکەکەدا گێڕا ئەوم نەبینی، لەو شوێنە وەستابووم کە ئەو جارەکەی تر لێی دانیشت و چاوەڕوانی منی دەکرد . دڵم داخوڕیا، ئافرەتە بیانییەکە هەستی پێم کرد، ئەویش کەمێ بەنەهاتنی " کاژین " نارەحەت بوو. من لەبەر ئەو نەمتوانی یەکسەر بۆماڵیان بڕۆم و بزانم بۆ نەهاتووە چونکە دەبوو قسەی خەڵکەکەی بۆ وەرگێڕم. بیرکردنەوەشم هەر لای " کاژین " بوو، ئەو کچە هەرزەکارە تەمەن چواردە ساڵە لەناو زەین و قووڵاییی بیرکردنەوەی مندا داستانێکی دروست دەکرد.. یەکەم جار کە بۆ داواکردنی عارەبانەی کەمئەندامی هێنایان نەمدەزانی هەر چوارپەلی ئیفلیجە و تەنیا سەر و ملی دەجووڵێتەوە.کە لێی نزیک بوومەوە تاکو ئەم فۆرمەی بۆ پڕ بکەمەوە هەستم کرد شتێک زۆر سەرەنجم ڕادەکێشێ. من پرسیاری ئاساییم لێ دەکرد کەچی ئەو زیرەکانە و خەیاڵاوی و بە دوو چاوی گەش و زەردەخەنەیەک کە وەک دایکی باسی دەکرد ڕووی جێ ناهێڵێ وەڵامی دەدامەوە. ئەوانە وایان لە من و ئافرەتە بیانییەکە کرد دیارییەکی بۆ بکڕین و من بۆ ماڵیان بیبەم تاکو بزانین نهێنییەکە چییە و ئەو خێزانە لە چ ئاستێکدایە.

ماڵیان لە دەوروبەری شار بوو، کە چوومە ژوورەوە بینیم خانووەکەیان تەنیا یەک ژوور و هەیوانێک بوو بانەکەی دار بوو." کاژین " لە گۆشەی ژوورەکەدا سەرینیان کردبووە تەنیشتەکانی و پشتی بەدیوارەکەوە دابوو.. دایکی گوتی:

– زۆربەی کات بەڕۆژەوە ئەوها پاڵ بەدیوارەوە دەداتەوە و زیندەخەو دەبینێ.

ورده ورده توانیم خۆمی لێ نزیک بکەمەوە و وای لێ بکەم نەختێ باسی زیندەخەونەکانی خۆیم بۆ بکات. کە دایکی و خوشک و براکانی چوونە دەرەوە بۆی باس کردم لە زیندەخەونەکانیدا فڕۆکە لێ دەخوڕێ، بەدووگەلی سپیی فڕۆکەکە ناوی خۆی لە ئاسمان دەنەخشێنێ، گەشتێک بەنێو هەور و هەسارەکاندا دەکات، لەوێ کۆشکێکی جوانی هەیە، بەددان وێنەی ڕەنگاوڕەنگی کێشاوە، لە وێنەکاندا لەسەر عارەبانەی کەمئەندامییە و کۆڵان بە کۆڵان بەناو هەورەکاندا گڕی دەدەن، دەگەڕێ و بانگەوازێک دەکات، لەوێ دەست و لاق و جەستەی بوونە بە دەنگ، عارەبانەی کەمئەندامییەکەشی بووەتە دەرگای قەفەزێک رووحی لێوەی ئازاد بووە..

منیش چیرۆکی "جۆنی" م بۆ گێڕایەوە ئەو کچەی کە هەر چوارپەلی ئیفلیجە بەڵام ڕێکخراوێکی بەناوبانگی بۆ بەخشینی عارەبانەی کەمئەندامی لە جیهاندا دامەزراندووە و پاش چەند ڕۆژێکی تر عارەبانە بۆ ئەویش دەنێرێ.

کە لە کارەکانمان تەواو بووین لەسەر داوای خۆم ئافرەتە بیانییەکە داوای لە یەکێ لە شوفێرەکان کرد من و ئەو عارەبانەیەی کە ڕۆژی پێشوو بۆمان هاتبوو بۆ" کاژین " بەرێ . هەر چەند چرکەیەکی ترە و دەگەمە ماڵیان، ئەو ئاواتەی دەمێکە زیندەخەوی پێوە دەبینێ بۆ دێتە دی. خۆت جارەکەی تر پێمت گوت عارەبانەی کەمئەندامیت دەوێ تاکو لەبەردەرگا پڕ لە چاڵ و سیاناوەکەی ماڵتاندا لەسەری دانیشیت و سەیری دەرەوە بکەیت، سەیری براکانت بکەیت چۆن لەگەڵ کوڕانی گەڕەکدا تۆپێن و کەلایێن دەکەن، سەیری خوشکەکانت بکەیت چۆن لەگەڵ کچانی گەڕەکدا خانە خانە و ڕاوڕاوکێ دەکەن، سەیری جووڵانی دەست و پێیان دەکەیت، سەیری ئەو کچانە دەکەیت کە بە زرووقەی پێکەنین و گاڵتەوە لەبەردەرگا ڕاوەستاون باسی نهێنییەکانی خۆیان بۆ یەکتر دەکەن.. ئەوان نازانن و نابینن تۆ بە سیحری ئیلاهی غەیب دەبی و لە ناو یاریی کوڕەکاندا دەبی بە کەلای ئەڵماس و تۆپێکی نەسرەوت وەک تۆپی هەسارەی زەوی، لە ناو یاریی کچەکاندا دەبی بەگۆڕەپانێکی سەوز

و ياريكەر، لە نێوان كچانی بەردەرگا ڕادەوەستی و تەنیا ناونیشانی نهێنییەكانی خۆت دەدركێنی ناونیشانی دەریایەک خۆت تێیدا پەری دەریایت و، لەگەڵ مەرجان و ماسی و مارماسییەكاندا بەچەشنێک هۆگری یەک بوونە كە جیابوونەوە نەتوانێ درزێک بە پێوەندییەكانتان بەرێ.. پەرییەک خۆر و ئاسمان و دەریا سووزدەی بۆ دەبەن.

پێمت گوت چەند ساڵە دەتەوێ عارەبانەی كەمئەندامیت هەبێ تاكو نەورۆزانێک خۆت و عارەبانەكەت بۆ سەیران بەرن و لەناو دەشت و سەوزایی بەهاردا پیاسەیەكت پێ بكەن.

گەیشتمە بەردەرگای ماڵیان، لافیتەیەكی ڕەشم بینی ناوی ئەوی لەسەر نووسرا بوو، پێش چاوی منیش وەک لافیتەكە ڕەش بوو.. لە یەكێ لە براكانییەوە زانیم ئاوی گەرم لە دەست خوشكەكەی ڕژاوەتە سەر زگ و گورچیلەكانی و لە نەخۆشخانە گیانی سپاردووە. دایكی لە ماڵ نەبوو سەرەخۆشیی لێ بكەم، هاتمە ئەم قوژبنەی كە ئێستا لێی دانیشتوومە، ئەو شوێنەی هەموو ژیانی خۆی تێدا بەسەر دەبرد.

كۆچت كرد و ڕۆیشتی.. بەڵام زەردەخەنەكەت وا لەبەرچاوما لە ئاسمان دەدرەوشێتەوە، ئەو زەردەخەنەیەی لە دەروازەی شاردا هەڵواسرا، لەسەر زەوی مەنفی كرا، تۆ لە شارێكدا زەردەخەنەت كردبووە دروشم و پەیام زەردەخەنەی هەرزەكارێكی كەمئەندامی هەر نەناسیوە و بۆ چركە ساتێكیش نەیبینیوە.. شاری دەست زبرەكان، ئەو دەستانەی دركیان لێ ڕواوە و لە هەڵپرووكاندنی پەڕەی گوڵدا زۆر بوێرن، لە ژاكاندنی پەرچەمی دارستانێكی پڕلە نهێنی و قەشەنگدا دوودڵ نین، لە تێكدانی هێلانەی باڵندەیەكی شەكەتدا سڵ ناكەنەوە، تامێكی هەیە كاتێ پووشی هێلانەكە بەژێر دارەكەدا پەرش و بڵاو دەبێتەوە و دەبێتە ئازووقەی ڕەشەبا باڵندەی بێلان و تەریو ناچار دەبێ بەشوێن پووشی بابردوو بكەوێ.

كۆچت كرد و ڕۆیشتی.. لە شوێنێک نەمای تێیدا نامۆ بووی.. بەعارەبانەی

کەمئەندامییەکەشدا نەگەیشتی، گەر هەتبایە نەدەسووتای، پێڕانەگەیشتی لە دەرەوەی مـــاڵ کـاتی لەســەر بەســەر بەری، وەک ئەســپـێک لە ناو ژیانە ڕاوەستاوەکەتدا تاوی دەی، لە گەشت و سەیرانی نەورۆزدا بەشدار نەبووی، ئەم بەهارەشت وەک بەهارەکانی تر بەهەناسەساردی بردە سەر.. بەهاری چی؟ ژوورەکەت بەهار و زستان و هاوین و پایز بوو، لە دەرەوەی وەرزەکاندا گوزەرت دەکرد.. بەهار لای تۆ نوێبوونەوەی سروشت و گەشتی ئینسان نەبوو بەرەو سروشت بەڵکو گەشتی ناو بازنەی ژوورێکی تەسک بوو.. هاوین لای تۆ پشووی قوتابخانە و یاریکردنی دەمەو ئێواران و خەوتنی سەربان نەبوو بەڵکو ڕزینی گۆشتی پشت و ڕانت و دوومەڵ دەرکردن و داتووڵانی جەستەت بوو لەسەر جێگا، لە گەرمای نیوەڕۆدا ئارەقە تێکەڵ بە کێم و زووخاوی زامەکانت دەبوو، بەچەشنێک لەگەڵ ئازاردا دەژیای ژان لای تۆ بووبوو بە ژیان، هەروەک ئەوەی ژانی زامەکان سڕیان کردبی و مەست بووبی بەزەردەخەنەکەت لە شەقەی باڵت دەدا و دەڕۆیشتی لە باوەشی ئاسمان دەخەوتی، فریشتەکان گوێیان بۆ دەگرتی و لەگەڵیاندا دەدوای.. پایز دەست پێکردنەوەی ساڵی خوێندن و هەڵوەرینی گەڵای دار و خۆئامادەکردن نەبوو بۆ دەست پێکردنەوەیەکی نوێ، بەڵکو هەڵوەرینی ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵی تەمەنت بوو لە ناو قووڵترین بیری تاریکی.. زستان لای تۆ بەڕێدا ڕۆیشتنی ژێرباران و شەڕە بەفر و پێ و گۆرەوی تەڕبوونی ناو کۆڵانەکان نەبوو، بەڵکو سڕبوونی دەست و پەنجە ساردەکانت و شین هەڵگەڕانی سەرتاپای جەستەت بوو لە سەرما، تەنیا سەرما پەی بە زەردەخەنەکەت نەدەبرد چونکە ئەزەلییە و تا ئەبەد دێتە خەونی ویژدانێک هێشتا مەلۆتکەیە و نەمەییوە.

دەبێ تا کەی بەدەست ئەم ئازارانەوە ڕۆژگاری تەمەنم بەرمە سەر، دەڵێی بوومەتە دیلی هەتاهەتایی ئەم ڕۆژ و شەوانە و هەر دەبێ تا سەر لێواری مەرگ پێکەوە بین. ئەو ڕۆژانەی جاران خەونی ڕەنگاوڕەنگم بەبالاّیاندا دەدووری، ئەو شەوانەی دام نابوو حەکایەتی هەزار و یەک شەوەیان بۆ بڵێم، لەگەڵ یەکەم قووقەی کەڵەشێر و دەرکەوتنی سپێدەدا شەو لە ئاستماندا چۆک دادا. ئێستاش من بوومەتە دیلیان.

ئەی ئەو قوتابخانە و خوێندنەی کە بەڕاستی مەبەستم بوو؟ من تەنیا لەو خوێندنەدا هەستم دەکرد دەگەم بەشتێک. ئەی خەونی دامەزراندنی ئەو ماڵە خنجیلانەیەی کە وەک هێلانەی پەڕەسێلکە لەلام دڵگیر بوو، بەباڵی ئەندێشەکانم هەموو جیهانم تەی دەکرد و تەنیا لە گۆشەیەکی ئەو ماڵە بێ ناونیشانەدا هەستم بە ئارامی و حەسانەوە دەکرد. ئەی ئەو شتانەی کە لە دوورەوە بچووک و لە ئەسڵدا گەورە لە ئاسۆوە بۆم دەدرەوشانەوە.. هەموو ئەوانە لە ڕۆژێکدا، بگرە لە چرکەیەکدا، سووک و ئاسان کۆتاییان پێ هات. ئەو ڕووداوە خەونەکانمی لە گوڵدانی ژیاندا ڕفاند و، لە ژێر ڕەهێڵەی ناو تاریکستاندا ونی کرد. ساڵانی تەمەنی لە ناو پریاسکەیەکی ڕەشدا گرێ دا و بەرەو سەفەرێکی نادیار ڕاپێچی کرد، لە وڵاتی قەزاو قەدەردا چارەنووسمی

دایە دەست نەهاتەوە. ملی بەهەورازێکی ئەوەندە سەختەوە نام کە هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبم بتـوانم هەنگاوی سـەرکـەوتن بنێم. وای لێ کـردم سـەرنجی بەزەیی خەڵک ببێتە قۆچی گا و هێرشم بۆ بێنێ، ڕقم لە سەردانی ماڵە خزم و کەس بێ، حەز نەکەم نەبیانبـینم نەبمبینن. ناخـۆشـترین کاتم لەگەڵیاندا جەژنەکانە، نازانم بۆچی لەو کاتانەدا زیاتر هەست بە ماڵوێرانی و دابڕانی خۆم دەکەم.

من ئێستا ئەو کچە جوان و زیرەکەی جاران نیم کە جێی سەرنجی ئەنجام " و مامۆستای کوردی و بیرکاری بووم. ئەم" ڕازاو "ەی ئێستا قەت جارێکی تر وەک جـارانـی لێ نایەتەوە، چی تر بۆم نیـیـە لە ناو گـۆشـەیەکی پەنـهـانی ڕووحمدا نیگای کەسێک تیشکێکی وا لە سەرنجەکانمدا بخولقێنێ هەموو دنیا لە ژێر ڕووناکییەکەیدا بدرەوشێتەوە، ئیتر لە شاری دڵمدا حەز لە سەنگەردا ناوەستێ و، خەباتێک ناکات هەموو کەس وابزانێ تیایدا دۆڕاوە. ئەو ڕووداوە کـتوپڕە ئاڵای سپی بەحەزی ناو سـەنگەر هەڵکرد و، مەدالیای سـەرکـەوتنیشی لە بەرۆکی چاودێرەکـان دا. بڕیارێک لەلایەن " ئەنجام "ەوە دەرکرا و بۆ تاهەتا من تیایدا سڕامەوە.

قەت باوەڕ ناکەم ناخم لەگەڵ ئەم ژانە پڕ سوێیەدا ڕابێ، ژانێک لە هەموو چرکەیەکدا وەک ئەوەی گـوللەی ئاگردار بەزامەکەیدا ئاودیو بێ سـەرلەنوێ قەتماغەکەی هەڵدەتەکێنێ، کە ئاودیویش دەبێ لە ژێر ڕووناکییەکەیدا ژیان دەبینم و تەماشـای دەکەم، ژیلەمـۆی سـەر زامـەکـان داخی ئەو خـۆزگـەیە بەدڵمەوە دەنێن کە لەو ژیانە هاوبەش بوومایە نەک بینەر.

– ڕازاو، کچم دەبێ شوکر بی، هەن زۆر لە تۆ ناخۆشتریان بەسەرهاتووە.

نازانم دایکم مەبەستی کێیە لە من ناخۆشتری بەسەر هاتبێ؟! لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا وەک من ئومێدبڕاو بووبێ، لە تەمەنێکدا واقیع تێکەڵ بەخەیاڵ بووبوو.. لەوە ناخۆشتر چی هەیە شوورەیەکی ئاسنینی هەمیشەیی لە نێوان ئەندێشەکانم و ژیانە سەختەکەمدا بنیات بنرێ.

من دەزانم لێرە کچ دوو شتی گەورە دوارۆژی دیاری دەکەن، ئەو دوو شتەش شووکردن و خوێندن تەواوکردنە. من هەردووکم لە دەست چووە. جوانی سەرمایەیەکی گەورەی کچە من ئەویشیان بەتاڵان برد. سۆز و هەستمیان لە ناو شەرم و خۆ بەکەمزانینیدا تواندەوە، هەستی خۆشەویستی لەلام بەچەشنێک لەگەڵ ڕقدا تێکەڵ بووە ئەستەمە لێک جودا بکرێنەوە. شتێک نادۆزمەوە وەک جاران بۆ چەند ساتێک مەستم بکات، ساتەکانی مەستبوون لە ماڵ و خاوەندەکەیان تۆراون. ئەو ساتانە دنیا لەبەرچاوما لە ڕەنگ و بەرگی ئاسایی خۆی دەردەچوو، منیش لەگەڵیدا دەگەڕامەوە سەر شتە هەرە جوانەکانی ناخم، ئەو ساتانە شەرم دەبووە شانازی و ڕێزێک بۆ سەرتاپای جەستەم، خۆ بەکەم زانین پەی نەدەبرد بەدەست و پەنجە، لاقەکانم، سەرنجەکانم، بیری ماندوو و شپرزەم، هەوڵی بێ وچانم بۆ خۆجوانکردن و گۆڕینی سیمام نەدەدا.

ئێستا سینگێک کە دڵێکی پڕ لە سۆزی لەخۆ گرتبێ لە کوێ بێنم ئەم ڕوومەتە زەرد هەڵگەڕاوە ناوەختەی خۆمی بەسەرەوە بنووسێنم، دەست و پەنجەیەک لە کوێ بێنم وەک شنەبای پاش گەردەلوول پەرچەمی تێک ئاڵۆسکاوم نەرم نەرم بۆ وەلانێ، ئەشکە تینووەکانم بۆ بسڕێ، بەئەفسوونی چرپەکانی گریانە قووڵەکەم ژێر کاتەوە، بەلایلایەیەکی خوایی بمخەوێنێ.. خۆ من لە هەموو تەمەنما تەنیا جارێکم لە بیرە زۆر نەخۆش بووم باوکم دەستی بەسەرما هێنا و نێوچەوانی ماچ کردم، ئەوەندە بەلامەوە سەیر بوو شەرم دای گرتم.. دایکیشم تەنیا جەژن و جەژن یەک یەک من و خوشک و براکانمی ماچێکی ساردوسڕ دەکرد. بۆیە هەمیشە لە ناوەوەی مندا بۆشاییەک هەیە و ئەو بۆشاییەش پاش ڕووداوەکە مەوداکەی دەیان جار گەورەتر بووە. وەک نێرگزێکی سیس تینووی دڵۆپێ بارانم، وەک ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرە حەز بەتریفەی مانگ دەکەم، وەک درەختێک لە کاتی چرۆکردندا پێویستم بەگەزەنگی خۆری تازەیە، وەک پەپوولە هەڵوەدای هەڵاوی هەناسەی گوڵێکم.. من خەڵکی شاری دڵڕەقەکانم، نازانم سۆز لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و، لە

چیدا بەرجەستە دەبێ. لێرە سۆز لە ناو ڕووحێکی شاراوەدایە، لە مەکانێکدا دەگەڕێ، لە دڵێکی بچکۆلە دەگەڕێ تیایدا بڕوێ. لە گەڕەکی پڕ لە ژن و منداڵی بەر دەرگادا گەورە بوومە و زۆر بەکەمی سۆز ڕێی کەوتۆتێ، لە ناو خێزانێکی دە نەفەریدا دەژیم کە تێیدا هاوار و ڕق و تووڕەیی و زۆرەملێ شوێنێکیان بۆ سۆز نەهێشتووەتەوە.

خوایە من چیم کردبوو تۆ لەو ڕۆژە شوومەدا منت نەپاراست، بەقودرەتی بێ سنوورت فریشتەیەکی خۆت نەنارد ئاگری ڕق ڕاگرێ، باڵی ئارامی بەسەر دڵی تۆقیوی من دادا، بەدەستی پڕ لە تینی دەستی لەرزیوم بگرێ، بەتیشکی ڕووناکی سیمای لە نووردا غەرقبووی جەستەی بێ تاوانم بپارێزێ. ئەو فریشتەیە نەهات، ئای خوایە گیان نازانم بۆ نەهات، نەهات و من وام دەزانی نزیکە و نایەوێ خۆیم لێ بەدەرخا، بۆیە لە گەرمەی ڕووداوەکەدا لێی دەگەڕام، هانام بۆ دەبرد، لە ناو ڕووحێکی بەستەزمانەوە هاوارێکی وام بۆ دەکرد کە دنیا بێدار بکاتەوە، هاوارێ وەک پریشکی ئاگری بورکانێک لە زارمەوە دەرپەڕێ و خۆشم لەگەڵیدا بۆ جێگایەکی دوور لە ماڵی خۆمان و کەسەکانم توور هەڵدا.. حەزم لە دوورکەوتنەوە بوو، دەمویست هێزێک، ترووسکەیەک، یان بوومەلەرزەیەکی خوایی نەک هەر زەمین، ئاسمانیش شەق بکات و منیش لە ناو دوو توێی ئەو ئاسمانەوە بارانی ڕق بەسەر هەموویاندا ببارێنم، بارانێک حەسرەت و زووخاوی من بێ، لە ساڵی هەرە گرانی و قات و قڕیدا بەسەر کێڵگە و باخچەکاندا بباری، لە جیاتی چرۆکردن لە ڕەگەوە وشکیان بکات، چاوی کانییەکان پڕ لە خوێن بێ و جارێکی تر لە کانگاوە هەڵنەقوڵێن..

پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا هێشتا دەڵێم ئەو ڕووداوە کارێکی هەر وا ئاسان نەبوو، شتێک نییە بتوانم لە بیری بکەم.. "ئەنجام" هەر پاش ڕووداوەکە بە هەفتەیەک دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی ماڵەوەیان و بڕیاری لەبیرکردنی منی دا، ئەو کات بۆم دەرکەوت ئەو تەنیا جەستەمی خۆش ویستبوو، لە نێوان ڕاستی و ڕووکەشدا تەنیا ڕووکەشی هەڵبژاردبوو، کرۆکی پێوەندی ئەو لەگەڵ مندا لەسەر تەنکە توێژێک وەستابوو، بەکەلبوونی توێژەکە

سەرتاپای پێوەندییەکەش لەباریەک هەڵوەشایەوە. سەرنجەکانی نەیانتوانیبوو بستێک لە جەستەم دوورتر تێپەڕن، هەرگیز وێنەی ڕاستەقینەی منی نەبینیبوو، وێنەیەک بەدەر لە پێوەندی زەمان و شوێن، وێنەیەک ڕەنگەکانی لە ڕەنگی تابلۆیەکی گەردوونی دەچوو، وێنەیەک گەر مەبەستی بووایە دەیتوانی لێی ڕابمێنێ، بیری لێ بکاتەوە.. زانیم گەر بۆ یەکیش بووبنایە تا مانگێ یاش ژیانی هاوسەریەتی منی شێتانە خۆش دەویست، پاشان چاوی بەسەر سینگ و لەش و لاری کچانی تردا دەگێڕا، ئیتر لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕایەوە، نەیدەزانی شتێکی مەزن و گەورە لە دەرەوەی بازنەکەدا هەیە، گەر بتوانێ بیبینێ لە چوارچێوەی بازنەکە دەردەچێ، کەسی ئەودیو پەردەی لێ دەردەکەوێ.

زۆر جار لە خەونمدا دەمرم، لەگەڵ مردووەکاندا هەناسەی ئاسوودەیی و دڵنیایی هەڵدەکێشم، لەگەڵ ئەواندا بەرنامەی خەون و ئاواتی چەندان ساڵەی رابردوومان سەرلەنوێ دادەڕێژینەوە.. گفتوگۆ لەگەڵ ئەواندا دەست پێکردنەوەیەکی نوێیە بۆ ژیان، ژیانێک جیا لەم ژیانەی ئێستام، ژیانێک ئاوازێکی ئاشنا بەڕووحم مێژووەکەیەتی، حەقیقەتێکی بەدەر لە هەموو پێچ و پەنا و پەردەیەک ناونیشانەکەیەتی، ئازادییەکی ڕەها خۆرەکەیەتی.. ئازادییەک وەها لەگەڵ تیشکی ڕووناکییەکەیدا تێکەڵ دەبم کە ئیتر لێک جوداکرنەوەمان مەحاڵ بێت. گورزەیەک لە تیشکی ڕووناکییەکە دەگرم و جۆلانێ دەکەم، سەرەتاتکێ لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەم کە بەحیسابی خۆیان زیندوون. هەموومان دەستە بەدەستە لەگەڵ تیشکەکاندا تێکەڵ بووینە، پێکەوە هەموو بووینە بەخۆر.

ئەو خەونانە خۆشترین شتن لە ژیانی مندا. ژیانێک هەمیشە کە دێم هەناسەیەکی ئارامی تێدا هەڵبکێشم لە ناکاو دەنگێکی ئێجگار ترسناک دەمهەژێنێ. نازانم دەنگی دێوە، هەورەتریشقەیە، گوللەیە.. ئەوەندە دەزانم لە ناوجەرگەی تاریکییەوە دێ.. هەر لەو دەنگە دەچێ کە لە ڕۆژی ڕووداوەکەدا هات و وەک گەردەلوول منی بۆ لای خۆی ڕاپێچ کرد.

که لەگەڵ دایکمدا چووینە ناوبژی هەردوو براکەم قەت لەو بڕوایەدا نەبووم "هەردی " دەست داتە چەک، کە "هەرێز " ڕاوی نایە ژووریٚ وامان زانی دەرگە لەسەر خۆی دادەخا، کەچی بە خێراییەکی لە ئەندازەبەدەر پەلاماری کلاشینکۆفی دا، فیشەکەکانی ڕاستەوخۆ ئاراستەی "هەرێز " و ئێمەش کە لە نزیکی وەستابووین تەقاند.. گوللەکان لە بری ئەو منیان پێکا. خوێن بەباڵامدا جۆگای بەست و کەوتم.. ئەویش بەخۆی و چەکەکەیەوە دەرپەڕییە دەرەوە و ڕای کرد. پاش پێنج ڕۆژ مانەوەم لە نەخۆشخانە پێی ڕاستەم وردە وردە شین هەڵدەگەڕا.. دوکتۆر بڕیاری بڕینەوەی قاچی ڕاستی دام لەسەر چۆکمەوە. قاچی چەپیشم دوو نەشتەرگەری بۆ کرا و خوار بوو.. براکەم سێ ڕۆژ لە بەندیخانە بوو، باوکم بەبێ ئاگەداری من بەری دا، وەک جاران گەڕایەوە ماڵەوە.. بەمن بێ کوێر بم بەس نەیبینم.. دایک و باوکم شوکری خوا دەکەن بەدەستی کوڕی خۆیان وام لێ هاتووە، گەر بەدەستی خەڵک بوایە تووشی دوژمنداری دەبوون ! وەک بەرزەکی بانان دەسووڕێتەوە، دیارە بە حیسابی ئەوان کارێکی وای نەکردووە جێی لێپرسینەوە بێ.

– خۆزگە کچم تۆ زەعیفەی لە جیاتی تۆ من بوومایە، چی بکەم، چانییە برای خۆتە و خەڵک نییە.

ڕۆژانی، سەختی نەخۆشخانەم بە تاویٚ بێهۆشی و تاویٚ خەوی پاش چەندین دەرزی و حەبی ئازار و خەو، تاوێکیش وڕێنە بەسەر دەبرد. دایکم شەو و ڕۆژ لە دیارم بوو دەیگوت لە زۆربەی وڕێنەکانمدا باسی کەشتی و دەریا و ماسیی قرش و دارستانم دەکرد.. ئەو نەیدەزانی من ئەو کاتانە وێنەی کەشتییەک دەهاتە بەرچاوم شەپۆلەکان وردە وردە نوقمی ژێر دەریایان دەکرد. منیش لەگەڵ سەرنشینەکاندا بووم. هەرکە نوقمی ژێر دەریا بووین کۆمەڵێ ماسیی قرش هێرشیان بۆ دەهێنایین.. پەلاماری نەفەرەکانیان دەدا و دەیانکردن بە کەلاک.. خوێن و دەریا بەسەر جەستەی ئینسانەکانەوە تێکەڵ بووبوون. یەکێک لەو قرشانە پەلاماری پێی منی دا و لە بنەوە لێی کردەوە، منیش باوەڕم نەدەکرد ئەوها لە چرکەیەکدا قاچم نەمێنێ، بێ ئاگا لە خۆم

دەمـویـست بەهەڵەداوان بۆ لای ڕیش سـپـیی دەریـا بڕۆم و داوا بکەم چاوێک بەدادپەروەری ناو دەریادا بخشـێننەوە، جۆری گوزەرانی نێوان ماسـیی گەورە و ماسیی بچووک و دڕندەییی قرشەکان بگۆڕن.

# پاشکۆی ژمارە (٢)

## فەرهەنگۆکی وشەکانی کات لە زمانی کوردیدا

| ئێستا | دانی ئێوارێ | شەو |
|---|---|---|
| ئێوارە | داهاتو | شەو و ڕۆژ |
| ئەلحان | دائیم | شەوگار |
| ئەمڕۆ | درەنگ | شەوێ |
| ئەمشەو | دوایی | عەسر |
| ئەوساتی | دوسبەی | فەسڵ |
| ئەییام | دوێنێ | فەورەن |
| بەرەبەیان | دێر | قوربان |
| بەسرپێرێ | دەم | قیامەت |
| بەفرانبار | دەموجێ | قەدەرەک |
| بەهار | ڕابردو | گوڵان |
| بەهاران | ڕۆژ | گەڵاڕێزان |
| بەهارێ | ڕۆژگار | گەلاوێژ |
| بەیانی | ڕێبەندان | مانگ |
| بەین بەین | ڕەزبەر | میلاد |
| پار | ڕەشەمێ | مەغریب |
| پارشێو | ڕەمەزان | نیوەڕۆ |
| پاشتێلانە | زستان | نیوەشەو |
| پایز | زستانان | نەورۆز |
| پایزان | زو | هاوین |
| پوشپەڕ | زەردەپەڕ | هاوینان |
| پێرار | زەمەن | هەردەم |
| پێرێ | ساڵ | هەفتە |
| پێرێ شەو | ساڵەوەخت | هەمیشە |
| پێشنیوەڕۆ | سبەی | هەنوکە |
| جاران | سەحەر | هەینی |
| جارجار | سەدە | وادە |
| جومعە | سەردەم | وەخت |
| جۆزەردان | سەرلەبەیانی | وەرز |
| چێشتەنگاو | سەرماوەز | یەک شەممە |
| چەرخ | شەبەق | |
| خەرمانان | شەممە | |

ملخص

هذه الدراسة تحاول اظهار وتقديم طرق التعبير عن مفهوم الزمن في اللغة الكردية. الزمن جزء لا يتجزأ من حياة الإنسان، فهو مهم للغاية ويرتبط بجميع جوانب الحياة، لأن كل شيء يحدث داخل الزمن. ولذلك فهو ذو صلة بجميع العلوم. الزمن موجود في الطبيعة وفي اللغة، لكنهما مختلفان. الزمن في الطبيعة هو الزمن الذي تقع فيه الأحداث. وفي اللغة يتم التعبير عن مفهوم الزمن بطرق مختلفة، وفي اللغة نعبر عنه بأدوات اللغة.

وفي اللغة يعبر عن مفهوم الزمن بطرق مختلفة، لأن التعبير عنه ضرورة لدى متكلمي اللغة. عندما يتم فصل الوحدات المورفولوجية، تؤدي كل منها وظيفة نقل مفهوم أو معنى. تتبع هذه الدراسة الوحدات الصرفية التي تمثل مفهوم الزمن، فمنها ما هو عبارة عن كلمات، ومنها ما هو مورفيم مقيد. الكلمات تنتمي إلى فئات مختلفة بما في ذلك الأسماء والظروف. المورفيمات المقيدة هي أيضًا إما مورفيمات نحوية أو مورفيمات معجمية مقيدة. تتناول هذه الدراسة بناء كل فئة من هذه الفئات المختلفة من الكلمات والصرفيات، مما يوضح هذا المفهوم المحدد ومدى بناء كل منها باللغة الكردية على أساس القواميس الكردية والكلام الكردي.

وعلى المستوى النحوي تتم مناقشة الوحدات النحوية، ومن ثم يتم عرض الوحدات النحوية التي تنقل مفهوم الزمن، وهي عدة طرق يمكننا من خلالها التعبير عن الزمن في النحو. كما أنها تشتمل على الوحدات النحوية التي تنقل مفهوم الزمن، سواء كانت أدوات إلزامية أو اختيارية. بالإضافة إلى ذلك يتم أيضًا تحديد أنواعها وبنيتها وطرق تعبيرها في الجمل. وفي الختام تم كتابة كل موضوع حسب نسبة المشاركة وظهوره على المستوى الصرفي والنحوي إحصائيا وفق نظام (SPSS) .



الكلمات المفتاحية: الزمن، الصرف، النحو، الأدوات الصرفية، المرفيم المقيد، الأزمنة، ظرف الزمان، العبارة والجملة التابعة/المعتمدة.

جمهورية العراق الفيدرالي
حكومة اقليم كردستان
رئاسة مجلس الوزراء وزارة تعليم العالي والبحث العلمي
جامعة كويه – فاكلتي التربية
قسم الكردي

# طرق التعبير عن مفهوم الزمن باللغة الكردية

**رسالة مقديمة الى فاكلتي التربية في جامعة كۆيه كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية**

من قبل
سومەیە عەلی مەحمود
بكالوريوس في (اللغة الكوردية) في جامعة رابرين في سنة (2012)
باشراف
د. شێروان حسێن حەمەد

2723 كوردى　　　2023 ميلادى

# Abstract

This study explores and presents ways of expressing the concept of time in the Kurdish language. Time is an integral part of human life. It is very important and interrelated to all aspects of life, because everything happens within time. Therefore, it is relevant to all sciences. Time exists in nature and in language, but they are different. Time in nature is the time in which events occur. In language, the concept of time is expressed in different ways, and in language we express it with language tools.

In language, the concept of time is expressed in different ways because its expression is a necessity of the speakers of the language. When morphological units are separated, each serves the function of conveying a concept or meaning. This study explores the morphological units that represent the concept of time, some of which are words, some of which are bound morphemes. Words belong to different categories including nouns and adverbs. Bound morphemes are also either grammatical bound morphemes or lexical bound morphemes. This study examines the productivity of each of these different classes of words and morphemes, which shows this specific concept and the extent of productivity of each in Kurdish based on Kurdish dictionaries and Kurdish speech.

At the syntactic level, syntactic units are discussed, and then the syntactic units that convey the concept of time are presented, which are several ways in which we can express time in syntax. They also include the syntactic units that convey the concept of time, whether they are obligatory or optional tools. Additionally their kinds, structures and ways of appearing in sentences are also identified.

In conclusion, for each topic according to the rate of participation and their appearance at the level of morphology and syntax has been statistically written according to the system (SPSS).



Keywords: time, morphology, syntax, morphological tools, bound morphemes, tenses, adverbs of time, phrase and dependent clause.

Kurdistan Regional Government
Presidency of Ministers Council
Ministry of Higher Education and- Scientific Research
KOYA University- Faculty of Education
Kurdish Department

# Methods of Expressing the Concept of Time in Kurdish Language

A Thesis submitted to the council of Faculty of Education – KOYA University as partial fulfillment for the degree of Master of Education in Kurdish.

By
**Sumaya Ali Mahmood**

B.A-in Kyrdish language Faculty of Educationin Raparin University 2012

Supervised by

Dr. Sherwan Hussin Hamad

2023